# لەئارێزەوە تا ساز و زوڵفا

## چوار دیداری شاعیرانی خۆرهەڵات

(رێبوار ـ ئەحمەد بازگر ـ ناسر حیسامی ـ حسێن شەبەق)

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان
بەرێوەبەرێتیی گشتیی رۆژنامەنووسیی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەرێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی




بەڕێوەبەرێتیی
چاپ و بڵاوکردنەوەی
سلێمانی

# لەئارێزەوە تا سازو زوڵفا

**چوار دیداری شاعیرانی خۆرهەڵات**

**(ڕێبوار ـ ئەحمەد بازگر ـ ناسر حیسامی ـ حسێن شەبەق)**

**ئامادەکردن: ئەنوەر حسێن**

**سلێمانی**

**٢٠١٠**

## لە ئارێزەوە تا ساز و زوڵفا


چوار دیداری شاعیرانی خۆرهەڵات

(ڕێبوار ـ ئەحمەد بازگر ـ ناسر حیسامی ـ حسێن شەبەق)

- نووسەر: ئەنوەر حسێن
- بابەت: دیدار
- پیتچنی: نەورۆز فوئاد و باوان عومەر عارف
- هەڵەچنی: محەمەد عەبدوڵلا
- نەخشەسازیی بەرگ: جەبار سابیر
- نەخشەسازیی ناوەوە: بەختیار ئەورەحمان
- سەرپەرشتیاری کتێب: کارزان عەبدوڵلا
- قەبارەی کتێب: A ½
- ژمارەی لاپەڕە: ١٣٨ لاپەڕە
- زنجیرەی گشتیی کتێب: (٧٤٤)
- تیراژ : (٥٠٠) دانە
- چاپخانە: چاپخانەی لەریا
- نرخ: ( ٢٠٠٠) دینار
- ژمارەی سپاردنی (١٩٦٣)ی ساڵی ٢٠١٠ی وەزارەتی ڕۆشـنبیریی و لاوانی دراوەتێ.

**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**

**گردی ئەندازیاران- بەرامبەر کوردستانی نوێ**

**ژمارەی تەلەفۆن: ٣١٨٠٩٩٤**

پێشکەشە بە:

- شیعرو تامەزرۆیانی شیعر
- هەناسە تەزیوەکان
- نازە عیزەت

# لەجیاتی پێشەکی:

> شیعر وەك یەكێك لەژانرە گرنگەكانی ئەدەب، پێ بەپێی ژانرەكانی تر هەنگاوی گەورەی ناوە، لەو نێونەدەشدا شیعری كوردی پشكی خۆی هەیەو توانیویەتی لەپاڵ سەدان دەقی ناوازەی دونیادا، شوێنو جێگەو پێگەیەك بۆ خۆی بگرێتو شاعیرەكانی لەسەر تاسەری دونیادا بناسرێن.

ئەوەش شاراوە نییە، زۆر هەل و رێوشوێنو بوونی دەوڵەت، بۆ شاعیری دونیا، فاكتەرو یارمەتیدەر بوون، تابەزوویی بناسرێنو شیعرو دیوانەكانیان بەدونیادا بڵاوبكرێنەوەو بەسەدان رەخنەو لێكۆڵینەوە لەمیدیاكاناندا لەسەریان بنوسرێت، كە بەداخەوە ئەمە تاسەردەمێك بۆ شاعیرو نووسەرو هونەرمەندانی كورد زەحمەت بوو، ئەگەر چی هێشتاش ئەو فاكتەرانە بێ رێگر نین.

بەڵام سەرباری ئەو هەموو رێگریانە، شاعیری كورد دەقو قەسیدەی وای بەرهەمهێناوە كەهیچ كەسێكی ئاشنا بەشیعرو ویژدانی مرۆڤایەتی ناتوانێت سەرنجی نەداتێو دان بەو هەقیقەتەدا نەنێت كەداهێنانن.



بێگومان لە خۆرهەڵاتی كوردستانیشدا، دەیان شاعیری گەورەو باش هەڵكەوتوون، كەخاوەنی قەسیدەی جوانو شیعری هاوچارخو گەورەن، بەڵام وەكو باسمكرد، رەنگە زۆر فاكتەر هەبن، رێگایان نەداوە، ئەو هەقیقەتە وەكو خۆی بناسرێت، ئەگەرچی شیعر وەكو دڵۆپی ئاو وایە، بەتەنها درزێكی بەسە بۆ شكاندنی تینویەتی خاك، بێگومان رۆژێكیش دێ تینویەتی ئەو شیعرانە بشكێ كە بێ هەناسە جێماون.

ئەم هەوڵەی ئێمەش دەیەوێت دەربیجەیەكی بچووك بێت بۆ ناساندنی بەشێك لەشیعری شاعیرانو هەوڵەكانیان لەكوردستانی ئێران، كەسەدان دەنگی جدیو شیعریی پڕ بەگەروو هاوارن.

بۆیە دیداری ئەم چوار شاعیرە (ئەحمەد بازگر، ناسری حیسامیو حسێن شەبەق و رێبوار) بەشێكی پەیوەستە بەدەرخستنی هەوڵو كۆششەكانی ئەوان، بەشێكی پەیوەستە بەدەرخستنی تواناو قودرەتی ئەوان بەسەر شیعردا، كە رەنگە مێژوو غەدری لێكردبن.

ئێمە دەمانەوێت بەم كتێبە ئێوە ئاشنابكەین بەبەشێك لەهەناسەو شیعرو رەنجو ماندووبونی ئەم چوار شاعیرە، كە پڕن لەدەردو رەنجو ئازاری ئینسانو بەش مەینەتانو سروشتی كوردستانو قسەكردن لەسەر چەوساندنەوەی ئینسانو گەڕانەوەی بەهارو جوانیەكان بۆی.

ژنو ستەمو بێ مافەییەكانی منداڵانو دەردو ئازاری كرێكارانو ئینسانی زەحمەتكێشو بەشمەینەتو بەدبەختی ئینسانی كورد، وەسفكردنی سروشتی جوانی كوردستان، پانتایی شیعرەكانی ئەم چوار شاعیرەی داگیركردووە، ئەوان قسەی دڵی سەدان لەكچانو ژنانو منداڵانی كوردستانو رەنجدەرانو زەحمەتكێشانیان كردووە.

بۆیە گەر بمانەوێت لەو رەنجو ئازارانە تێبگەین دەبێ گوێ لەم چوار شاعیرە بگرینو بەشیعرەکانیان ئاشنابین.

جیالەوە دوو پاشکۆ لەگەڵ دیدارەکانی ئەم شاعیرانەدایە بەهیوای باشتربوونی کارەکەو ئاشنابوونی ئێوەی خوێنەریش، ئەویش شاعیرو شیعرەکانیان؟

ئەنوەر حسێن

ئایاری /٢٠٠٩



## رێبوار یوژێن بۆتیەی کورد

ئەم کتێبە تەواو چاپکرابوو داوا لەمن کرا هەندێك قسەی لەبارەوەبکەم منیش بەپێی ئەو دەرفەتە ئاستەمە حەزم کرد بەشێوەیەکی گشتی هەندێك شتی پێویست بڵێم هەتا ئەگەر بەچەند وشەیەکیش بێت، سەرەتا دەستخۆشی لە (ئەنوەر حسێن) ئەکەم لەسەر ئەو کارەجوانەی بۆ ئەو چەند شاعیرەی رۆژهەڵاتی کوردستان کردویانە.

ئەم چوار شاعیرە لای من کەسانێکی ناسیاون و لەناو (کۆمەڵەی زەحمەتکێشان)دا ناسیوومن و هەریەك بەگوێرەی بەهرە و توانای خۆی لەوانی تر جیایە و هەر یەکەشیان لەکات و رۆژگارێکی جیادا هاتونەتە ناو کێشە سیاسی و ئەدەبییەکەوە بەرلەهەموویان من (رێبوار) واتە (موسڵحی شێخ ئەلئیسلامی)یم دیوە و ناسیوە و تەنانەت زۆر جاریش هەراو دەمەقاڵێشمان لەسەر حزب و شیعر و ئەدەب بووە چونکە ئەو وافێرکرابوو لەسەر ئەو بڕوا کۆنە بێت کەگوایە حزب هەموو شتە و هەقی خۆیەتی دەست بخاتە هەموو بوارێکی ژیانەوە. منیش بەپێچەوانەوە لەگەڵ ئەوەی بڕوام بەحزب هەبوو وەك پێشڕەو لەرابەریکردنی کۆمەڵگادا، بەڵام قەناعەتم بەوە نەبوو تاپۆکردنی ژیان بەهەقی خۆی بزانێ، بەڵکو هەموو دیاردە و بوارێکی تر هەقیەتی بەخواستی خۆی لایەنگری لەحزب بکات و خۆبەخۆ کارە سەربەخۆکانی خۆی ئەنجام بدات.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، بەلای منەوە (رێبوار) تابلێی شاعیرێکی ماندووە و بەماڵ و منداڵەوە لەپێناوی کێشە سیاسیەکەیدا ژیاوە و ئازاری چەشتوە و ئاوارەی وڵاتانیش بووە.

من وەك شایەتێکی زیندووی ئەو رۆژگارە چۆن ئەبینم (نەجمەدینی غولامی) یەکەمین هونەرمەند بوو کەبەسروودی ئازادیخوازیی بەشداری کێشەکە بوو بەدوای ئەویشدا (کالێ) هات بەوجۆرەش (رێبوار) یەکەمین شاعیرە کەبەشیعرە جوان و ئاگراوییەکانی هەم سەنگەر و پێشمەرگایەتی ئەخرۆشان، هەم جەماوەری چەوساوەی بەئاگا ئەهێنایەوە و کۆمەڵگای بەرەو شۆڕش و بەرگریکردن هان ئەدا.

من بەپێی تێکەڵاویم لەگەڵ (رێبوار)دا ئەزانم ئەو چەند بەزەحمەت و بەدڵسۆزی بۆ ئەم گەل و نیشتمانە ژیاوە و چۆن نەهامەتیەکانی ژیانی قبوڵکردووە. لەبەر ئەوە بەلای منەوە (رێبوار) کەسێکی دڵپاك و بەئارام و راست و رەوان بوو، شیعرەکانیشی هەڵقوڵاوی ئەوبارە دەروونی و جۆرە ژیان و گوزەرانەیە کەبەسەری بردووە. بەبڕوای من ئەبوایە (ئەنوەر) زۆرتر لەسەر (رێبوار) و شیعری ئەو و دەوری ئەو لەو شۆڕشە کۆمەلایەتیەدا برۆشتنایە و ئەویان وەك پێشەنگی شیعری ئەو سەردەمە بەوردی زیاد لەهەر کەسێکی تری ئەو چوارەیان باس بکردایە، ئەوە تەنها قسەی من نییە بەڵکو قۆناغەکە بۆخۆی شایەتی بەسەر (رێبوار) و بوون بەپێشەنگی ئەو ئەدات و کاریگەری شیعری ئەویش لەسەر هەرکام لەوانی تر دیاری ئەکات.

ئەوە (رێبوار)بوو ئەو رێچکەیەی بۆ ئەوان و خەڵکانی دوای ئەوانیش شکان، ئەوە (رێبوار) بوو سروودەکانی کردبووە وێردی سەر زمانی



خەڵکی چەوساوەی کورد، کاتێك (رێبوار) هەبوو زۆر کەسی تر لەوەها جێیەکدا حزوریان نەبوو، ناکرێ و نابێت خەڵکی ئەوەندە دڵرەقی لەبەرامبەر (رێبوار)دا بکات بەراستی.

من لەگەڵ ئەوەدام کەئەڵێ (رێبوار شاعیری هەمووان)ە تابلێی نازناوێکی جوانە و لەجێی خۆیدایە و بەڵگەی پاداشتی وەفادانەوەیە. من شەخسی خۆم ئامادەم ئەو گوڵی نازناوی (شاعیری هەمووانە) بدەم لەبەرۆکی ئەو (یۆژین بۆتیە)ی کورد کە لەچیاکانی کوردستاندا گۆڕانی مرۆڤانەی بۆ (کۆمۆنە)کەی خۆی ئەوت تا ئەو رۆژە هات و هەردوولا پێکەوە سەریان نایەوە، بەراستی (رێبوار) شیاوی وەها نازناوێکی کوردانەی جوانە چونکە زۆر لەوانە شاعیرتر و دڵسۆزتر و گەل ویستر بووە کەبەفیزەوە پێ بەسەرخاکی کوردستاندا ئەنێن و منەتی نیشتیمان پەروەری بەسەرخەڵکی کوردستاندا ئەکەن. راستە رۆژانێك بووە (من و رێبوار) بەئاشکرا و بەدیار چاوی پێشمەرگە گیانبازەکانی ئەوسای (کۆمەڵە)وە شەڕ و هەرامان بووە لەسەر بوونی ئەدەب و شیعر و پێکهێنانی ئەدەبێکی شۆڕشگێڕی بەدوور لەدەست تێوەردان و ئامۆژگاری حزب، ئیتر ئەو خەونەکانی نەهاتە دی و دواجار رۆیشت و روی کردە ئاوارەیی، منیش لافاوی ئەنفال دووری خستمەوە، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوەوە هەرمامەوە و ئێستاش هەر سوورم لەسەر هێنانەدی ئەو خەونەی بە ئازادیەوە ئەیبینم. کەئێستاش بەرێزەوە ئەو قسانە لەسەر (رێبوار) ئەکەم مەبەستم ئەوە نییە لەتوانای (ناسری حسامی و ئەحمەد بازگر و حسێن شەبەق)کەم بکەمەوە بەڵکو ئەوان بۆ خۆشیان ئەوە ئەزانن کاتێك (رێبوار) هەبوو ئەوان لەوێدا نەبوون، ئەگەر

هەر کەسێك لەوان نکۆڵی لەو راستی یە بکات مانای وایە غەدر لەخۆی و شیعر و مێژوو ئەکات، منیش بەوەها ناهەقیەك تووڕە ئەبم چونکە وەك قەڵەمێك شایەتی ئەو بارودۆخە سیاسی و ئەدەبیەم و ئاگاشم لەوەیە ئەوان هەر یەکەیان چۆن هاتوون و چەندیش لەو کێشەیەدا دەوریان بینیوە لەدواجاردا ماوەتەوە سەر ئەوەی بڵێم با منیش لەسەر بیروباوەڕ لەگەڵ (رێبوار)یشدا ناکۆك بووبێتم، ئەوە مانای ئەوەنییە بۆ وەها شتێك بێم چاو لەواقیعی ئەو سەردەمە بنووقێنم و خەتی راست و چەپ بەسەر (رێبوار) و (شیعر و تێکۆشانی رێبوار)دا بهێنم. نا ئەوە من نیم، بەڵکو من رۆڵەی ئەم واقیعەم نامەوێ هەرگیز لەراستی رابکەم هەرلەبەر ئەوە حەز ئەکەم راستیەکان بەبێ ئەملا و ئەولا وەك خۆی بگێڕمەوە و بەواقیعیانە رادەبرم و قسە لەسەر رووداوەکان و دیاریدەکان و ئەو ژیانەش بکەم کە هەموو بەیەکەوە دیمان یا ئەیبینین.

حسێن بەفرین

٢٠١٠/١٠/٥



## موسڵح شێخ ئەلئیسلامی
## "ڕێبوار"
## " گۆران لوتکەی شیعری نوێی کوردییە"

# ڕێبوار شاعیری هەمووان

موسڵح شێخ ئەلئیسلامی "ڕێبوار" شاعیری خۆشناو و ناسراوی خۆرهەڵاتی کوردستان و چەوساوەکان، بۆ بەشێکی زۆر لە ڕووناکبیرانی کوردستان–ئێران و کوردستانی –عیراقیش ناسراوە، سەردەمانێك لەشاخ شیعری بۆ ژن و پێشمەرگە و خەباتی هەقخوازانە و هیومانیستی دەنوسی و بەشێکی زۆر لەشیعر و ئەدەبیاتی ئەو ڕەنج و ئازار و مەینەتی ئینسان و ژنی کوردی لەناو شیعرەکانیدا خستوەتەڕوو.

ڕێبوار یەکێك بوو لەوانەی زوو دەستیدایە شیعرو توانی لەسەر ئاستی کوردستان ببێتە شاعیرێکی ناسراو و خاوەنی سێ دیوانی شیعریە بەناوەکانی "گەشتێ بۆ کوردستان" و "دەنگ هەڵبڕە" و "سرودی سڵاوی ئازادی" لەساڵانی حەفتاو هەشتاکانی سەدەی رابردوودا چاپو بڵاوکراونەتەوە.

ئەو خاوەنی شیعرەکانی "ئەنتەرناسیۆنال" یەکی ئایار "لەسەر ئارێزەوە"، "کاك فوئاد" "کاك شوان"ە.

ڕێبوار ئەگەرچی ماوەی چەند ساڵە لەشیعر دورکەوتووەتەوە، بەڵام هەمیشە شیعرەکانی لەسەر زاری خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستان و بزوتنەوەی حەقخوازاکانی خەڵکدا لەبەرچاوە.

کەس نییە گوێ لەم شیعر نەبووبێ کە بۆ پێشمەرگە نوسراوە و یەکێکە لە شیعرەکانی ڕێبوار

"سڵاوی گەرمی دڵی پڕ هومێدی مەت پێشکەش
پڵنگی هەردی وڵات ئەی هەڤاڵی پێشمەرگە"

یان شیعری وەڵامی نامەکەی "روناک" کە باس لەڕەنجو ئازاری ژنێکی پێشمەرگە دەکاتو دەڵێ:

"خۆزگە شنەی بای بەیانی
بۆنێکی تۆی ئەهێنا بۆم"

ئەو بەتەنها لەگەڵ پێشمەرگەو ژن نەدەستاوە، بگرە دەیان شیعری بۆ رەنجی ئینسان نوسیوەو رەنگە شیعری "لەم بازاڕە بێ رەحمەدا" لەناوبانگترین شیعر ئەوە بێ، کە دەڵێ:

"من ئەو کەسەم
هەموو رۆژێک
ژیانی ئەمڕۆم دەفرۆشم
بۆ کڕینی نانی سبەی"
لێم ناکڕێ خاوەنی نان
لێم ناکڕێ"

لەم دیدارەدا ڕێبوار باس لە رابردووی ژیانو شیعرەکانیو هەڵوێستی مارکسیستانەی ئەو و رەنگدانەوەی لەسەر شیعرەکانیو پێناسیو تێگەیشتی ئەو لەسەر شیعرو زۆر بابەتی تر دەکات.



ڕێبوار چۆن ئینسانێکی عەدالەتخوازو یەکسانیخوازو داکۆکیکاری سەرسەرختی هەژارانە، هەر بەمشێوەیەش رەنگدانەوەی لەسەر شیعرەکانی هەیەو خوێنەر دەتوانێ بەئاسانی هەست بەو کارەبکات.

ئەم بۆچوونانەی یەکێکە لەو دیدارە تازانەی کە لەگەڵ شاعیردا سازکراوە کە دەمێکە هیچ بۆچوونێکی وەهای دەرنەبڕیوە.

## ڕێبوار لەزمانی خۆیەوە
## شیعری کوردی ئاوێنەیەکە لەکۆمەڵی کوردی

*** بالە زمانی خۆتەوە، ناوی خۆت و تەمەن و ژیانی هاوسەری و بارودۆخی خێزانی و خوێندن و شوێنی دانیشتنت بزانم؟**

– لەساڵی (١٩٤٧) لەمەریوان لە دایکبووم، سەرەتای(٦٠)ەکان، بو درێژەدان بە خوێندن چوومە تاران ساڵی (١٩٦٩)، بەشی ئابوریم تەواوکرد. لەسەردەمی منداڵی و لاویمدا هۆگری خوێندنەوەی کۆمەڵایەتی و هونەری، بەتایبەت شیعر و ئەدەب بووم و یەکەم ئەزموونی شیعریم، بەکوردی و فارسی، هی سەردەمی تازە لاویمە. لەهەڵسوڕانی سیاسیشدا لەشانەی چەپی بزووتنەوەی خوێندکاریدابووم. ئەو کات سەردەمی پێکهاتنی ڕێکخراوەکان و سەرنجی رەخنەگرانەبوو لەقوتابخانە سیاسییەکاندا. لەگەڵ کۆمەڵێك لەهاوڕێیان، ڕێکخراوێکمان پێکهێنا کە دوایی ناونرا کۆمەڵە. مەبەستمان دامەرزاندنی حزبێکی کۆمۆنیستی سەرانسەری بوو لە ئێران "خۆمان

لەڕێکخراوەکانی ئەو سەردەمە (تودەو چریك و دیموکرات و...) بەجیاواز دەزانی و ڕێبازێکی کۆمۆنیستی ڕاستەقینەمان لەبەر چاوبوو، هەرچەند ناسیۆنالیسم هێشتا دەست بەردارمان نەببوو... شیعری "گەشتێ لەکوردستان" و هەندێك داستانی کورتم" لەوانە، شیعری "دارینە" کە بەسەرهاتی سمایلی شەریفزادە، ئەو کات بەدەستنووس بڵاوبوونەوە. بەو بۆنانەوە چەند مانگێك ڕێگام کەوتە بەندیخانەی "قزل قەلعە" لەتاران.

پاشان، سەردەمێك لە"بەرنامەو بودجە" لەشاری سنە خەریکی ئیشبووم. هاوکات درێژەم بەهەڵسوڕانی هونەری و سیاسی نهێنی داو لەشۆڕشەکەی ساڵی (١٩٧٩) ی ئێران دا، چالاکیم نواند. دواتر بزوتنەوەی شوڕشگێڕانەی کوردستان، بۆ ئێمە درێژەی ئەو خەباتەبوو. لەو سەردەمەشدا یەکەمین سرووود هاتە بەرهەم.

لەسەرەتای ساڵی (١٩٨٠)کاندا، "سرودی سڵاوی ئازادی" و "دەنگ هەڵبڕە" و "چەندە لاپەڕەیەك لەدەفتەری بەرباخەڵ" و کۆمەڵێك داستانی کورتی فارسی و هەندێك وەرگێڕان بۆ کوردی و فارسی، لەپاڵ خەباتی چڕوپڕ لەکۆمەڵەی شاخداو لەپاڵ نووسینی وتار و شیعر و داستانی کورت (ئاسۆی شۆڕش) بۆ ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵەدا چەند بابەت بەرهەمێکن کە شایانی باسن.

لەکۆتایی (١٩٨٠)کان و بەهۆی هێرشی ئیمپریالیستی ئەمریکادا، بووە هۆی بوژانەوەی زیاتری کۆنەپەرستی لەناوچەدا. بەهۆی ئەمەشەوە ڕێگای خەباتمان تەنگەبەر بوو. ساڵی (١٩٩١) وەك پەنابەر چوومە سوید و ئێستاش لێرە درێژە بەچالاکییەکانم دەدەم. ئەوەی بۆ ئەدەب و هونەر دەگەڕێتەوە، بەشداریکردنە لەدەرهێنان و نووسین بۆ گۆڤاری "هانا" و چاپێکی تازەی "دەفتەری ڕۆژانەم"!



لەبارەی بەڕێوەچوونی ژیان و ئیشکردن (وەك مامۆستای ماتماتیك و زانست لەقوتابخانەکانی سوید) سەرقاڵی وانە وتنەوەم، لەگەڵ ئەوەشدا لەزانکۆکانی سوید خەریکی تەواوکردنی خوێندنم. لەگەڵ هاوسەرکەم فەوزیە، کە ئەویش هەر خەریکی هەمان ئیشە، لەشاری یوتۆبۆری سوید ئەژیم. سێ منداڵمان هەیە کە هەریەکەیان لەماڵی خۆیاندان.

***شیعر دەشێ چی بەتۆ بەخشیبێت؟**

– هەستی هەبوون لەگەڵ جەماوەر" لەگەڵ خوێنەرو گوێگر! هەستی هەبوون وەك بەشێك لەبەشەرییەتی وشیارو ئازادیخواز.

## شیعری کوردیی سەردەم، زیاتر، کاریگەریی لەشیعری جیهانیی وەرگرتووە

***شیعر چۆن دەتوانێ تەعبیر بێ لەعیشقو خۆشەویستی، ژانی مرۆڤ ، ژنان، منداڵان، هەموو کەس شیعر بەهی خۆی بزانێت؟**

– ئەمەش خۆی کۆمەڵە–پرسیارێکە. شیعر، وەك ژانرێکی هونەری، خۆی شێوەیەکە لە ناسینی جیهان بەهۆی هەستەوە. لەم جیهانەشدا عیشق، خۆشەویستی بۆ مرۆڤ (کە منداڵانیش دەگرێتەوە)، بەهۆی هەستی شاعیرانەوە، بە وشەو بەمۆسیقای وشە، وێنەیەکیان لێدەخولقێ کە پێدەڵێین شیعر. هەڵوێستی کومەڵایەتی شاعیریش کاردەکاتە سەر ئەو وێنەیە. شاعیرێکی مەزهەبی دەتوانێ، بە دوورو–درێژی، ئەم عیشقە، بە خۆشەویستی

خوا و شێخ و ئەولیا بنوێنێ و ژن بە زەوی کشتوکاڵ و ئامرازێك بۆ زاوزێ و بۆ بەهرەمەندی سێکسی بۆ کۆمەڵی پیاوسالار ببینێ، (نەك وەك مرۆڤێك) و بەو جۆرە، هەستی بۆ دەربڕێ! وەك ئەدەب و هونەری عیرفانی، کە بەکوردیش نموونەی زۆرە. راستییەکەی" گەلێك لەگۆرانییە سیکولارەکانی ئێستاش، لەم جوانی–ناسییە مەزهەبییە نزیکن و، کەم تا زۆر، وێنەیەکی کزو کەنەفت لەژن بەدەستەوە دەدەن! بەڵام ئەو شاعیرەی خۆشی و زەوقی مرۆڤی لەئازادبوونی تاکەکەس لەهەموو دەردو ژانێك دەزانێ و بەرابەری مرۆڤەکانی لەلا گرنگە (خۆی بەکۆمۆنیست بزانێ یا هەر رێبازێکی تر، تەنانەت خۆی بەهەڵسوڕاوی سیاسیش نەزانێ)، مرۆڤ بۆی دەبێتە ئامانج و جوانی ئەو مرۆڤە! تەنانەت، جوانی و زەوق، بۆ ئەم دوو کەسە، جیاوازە! جوانیناسی جۆربەجۆر، جوابی زەوقی جۆربەجۆری مرۆڤەکان دەداتەوە. شوێنەواری، لانیکەم، دوو جۆر جوانیناسی سەرەکی، چ لەشیعرو چ لەباقی مەیدانەکانی هونەردا بەگشتی، دەناسرێنەوە: ئەوانەی خۆشی ژیان لە رەنجی مرۆڤەکانیتردا دەبینن و ئەوانەی خۆشی و جوانی لەگەشانەوەی مرۆڤەکانی تردا.

ئەم وتووێژەمان، دیارە، مەجالێکی بەرتەسکە بۆ لێکدانەوەی جوانیناسی بەگشتی و رەنگدانەوەی ئەوە لەشیعری کوردیدا! من کورتەیەك لەم باسەم لەژمارە یەك و ژمارە دووی گۆڤاری هانادا، سەرەتای (٩٠)ەکان، بڵاوکردوەتەوە. پێم باشە لە فرسەتێکیتردا بێینەوە سەر ئەم باسە، چونکە پێموایە دروستبوونی ئەو بۆچوونانەی ئەوکات، لەم بیست ساڵەدا، زیاتر رۆشن بووەتەوەو قسەی لەوانە تازەتریشم هەیە لە سەر بابەتەکە.



# گۆران، لوتکەی شیعری نوێی کوردییە

***شیعری کوردی لەکوێی شیعری جیهانیدایە؟**

– شیعری کوردی ئاوێنەیەکە لەکۆمەڵی کوردی! کومەڵی کوردی لە کۆنەوە بەفۆلکلورو پاشان بە هونەری عیرفانی و لەم سەد ساڵەی دواییشدا، بەهونەر و (شیعر)ی مۆدێرن رەنگدانەوەیەکی بەجیهان داوە.

شیعری کوردی سەردەم، زیاتر، کاریگەری لەشیعری جیهانی وەرگرتووە، تا کاری تێکردبێ. پیرەمێرد، بێکەس و قانیع، هەر کامە بەشێوەی خۆی، پەیامی ئاڵوگۆڕ بەرەو کۆمەڵێکی شاری و مۆدێرن دەدەن بە کۆمەڵی فیئوداڵی و جوتیاری کوردەواری سەردەمی خۆی. ئەمانە، لەداهێنانی جوانیناسییەکی تازەو جیاواز لەعیرفان، لە هەڵپێکانی هونەر و شیعری کوردی لە کومەڵی نێونەتەوەیی، دەوریان هەبووە. لووتکەی بەرزی ئەم شەپۆلە عەبدوڵڵا گۆرانە.

گۆران زیاترین کاریگەری لەشیعری جیهانی وەرگرتووە، فۆرمی شیعری کوردی گۆڕی بەفۆرمی نوێ و بێجگە لەوەش، بەبڕوای من، لەباری جوانیناسیشەوە، بەهرەیەکی زیاتری بردوە لەجوانیناسییەکی مرۆڤی و شاری.

پاش گۆران، ئێمە شاهیدی پاشەکشەیەکین. هەژار و شێرکۆ دەکەونە نێو کوردایەتییەکی بەرچاوتەنگەوە. ئەوان دەگەڕێنەوە بۆ جوانیناسییەکی نوێی جووتیاری و دوور لەشار! تەنانەت، کەم تا زۆر، نەفرەت لەشارو مۆدێرنیتە، سیمایەکی دواکەوتوانە دەدا بەشیعرەکانیان. هەژار، نەك هەر لەفۆرمدا، چەند هەنگاو بەرەو دواچووە، بەڵکو لەباری روانین بۆ مرۆڤەوەو بۆ جوانی مرۆڤەکانەوە، هیچی تێدا نەهێشتووەتەوە.

لەم بیست سی ساڵەی رابردوودا، شیعری کوردی، ئاوڕێکی تازە لە ئەدەبی جیهانی دەداتەوەو شیعر لەزمانەکانی دیکەوە(بەتایبەت فارسی، تورکی، عەرەبی و ئینگلیزی) زیاتر دەکرێتە کوردی. شیعر، لەفۆرمدا زیاتر سیکۆلار دەبێ. بەڵام جوانیناسییەکەی زامدارە بەدەست کۆنەپەرستی جیهانی و کوردییەوە.

لەم چەرخەدا، ئەدەبی کرێکاری و کۆمۆنیستیش سیمایەکی تازەو تایبەت لە شیعرو هونەری کوردیدا دەنوێنێ.

بەم جۆرە، بزووتنەوە کومەڵایەتییەکانی کوردەواری، پەیامی جۆربەجۆری خۆیان بەهاو زەوقەکانیان لە جیهاندا دەگەیەنن.

***تۆ بۆ ماوەی چەند دەورە لە پێشەنگ بوویت، چۆن هەڵیدەسەنگێنیت، هەر لەیەکەم شیعرت کە لەپێشەنگی ژمارە(١) (١٩٨٥) بەناوی (سپاس) هی (برتۆلد برێشت)ە وەرتگێڕاوە، چەمکی ئایدۆلۆژیای مرۆڤدۆستی و مارکسیستی پێوەدیارە؟ بۆچی هەمیشە وەکو ئایدیای چەپ و مارکسی رەنگدانەوەی لەسەر شیعرەکانت هەبووە؟**

– لەپێشەنگ سەرنووسەر نەبووم. هەڵسەنگاندنەکانم لەسەر پێشەنگ هەر لەوێدا بڵاوکراونەتەوە. من شاعیرێکی بێلایەن نەبووم. کە گوێم لەدەنگی هاوخەباتەکانم لەجیهاندا گرتووەو بەکوردی و فارسیش وەرمگێڕاونەتەوە بۆ خوێنەرانی کوردی.



## شیعری گەشتێ لەکوردستان تا ئێستاش جوانی خۆی هەیە

*** شیعری (با لەسەر ئارێزەوە بڕوانین)ت هەیە، چۆن لەدایکبوو؟**

– ئەم شیعرە بەشێکە لەبەرهەمی سەفەرێکم بەشوێنەوارەکانی بزووتنەوەی چەکدارانەی سمایلی شەریفزادەو هاوڕێیانیدا، کەساڵی ١٩٦٨نووسراوەو بەناوی "گەشتێ لەکوردستان"، هەر ئەوکات بەنهێنی، بڵاوکرایەوە. ئەو کارەم بۆن و بەرامەی ئەو کاتەشی پێوە دیارە، گەرچی جوانی و بایەخی تایبەتی خۆی هەر هەیە.

## شیعری ئەنتەرناسیۆنال و یەکی ئایار هەر زیندون

***تائێستا چۆن دەڕوانیتە شیعری "ئەنتەرناسیۆنال" کە تۆ بەدەستکەوتی هونەری کۆمۆنەی پاریس ناوت بردوەو لە نوسینی" ئۆژین پۆتیە"ی شاعیری فەرەنساییە و یەکەم جار تۆ بۆ کوردیت وەرگێڕاوە؟**

– یەکێك لەکارە گەشەکانی هونەری جیهانی ئێمەیە، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر خەباتی کرێکاری کۆمۆنیستی بووە. پەیامی یەکسانی مرۆڤ و رزگاری یەکجاری لەستەم و لەچەوسانەوەو لەخورافەو نەزانی بەشێوەیەکی کورت، وەها گونجاندوە کە ئێستاش پاش نزیکەی سەدەونێویك، هەر جوانەو هەستی جیلەتازەکانیش ئەبزوێنێ.

***شیعری (سەد ساڵە، سەد ئەیار) کەبۆ ئایاری (١٩٨٦)ت نوسیوە، یەکێکە لەشیعرە گەورەکانی تۆ و بەشیعرێکی کرێکاری کوردی ناسراوە، چۆن ئەم شیعرە لەدایکبوو؟**

– ئەم شیعرەش لەگەرماوگەرمی گەشەکردنی خەباتی کرێکاری لە ئێران و لەکوردستان، لەپێناوی ئەوەدا کە سەرەتای مانگی مەی، وەك رۆژی جیهانی کرێکار، بێتەسوننەت و ترادیشن لەوڵاتدا. لەبیرمە سرودەکانی ئێمە، بەتایبەت "کرێکارانی جیهان یەکگرن" کەوتە سەر زاری جەماوەر و بەرێوەبردنی یەکی ئەیار لەشارەکان، ساڵ بەساڵ گەرم و گەشتر دەبوو.

***(م. خارای) شاعیر، چۆن شاعیرێك بوو؟**

– با قسەی کەسایەتییەکان دانێین بۆ دەرفەتێکی تر.

***یەکێکی تر لەو شیعرانەی کە وەرتگێڕاوە شیعری (چیدی روت و رەجاڵ نابین) لەشیعر (هاینە) زۆر لەسەر زاری خەڵکەو (بەکری لەگزی) کردوویەتە گۆرانی، ئایا لای خۆشت هەمان گەورەیی هەیە، پاشان دەپرسم بۆچی شیعرەکانی (هاینە)ت زۆر وەرگێڕاون لەبابەتی (گۆرانی پارچەچنانی سلیزی) و شیعرەکانی جەوهەیل؟**

– یەکێکە لەجوانترین کارەکانی "هاینە"و لای منیش خۆشەویستە. هاینریش هاینە، یەکێك بووە لەهاوڕێیانی مارکس و خەباتی کۆمۆنیستی و کرێکاری لەئەلمانیای ئەو سەردەمە، لەشیعرەکانیدا رەنگدانەوەی هەیە. هاینە هاورێیەکی شیعریی منە. بۆیە دەنگ و هەستیم گەیاندوەتە بزوتنەوەی کرێکاری لەکوردستان. من گۆرانییەکەم بەدەنگی کاڵێ بیستووە.



شیعرەکانی جەوهەیل پرسیارێکی ترە. جەوهەیل کرێکارێکی هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی کرێکاری بووە لەئەمەریکاو لەسەرەتای سەدەی بیستەم. دەنگخۆش و گورانیبێژی ئەو بزووتنەوەیەش بووە. بەپیلانی سەرمایەداری سەردەم، تۆمەتی ناڕەوای کوشتنیان لێداو ساڵی (١٩١٥) تیربارانیانکرد.

***شیعری "هەی داد" تائێستا لەسەر زاری خەڵکانێکی زۆر واناسراوە کە شیعری زەحمەتکێشانە، دەکرێت بڵێم ئەمە رەنگدانەوەی خەباتی چینایەتیەو باشترین شیعری تۆیە؟ ئایا ئەم شیعرە خۆی بەهێز و چاك بوو، یان (نەجمەدینی غولامی) بەخەڵکی ناساند؟**

– مایەی شادیمە کە ئەم شیعرە، ئاوا ناوبانگی دەرکردوە.

## لۆرکا شاعیرێکی گەورە بوو

***تۆ شیعرێکی "فدریکۆ گارسیا لۆرکا"ت وەرگێڕاوە (لۆرکا) چیت بیر دەخاتەوە؟**

– لۆرکاش بەهاوڕێیەکی شیعریی دەزانم، کە هەستی خەباتکارانەی بزووتنەوەی جەماوەری لەئیسپانیای پێش شەڕی دووەمی جیهانی لەشیعرەکانیدا نواندوەتەوە.

## هەژار تاوانبارە بەرانبەر ژنان

***ساڵی (١٣٧٠) لەژێر بابەتێکت بە ناوی (حزبی دیموکراتیش) (هەژار)ی گرتە باوەش، بڵاوکردەوە رەخنەی توندت لەهەژار گرت و دیوانەکەیت بەکۆگایەك لەکۆنەپەرستانەترین بۆچوون پێناسەکرد، ئایا ئەمە لەبەر ئەوەبوو، کە ئەو شاعیرێکی نەتەوەیی بوو، یان شیعرەکانی هەستی مرۆیی و بایەخدار نەبوو؟**

– هەردوو هۆکە بوو پێکەوە، هەژار لەسەرانسەری دیوانەکەیدا، ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیستی خۆی دەردەبڕێ. هەر بەو شێوەیەش بایەخ بۆ مرۆڤ و بۆ ژن دادەنێ (یان باشترە بڵێین دانانێ!). نەفرەت لەعەرەب و فارس و تورك زۆر ئاشکرا و بێ پەردەیە! لەعورفی ئەمڕۆی جیهاندا، ئەو قسانەی ئەو دەهێنێتە سەرشانی گەلانی دیکەو بەو جۆرەی ئەو باسی ژنان دەکات، بەتاوان دادەنرێ!

## پێشەنگ و ناسیۆنالیزم شەریك بوون

***هەر زوو رەخنەت لەپێشەنگ گرت و وتت" ناسیۆنالیزم شەریکە ماڵی پێشەنگە" چۆن شەریك بوو؟**

– کاتی خۆی، ئەو رەخنەیەم لەپێشەنگی ژمارە(١٣)دا بڵاوکردەوە. پێم باشترە سەرنجتان راکێشمەوە بۆ ئەو نوسراوەیە، نەك جوابێکی کورت بدەمەوە.



***رەخنەت لەشیعری "کوا وەخت بوو"ی شێرکۆ بێکەس گرتووە کە بۆ د. جەعفەری شەفیعی نوسیوە، وتوتە بۆنی ناسیۆنالیستی لێدێ و وتوتە، ئەو وەسفەی شێرکۆ دەڵێی بۆ شۆڕەسوارێکی کۆنی کورد نوسراوە؟**

– کورتەی رەخنەی من لەو شیعرەی شێرکۆ، هەر ئەوەیە کە خۆت لەپرسیارەکەدا هێناوتە. لێکدانەوەی زیاتر لەنوسراوەکەی پێشەنگدا هاتووە.

***ساڵی (١٩٨٤) کە دیوانی شیعری (سرودی سڵاوی ئازادی)ت بڵاوکردوە. وتت ئەم شیعرانە کردەی ئەم شۆڕشەیە؟**

– ئەم پرسیارەش خوی کۆمەڵە پرسیارێکە. مەبەست لە"شۆڕش"، تا نەڵێی شوڕشی کێ و بۆچی، ناڕۆشنە! من خۆم بەشاعیرێکی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری دەزانم. ئەم دیوانە بەهەڵبژاردەیەك لەسرودەکان دەستپێدەکات و پاشان شیعرو هۆنراوەکانی ئەوکات، کە لەڕادیۆکانی دەنگی شۆڕشی ئێرانەوە بڵاودەبووەوە، لەم دیوانەدا بڵاومکردونەتەوە.

## ئەو شیعرانەی بۆ کۆمەڵەم نوسیوە پەشیماننیم و دەست لەو میراتەش هەڵناگرم

***مەبەستم شۆڕشی کوردستانی ئێرانو بزوتنەوەی چەپە شیعری بۆ "پێشمەرگەی کۆمەڵە"ت لەساڵی (١٩٨١) بۆ کۆمەڵە نوسیوە، کەچی دواتر وازت لەکۆمەڵە هێنا، ئایا پەشیمان نیت لەو شیعرانەی کە بۆ کۆمەڵەت نوسیوە؟**

– لێرەدا، بەکورتی، بەشێك لەمێژووی کۆمەڵەت دێنمەوە بیر. لەدوای هێرشی ئیمپریالیستی (١٩٩١)دا، ناسیونالیسم لەناوچەدا بەهێزتر بوو. ئەو هێزە ناسیونالیستییەش کە ئەوسا لەکۆمەڵەدا و (لەکانوونی هونەری کرێکاریدا) لاواز بوو، بەبێشەرمییەکی تازەوە، رووبەڕووی کۆمۆنیزمی کۆمەڵەبووەوە. ئیتر، کۆمەڵە، ئەو کۆمەڵە کۆمۆنیستە نەما کە ئێمەخەباتمان بۆ دەکرد. ئەو کات زوربەی کادرەکانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە، لەو حزبە هاتینەدەر و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریمان پێکهێنا. ئەمانە لەنووسراو و بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمەدا، بەدوورو درێژی باسکراون.

سەبارەت بەو شیعرانەی بو کۆمەڵەم نووسیون "نەك هەر پەشیمان نیم، بەڵکو ئێستاش من خۆم بەخەمخۆری ئەو کۆمەڵە کۆمۆنیستەیە، ئەزانم کە دروستمانکرد و ئاوایلێهات. گەلێك جاریش بەگژ ئەو کەسانەدا چوومەوە، کە بەلایەنگری سیاسەتی ئیمپریالیستی داگیرکەران و دەسەڵاتدارانی ناسیونالیستی ناوچە، ویستوویانە کۆمەڵەو میرات و مێژوی کۆمۆنیستی کۆمەڵە بەتاڵان بەرن. من نەك وازم لەکۆمەڵە نەهێناوە، بەڵکو وازم لەبەتاڵان بەرانی کۆمەڵەش نەهێناوە! ناهێڵین ئەم دەسکەوتە کۆمۆنیستییەمان لێبدرن و بیخەنە توێشوبەرەی ناسیۆنالیسمەوە.

## کۆمەڵگا لەگەڵ ئازادبونی ژن، ئازادە

***ژن لای تۆ و لەشیعرەکانت جێگەو پێگەی گرنگی هەیە، ژن لای تۆ چییە؟ ئایا ئەمە لەڕوانگەی هەستی چەپگەراییەوەیە، یان وەکو کائینێکی گەورە سەیریدەکەیت؟**



ژن نیوەی کۆمەڵە، مرۆڤەکان نیوەیان ژنن و نیوەیان پیاون. لەماف و بایەخ و رێز و حورمەتدا، ژنان بەرابەر و یەکسانن لەگەڵ پیاوان. ئەمە بۆچوونێکی تایبەت بە من نییە. رێبەرانی کۆمۆنیست، ئازادی و بەرابەری ژن بەئاوێنەی ئازادی و بەرابەری کۆمەڵ دادەنێن. کۆمەڵێك هەر ئەوەندە، ئازادە کە ژنەکانی ئازادن. ئێمەی کۆمۆنیست، سەبارەت بەم پرسە، کۆمەڵێك کتێب و لێکوڵینەوەمان هەیە. ئەو هەست و هەڵوێستانەی من لەشیعرەکانمدا دەرمبڕیون، پێداگرتنێکی تازەیە، لەسەر ئەو هەڵوێستانەو بەهیوام رێوارانی ئەم رێبازە گەلێك لەوەش زیاتر بکەن.

***سرودی (کاك شوان و کاك فوئاد و مام رەحمان) بۆ سێ تێکۆشەرت نوسیوە، ئەمانە ناچنە قاڵبی دەربار (ستایشەوە)؟**

– مەبەستت لەدەربار چییە؟ شوان و فوئاد و مام رەحمان، ئایا شازادەی دەربار بوون؟ یان کارگەر و کۆمۆنیست و زەحمەتکێش؟ ئایا شایانی خۆیان نییە، رێزیان لێبگیرێ وەك من لێمگرتوون؟

***زۆر شیعرت بۆ پێشمەرگە وتوە، پێشمەرگە لای تۆ چ مانایەکی هەیە؟**

وایە" هەندێك لەشیعرەکانی من بۆ پێشمەرگەی کۆمەڵەبوون" بو پێشڕەوانی رێبازی خەباتی کۆمۆنیستی" نەك هەرجۆرە پێشمەرگەیەك! پێشمەرگە بەبۆنەی رێبازی خەباتییەوە لای من رێزو بایەخی هەبووە. نە رێبازی چینی چەوسێنەر.

***هاوسەرەکەت پێشتر کاری نهێنی لەگەڵ دەکردی، ئایا ئێستا واماوە؟**

– هەر وەك لەشیعری "نامەت نایە" ش دا دیارە، ئەو لەشار کاری نهێنی دەکرد و من لەشاخ بووم. ئێستاش ئەو هەر هەڵسوڕاوی ڕێبازەکەیە...

## نامەکەی روناك، شیعرێکی جوانی خۆمە

***شیعری" وەڵامی نامەکەی رووناك " جوانترین شیعری تۆیە، ئەم شیعرە چۆن لەدایکبووە؟**

– ئەمەش کۆمەڵێك پرسیارە: خۆیشم شیعری "رووناك"م پێ جوانە. ئەوەی کە دەڵێی جوانترین شیعری منە، با بیسپێرین بەخوێنەر. رەنگە هەر کەسێك دەست بنێتە سەر شیعرێکی تایبەت و بەجوانترینی بزانێ. ئەمە شیعرە، پاش هاتنی دایکی رووناك بوو پێشمەرگایەتی دروستبوو. بیرۆکەی شیعرەکەش، دەتوانم بڵێم، هی ئەوە ! ئەوەی دایکی رووناك بۆیگێڕامەوە، کە چلۆن ماڵاوایی لەرووناك کردوە، بوو بەبیرۆکەی شیعرەکە.

بەشی کۆتایی پرسیارەکەت "بەهیوام واتای ئەوەنەبێ کە بۆ هەر گیانبەختکردنێك شیعرێك دابنرێ. دەنا شیعر بۆ گیانبەختکردوان کەم نین. بەهیوام شیعر بۆ سەرکەوتنەکان زۆرتربێ.

***لەدیوانی "دەنگ هەڵبڕە" نوسیوتە، ئەمە یەکێکە لەهەزار دەرد و ژانەکانم" ئەو هەموو دەردو ژانەچین؟ کە تۆ تەنها و تەنها، لەخەمی خەباتی چینایەتی و کرێکاریدا بوویت؟**



– هەموو دەرد و ژانی کۆمەڵایەتی ریشەیان لەستەمی چینایەتی دایە" لەنەداری و نابەرابەری و ستەمێك دەوەشێتەوە کە ئەم سیستمی "کۆیلەداری کرێگرتە" سەپاندوویە بەسەر زۆربەی جەماوەردا. بۆ نموونە: ئەمڕۆ ئیتر لای گەلێك کەس ئاشکرایە، کە زوڵم و زۆر لە ژنان دەکرێ، کە لەبەرژەوەندی سەرمایەو چەوساندنەوەی خۆڕایی ژنان لەزیندانی خێزاندا دەوەشێتەوە. تەنانەت ئێش و ئازارێك کە دێتەرێی دڵداری و ئەو هەموو گۆرانی و شیعرەی لێی دەبێتەوە هەر لەنەداری و نابەرابەری و مەزهەب وسوننەتی کۆن دەوەشێتەوە، کە لەخزمەتی ئەم سیستمەدایە. ئەمانەو هەزاران دەرد و ستەمی تر، بەسیستمی نابەرابەری سەرمایەدارییەوە بەندە. من و هەڵسوڕاوانی ئەم ڕێبازە هونەریە، بەرەنگدانەوەی ئەو دەرد و ژانانە، ڕێگای ڕامالینی هەموو مەینەت و دەردەکان خۆشدەکەین. بەسەرکەوتنی خەباتی چینایەتی و بەئازادی مرۆڤ لەچەوساندنەوە، ڕێگا بۆ چارەسەری هەموو دەرد و ژانەکان خۆش دەبێ. بۆیە خەمخۆری بۆ ئەم خەباتە، خەمخورێ بۆ رزگاری مرۆڤ لەهەموو ئێش و ئازارێك. دیاریشە من، وەك تاکەکەسێك، فریا نەکەوتووم هەموو ئەو ئێش و ئازارەی دیومەو ناسیومە، وەك بەرهەمی هونەری پەروەردەبکەم.

## هەرسێ دیوانەکەی خۆم پێ جوانە

*کام لەو سێ دیوانەی خۆتت زۆر پێ جوان و باشن؟

– هەرکام بەشێوەیەك لای خۆم بایەخیان هەیە. لەمێژووی خەباتی چینایەتی ناوچەکەشدا، هەرکام جێگای خۆیان هەیە.

***لەگەڵ ئەوەی تۆ خاوەنی چەندین شیعری گەورەو جوانی، بەڵام هێشتا زۆر لەنوسەران و شاعیران و خوێنەران، بەناوی تۆو بەشیعرەکانی تۆ ئاشنانین، دەبێ هۆکاری ئەمەچی بێت؟**

– کۆمەڵ پێکهاتووە لەچینی ناتەبا. دوابەدوای ئەمەش چێژی هونەری نا تەبا لەکۆمەڵدا دەناسرێنەوە. لەوانەیە ئێستا، وەك سەردەمێکی بەهێزبوونەوەی ناسیونالیسم و ئایدۆلۆژیای سەرمایەداری، چێژی هونەری ئەوان دەستی باڵای هەبێ و بەو پێیەش، لەوانەیە لایەنگرانی چێژی باوی سەردەم، ئەم شیعرانەیان پێ جوان نەبێ.

## شیعرەکانم لەریالیزم نزیکترن

*** بەشێکی شیعرەکانت هەرچەندە ساکارن، بەڵام مانا و وێنەی جوانیان تێدایە دەکرێت بڵێیت سەر بەچ قوتابخانەیەکی شیعرین؟**

– لەپرسیاری پێشوودا باس لەگەورەیی و جوانی شیعرەکانمەو لێرەدا باسی ساکاربوونیان! سەبارەت مەکتەبی شیعری" ئەگەر کارەکانم رەنگدانەوەی هەست و رەوشی کۆمەڵانی کارگەر و چەوساوەبێ لەخەباتی چینایەتی دا، لەوانەیە لەریالیسم نزیك بێ.

***پێموایە لەبەرئەوەی تۆ کەسێکی چەپ و مارکسی بویت و لەژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیایەکی مارکسی دابویت، بۆیە بەوشێوە پەیوەست بوون**



**بەمافی کرێکار و رەنج و مەینەت و هەژارییەوە لەناو شیعرەکانت رەنگیداوەتەوە؟**

– ئێستا باسی تازەتر زۆرن. ئەوەی کە ئایدۆلۆژیای مارکسی چییەو چۆنە، با لێرەدا نەچینەسەری، بەڵام، بەڵێ بێ مافی کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵك و دەرد و ژانیان لەشیعرەکانمدا رەنگیداوەتەوە.

## شیعرەکانی من لەپێناو ئازادیدا بووە

***دەکرێت بڵێم تۆ شاعیری چەوساوەکانی؟**

– شیعر و نووسراوی من، لەپێناوی ئازادی و بەرامبەریدا بووە. لەسەرەتادا بەبۆنەی تیکەڵاوی خەباتمان لەگەڵ ناسیونالیسم، بەرهەمەکانی منیش ئەو شوێنەوارەیان پێوەدیارە. هەتا هاتووە، بەدوور کەوتنەوەی خۆم لەناسیونالیسم، بەرهەمەکانیش ئاشکراتر دەکەونە پێناوی ئازادیی و بەرامبەرییەوە. "هونەری کارگەری"، "هونەری چەوساوەکان" یان لەمانەش دێرینتر "ریالیسمی سوسیالیستی" چەند نێو و سەر دێرن بۆ پێناسەکردنی رەنگدانەوەیەکی تایبەتی هەست و هۆشی مرۆڤ لەهونەردا! مرۆڤ، هەر بووە هەستی خۆش و ناخۆشی خۆی بەرانبەر بەدەوروبەر، لەهونەر دا دەربڕیوە. بەگوێرەی هەڵوێستی چینایەتیش ئەم رەنگدانەوانە جیاواز بوون. مانگرتنێکی سەرکەوتوو بۆ کرێکار جەژنەو بۆ سەرمایەدار شین و شەپۆڕ!

لەگەڵ وشیاری چینایەتی چینی کرێکاردا کە پێیدەڵێین کۆمۆنیسم، هەست و هۆشی مرۆڤەکان، بەتایبەت چینی کرێکار، زیاتر وشیارانەیەو تێگەیشتووە کە ریشەی مەینەت و نەهامەتیەکانی ، نەك هەر تەنیا کرێکاران بەڵکو هەموو مرۆڤیش، لەم سیستمە چەوسێنەرەدایە، بۆیە هەرخۆشییەك و هەر هەستێکی جوان، یان هەر جەخارێك و هەست بەناکامی و مەینەتبارییەك، بەجۆرێك لەجۆرەکان، پەیوەستە بەهەڵسوکەوتەوە لەم مەیدانەدا. مەبەست لەم رێبازە، چ وەك ئەوکات ناوی هونەری کارگەری بێ، چ لەژێر هەر ناوێکی تردا بێ، هونەرێکە رووبەرووی هەر نابەرابەری و مەینەتێك دەبێتەوەو هەر خۆشییەکی مرۆڤی دەنوێنێتەوە.

ئەم رێبازە، ئازادی و بەرابەری پێکەوە دەکاتە ئامانج! نەبۆ ئازادی، بەرابەری فیدا دەکاتو نەبۆ بەرابەری، ئازادی دەنێتەلاوە ! من خۆم سەرسامم کە بۆچی "ریالیسمی سوسیالیستی" بەو دەردەچوو دەنا ئەو ناوە، نێوێکی رەسا و پەسایەبوو بۆ ئەم رێبازە. "هونەری چەوساوەکان" لام زۆر روون نییە. هونەری کارگەریش، لەگەڵ یەك شوێنی دنیا، مەعنای رەنگدانەوەیەکی ساکاری ژیان و خەباتی کرێکارانە، کە هەمیشەش وشیارانەو پوختو پاراو نییە. دیارە مەکتەبە جۆراوجۆرەکان ئازادن، بەڵام من، خۆم بەلایەنگر و هەڵسوڕاوی هونەرێك دەزانم کە سەرچاوەی مەینەتەکان لەسیستمی چەوسانەوەدا دەبینێ و خۆشی و کامەرانیی بەمرۆڤیش لەسۆسیالیزمێکدا دەبینێ، کەهەر ئێستا زیندوەو دەستکەوتی گەشی بۆ بەرابەری و ئازادی بەمرۆڤیایەتی بەدەستهێناوە. رێبازێکە، سەرەڕای هەر گیروگرفتێك، رووی لەئاسۆی گەشی ژیانێکە گەش و پاراو، دوور لەئیش و ئازار، بەپانایی هەموو گۆی زەوی.



پرسیارەکە لای من ئاوای لێدێ، کەکاری هونەری من چەندە رەنگدانەوەی هەست و هۆشی ئەم رێبازەیە. وەڵامەکەی دەسپێرمەوەبەخۆت و بەخوێنەران.

*لەشیعرەوەبۆ خەباتی چەکداری شاخ و دواتر بۆ ناو مۆدێرنەی ئەورووپا، دووجیهانی جیاواز، بۆچی دوو جیهان؟ ئایا خەباتی پێشمەرگانەت کاریگەری لەسەر شیعرەکانت جێهێشت؟ لەبارەی سەردەمی شاخەوە چی دەڵێیت؟

– من ئاڵوگۆڕەکە بەشێوەیەکی تر دەبینم. بەهێزبوونەوەی کۆنەپەرستی و ناسیۆنالیسم، پاڵی بەئیمەوەنا کە شوێنی، خەبات و ژیانمان بگۆڕین. لاوازبوونی خەباتی کۆمۆنیستیش، هەم لەوێ، هەم لەگۆڕەپانی جیهانیدا، کاریگەرییەکی وایکردوەتە سەر هونەر، کەجێگای لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتییە.

*لەیەکەمین بەیاننامەی (کانونی هونەر و ئەدەبی کرێکاری کوردستان) لەجۆزەردانی (١٣٦٤) (ژوئەی ١٩٨٥)دا” هاتووە ئامانج لەدامەزراندنی کانون، پەرەپێدانی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری پەروەردەکردنی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بەرینی کرێکاران و زەحمەتکێشانە بەخەباتی چینایەتی؟

– ئەو بەیاننامەیە هی سەردەمی خۆیەتی. ئێستا گەلێك شت گۆڕاوە، ئەوەندە بەپەرەدان بەهونەرو ئەدەب و کەلتوری کرێکاری هەمیشە کارێکی باشەو بەتایبەت روونکردنەوەی پەیوەندی هونەری جۆربەجۆر بەچین و توێژەکانی کۆمەڵ و روونکردنەوەی رۆڵی هونەر لەخەباتی کۆمەڵایەتیدا، بەچاك و خراپییەوە، باسێکی هەمیشە تازەیەو شایانی لێکۆڵینەوەیە. هونەری کرێکاری، لەگەڵێك شوێنی جیهاندا، بەو مەعنایە نییە کە لەو بەیاننامەیەدا

هاتووە. ئێستا ئەگەر بمانەوێ، هەر بەو مەبەستەوە، گەشە بەهونەر بدەین، دوور نییە نێوی گونجاوتری بۆ بدۆزینەوە. وەك باسمكرد "ریالیزمی سوسیالیستی" رەنگە ئێستا، وەك سەردەمی ستالین واتاكەی لێكنەدرێتەوەو ناوێك بێ كە ئێمەش بتوانین بەكاری بێنین. كۆسپی گەورە ئەوە نییە كە بزووتنەوەكە چ نێوێكی هەبێ، بەڵكو كۆسپی گەورە ئەوەیە، كە سەرمایەداری توانیویەتی هونەری خۆی، لەهالیوودەوە تا بالیوود، بكاتە پاڵپشتی پروپاگەندەی خۆی بۆ ئابڕودان بەم سیستمە ستەمكارانەیە، بۆ بەچاك دانانی ململانێ و رقەبەری نێو مرۆڤەكان، رقەبەری ناسیونالیستی بەپیرۆز دابنێ، مەزهەب، بەخەرجكردنی ملیار ملیار دۆلار، وەك حەقیقەتێكی پیرۆز بنوێنێ، خێزان، نەك وەك بەندیخانەی ژن و منداڵ، بەڵكو بەتەنها پەناگەی تاكەكەس بداتە قەڵەم، شەڕ و بۆمبای جۆراوجۆرو ئاوارەیی و نەداری بكاتە بەشێكی جیا نەكراوەو هەمیشەیی ژیانی بەشەر! لەهەمانكاتدا، ئێمە ئەگەر هەولێكمان دابێ، نێویان ناوە هونەری "ئایدۆلۆژیك"! چما هونەری خۆیان ئایدۆلۆژیك نییەو هونەری خۆیان قینی ناسیونالیستی و راسیستی و ناموسپەرستانەو دژ بەژن و دژ بەیەهود و دژ بەهەڵخەڵەتاوانی مەزهەبەكانی تر بڵاوناكاتەوە.

لەكاتێكی ئاوادا، زیاتر لەهەمیشە پێویستە ئێمە دەنگ و هەست و هۆشمان بەبارێكی تردا گۆشبكەین. زیاتر پێویستە دەنگی جەوهەیل و جان و لنون لەدژی ناسیونالیسم و مەزهەب ببیستین و بڵاوییبكەینەوە. زیاتر لەهەمیشە پێویستە دەنگی برتۆلد برشت لەدژی شەڕ بانگەواز بكەینەوە. زیاتر لەجاران مەزهەب و خێزان و ناموسپەرستی و مالكییەت بگرینە ژێر هێرش و تەوس و توانج. باوەڕو تاسەو تامەزرۆیی بۆ ئاشتی جیهانی و خەبات بۆ نەهێشتنی شەڕ و ئاوارەیی، ئێستا، زیاتر لەهەمیشە پێویست دەكات. باسەكە كورتكەینەوە:



"ریالیزمی سوسیالیستی"، "هونەری كارگەری"، "هونەری چەوساوەكان"، "هونەری ئاوانگارد" یان هەر نێوێكی تری لێدەنێن، ئەمە رێبازێكە بۆ وەڵامدانەوە بەنیازێكی كۆمەڵایەتی ئەم سەردەمە. كانوونەكەی ئەوسای ئێمە هەوڵدانیكبوو بۆ خۆشكردنی ئەم رێبازە. چەندە سەركەوتوو بوو، یان چەندە تاڵاوی ناسیونالیسم بەو دەردەی برد، باسێكی ترە. رووبەڕوو بوونەوەو خەبات دژی هەڵوێستی هەڵەشی لەم بوارەدا، بەشێكە لەم ئەركە! بەڵام رێبازەكە نیازێكی كۆمەڵایەتییە" كانوونیش نەبێ كەسانی تر دەیكەن.

***بۆچی تائێستا دیوانێكی چاپكراوی تازەت نییە، دەكرێت پێمبڵێیت، یەكەم شیعرت چی بوو؟**

– "چەند لاپەڕە لەدەفتەری رۆژانەم" لە(٩٠)ەكاندا بڵاوبووەتەوە. یەكەم هەڵبەستی خۆم دەگەڕێتەوە بۆ دەیان ساڵ لەمەوپێش، سەرەتای لاویم و زەمانی پاشایەتی ئێران، كاتێك كە من بەنهێنی و بەدەستنووس كارەكانم بڵاودەكردەوە. هەر بەو بۆنەشەوە گەلێكیان تێداچوون و هەندێكیان لەبیریش چوونەوە ! بۆیەش ئێستا بیرم ناكەوێتەوە كە یەكەم شیعرم كامەبووە"

***(١٣٦٧) (١٩٨٨ ی زاینی) لەناوچەكانی مەریوان و سنەو مهاباد چەند شەوی شیعرت بەڕێوەبرد. دەكرێت بیرەوەری ئەو شەوانەمان بۆ باس بكەیت؟**

– شیعر خوێندنەوە بۆ كۆمەڵێك پێشمەرگەی رێبازی كۆمۆنیستی هەمیشە هاندەرم بووە. بەتایبەت كە گوێگران خۆیان شیعرەكانیان هەڵدەبژارد و داوایاندەكرد كە بیانخوێنمەوە.

# هیچ شاعیر و هونەرمەندێك هی هەمووان نییە

***پێتوایە شاملۆ، شاعیری چەوساوەکان بوو، ژانی هەمووان بوو؟**

– هیچ شاعیرێك (و هیچ هونەرمەندێك) هی هەمووان نییە. "هەمووان" چینی چەوسێنەریش دەگرێتەوە. زۆر کەس لەدەسەڵاتدارانی چینی چەوسێنەر، ئەوساش و ئێستاش، شاملۆیان خۆشدەویست. شاملۆ شاعیری ئەوان نەبوو. خزمەتی بەوشیاری و هەستیاری چەوساوەکانیش کەم نەبووە. لێکۆڵینەوەی وردتر لەشاملۆ فرسەتێکی زیاتری پێویستە.

# چەند نموونە لەشیعرەکانی

# ڕێبوار

لەئارێزەوە با بڕوانم
بۆنەکەی خۆشە ئەگاتە گیانم
قیبلەکەم شاری سنەی سەربەرزم



ختاوەنی شۆڕەجوانی تەرزم
قیبلەکەم شاری کزی مل بەکوێن
گۆڕی پیرۆزی شەهیدان لەکوێن
با بچم دەستەگوڵی لێدانێم
دڵی داماوی لەبەر پێ دانێم
گوڵەبارانی گڵی سمکۆ کەم
گڵەبانانی دڵی پڕسۆکەم
چەپکە شیعرێکی بڵێم بۆ سمکۆ
تاوەکو دەردی گران بێتەوە سۆ:
چاوی راستی مە، گۆواری کوردی!
خۆزگەمان پێت کە بەمەردی مردی!
قارەمان! تاجی سەری شێرپیاوان!
ناوی تۆ بووەتە سروودی لاوان.
بێ تۆ بێ بابە هەتیوی سەنگەر
بێ وریشانەوەیە ئاگری شەڕ.
راستە وەک بووڵەمڕی دامردوو
کەوتووەتە، شاری سنە، کزکردوو؛
ـژیلەمۆی بێگرە، پڕ سەودایە؛
ئاگری سووری لە بن سەردایە.
کوڕە کورسانی بەعەشقی "مەیمان"
هەموو گیانیان گڕ و سۆزە و پەیمان

لەبن ئەو ئاگرە سکلی سوورن
مەشخەڵی نوری بەرەو رێی دوورن.
سۆێند بە خوێنی گەش و سووری دڵی تۆ
لەجیای دەست و چەکی ژێر گڵی تۆ
بەهەزاران و هەزار دەست و تفەنگ
هەڵ ئەگیرسێننەوە مەشخەڵی جەنگ
"تا ئەگەینە ئەوی رۆژی واڵا
شەنگەبالا بشەکێنن ئالا"

ساڵی ١٩٦٩

## دەستی ماندوو..!

"دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە"
پەندی پێشینان!

خەجاڵەت بی؛ پیرە مێژووو!



ئاخر تاکەی
بنێینە سەر سکی برسی
دەستی ماندوو؟!
×××
ئەقیژێنن: " قەیران، قەیران،
ژین هەرزانەو ژیان قڕان! "
×××
کورەی عەرزم کردە بەهەشت
چەرخی ئاسمانم گرتە مشت
بەڵام چەرخی چارە-نووسم دوورتر لە مشت!
×××
'دۆعا' یان کوشت؛
هەزار خەون و رویایان کوشت؛
هەزار راز و نزایان کوشت!
ویکتۆر خارا،
جان لنون و
جەوەیل و
ڤیوارایان کوشت!
لەکوێ غەرقی شەرم و
شەلاڵی ئارەقی خەجاڵەت بووی؛
پیری پرتووکاوی مێژوو؟!

×××

پاشەو پاش تاکوێ بچمەوە

هەتا هاوڕێ مارکسم بڵێ

ڤول لێرەیە

هەر لێرە سەمای بۆ بکە!؟

×××

خەجاڵەت بێ پیرە مێژوو!

ئاخر تاکەی

بنێینە سەر سکی برسی

دەستی ماندوو؟!

×××

## ژان

قەلاّ لەجەرگمان ئەکەندرێ، کە شێت نایین.

گێڕایەوە:

دەستێک لیباسی کچانەی

سێ چوار کونتی



شەلاڵی خوێن

لەگەڵ جووتێک کەوشی وڕنی ناسکی پاژنە-خوێناوی

فڕێ درایە نێو حەوش و نێو کۆشی دایک...

لەگەڵ ئەسکەناسێکی پەنجا تمەنی

"ئەو پارەیەش مارەیی کچەکەتانە!!"

×××

قەرەنەی بام

پڕ بەسوڕنام

دەم قیژان ژان و دەم پیقان!

گەرتەپل بام، وام لە ورگی بەتاڵدەدا

بانم بە سەردا رووخابا!

ویولۆن بام

وام ئارشە لە کەمان دەدا

هەموو ژێکانم، بەجارێک

بقیژایەن

چنگیان خستیایەتە جەرگی

هەموو پژدانێکی بێفەڕ..

×××

بوغزم قووت دا و

چاوم بڕیە بەرژەوەندو

بەرەو ئاسۆ

ڕێم گرتەبەر!

## لەم بازاڕە بێ ڕەحمەدا

من ئەو کەسەم

هەموو رۆژێک

ژیانی ئەمڕۆم دەفرۆشم



بۆ کڕینی نانی سبەی

ئەمرۆش دیسان

هاتوومە دەر

"هەی ژین"، "هەی ژین"

ژیانی ئەمڕۆم بفرۆشم

لێم ناکڕێ؛

خاوەنی نان لێم ناکڕێ!

هانایەکم پەنگاوەتە بین و گەروو:

هەی داد، هەی داد!

لەم بازاڕە بێ ڕەحمەدا

ژیان هەرزانترە

لەنان!



## ئەحمەد بازگر:

## شیعر، هەمیشە سەرپەنایەك بووە كە تێیدا ئۆقرەم گرتووە

### ئەحمەد بایەزیدی (ئەحمەد بازگر)

**بازگر لەزمانی خۆیەوە**



* (٢١)ی مارس یان شەوی نەورۆزی (١٣٦١) لە ئاوایی شندرە لە ناوچەی گەورکی سەر بە شاری سەردەشت لەدایكبووم.

* لە بەهاری ساڵی (١٩٩٠)ەوە لە وڵاتی سوید دەژیم.

*ژیانی خێزانیم بریتیە لە جەمیلەی هاوسەرم، پوویا(١٩) ساڵە، هانا (١٨) ساڵە، هەوار (٦) ساڵە و ئاران (٣) ساڵە.

* لە دانیشگای یۆتۆبۆری لیسانسی سوسیۆنۆمی (كۆمەڵناسی)م وەرگرتوەو ئێستا وەك بەرپرسی ئیدارەی سوسیال (یارمەتیە كۆمەلایەتیەكان) لە گەڕەكێكی كۆمۆنی یۆتۆبۆری كار دەكەم.

## چۆن دەستتكرد بە نووسینی شیعرو كەی دەستتپێكرد؟

لەوانەیە زۆر سەیر بێتە بەر چاو، بەڵام من ئەوەندەی بیرم بڕ دەكا، شیعر هەمیشەهەڤاڵێك و بەشێكی جیانەكراوەی ژیانم بووە. ئەسڵەن لە دنیای ساكارو منداڵانەی خۆمدا پێموابوو كە هەموو كەس هەر ئەو پەیوەندییەی لە گەڵ شیعر هەیە كە من بووم. پێموابوو هەموو كەس لە كاتی تەنیاییداو ئەو دەمانەی رۆچنەكانی لێدەگیرێن، پەنا دەباتە بەر قەڵەم و نووسین. زۆر درەنگ و لە تەمەنی سێزدە، چاردە ساڵاندا — ئەو دەم كە دەروازەی ئەدەبیاتی كوردیم لەرێگەی كتێبخانەی خزمێكمەوە لە مەهاباد لێكرایەوە— پەییم بەوە برد كە من سەرم لە نێو دەریای شیعردایە. هەتا ئەو كات هەرچی دەمنووسی و دەمخوێندەوە هەر بەفارسی بوو. هیچ كام لە بەرهەمەكانی هەتا ئەو كاتیم نەماون. ئەڵبەت ئەگەر بشمابان، رووی بڵاوكردنەوەیان نەدەبوو.

بۆچی بوومە شاعیر؟ ئێستاش گرێ پوچکەیەکە هەتا زۆرتر بیری لێدەکەمەوە، کرانەوەکەی بۆم حەستەمتر دەبێ. من نە لە بنەماڵەیەکی ئەدیب و ئەدەبناسدا لە دایکبووم، لە سەردەمی منداڵیم گوێم بە بیستنی شیعر راهاتووە. خەڵکی دێم و تەنیا خوێندەواری گوندەکەمان باوکم بوو کە ئەویش تەنیا ساتێکی ژیانیشی لەسەر کورسی هیچ قوتابخانەیەک دانەنیشتبوو. کوێرە سەوادەکەی لە رێی هەستان و دانیشتن لەگەڵ خوێندکارانی دۆست و ئاشنایدا وەدەستهێنا بوو.

لە عیلمی رەوانناسیدا وشەیەک هەیە بە نێوی (ئێمپاتی)، ئەگەر زۆری قووڵ نەکەینەوە مانایەکەی بە کوردی دەبێ بە (هەست پێکردنی ژان و خۆشی کەسانیتر). من لەو نیعمەتە خۆرسکە بەهرەمەند بووم و هەم ئازار دوانەیەکە کە من لە گەڵیا گەورە بووم. بەپێی هەڵکشانی تەمەنم ئازارەکانیش گەورەتر بوون. هەموو سات و کاتەکانی رۆژانی منداڵیم لێوان لێوە لەدروستبوونی پرسیار:

ئەو شەوەی کە منی شەش، حەوت ساڵە دیتم ژاندارمەکانی رژێمی شا باوکمیان رەپێچەکدا و تارمایی کراسە سپیەکەی لە نێو تاریکی رێگا باریکەکەی قەراغ ماڵاندا گوم بوو.

ئەو رۆژەی یەکەمجار چوومە قوتابخانەو هەستی منداڵانەم بە ئاخاوتنی زبری مامۆستا رووشا.

ئەو یەکەم شەوەی کە لە ژێر لێفەداو بە تەنیایی لە نێو ژوورە شێدارەکەی مەنزڵی موحاسەبەی بابمدا، منی منداڵ بەدەم هەنسکدانەوە لە دووری دایکم خەو بردمیەوە.



ئەو رۆژەی کە منداڵە شارییەکانی حەساری مەدرەسەی ئەروەندرووی سەردەشت منی نۆ ساڵەیان بە کۆپە و کرمانج قاو کرد.

ئەو یەکەم جارەی فارسی گوتنەکەم دەمی موعەللیمە تورک زمانەکەی پۆلی چواری سەرەتاییمی بە پێکەنین قژ کرد.

ئەو رۆژانە، ئەو ساتانە زۆرن، یەکجار زۆرن و لە ئەژماردن نایەن. بەهیوام رۆژێک لە رۆژان بەوردی بچمە نێو ئەو بیرەوەریانەو ئاوڕێکی پشوو درێژ بدەمەوە سەر ئەو سەردەمە.

بەداخەوە ئازارەکانی نێو تەمەنی ئێمەمانان –بە شاعیرو غەیرە شاعیرییەوە– بەسەر خۆشیەکاندا قورساییدەکا. **ئازار و هەستکردن بە ئازار ئەوەندەی هەتا ئێستا عەقڵم پێی دەشکێ هۆی سەرەکی تێکەڵبوونی من لەگەڵ شیعرە**. شیعر هەمیشە سەرپەنایەک بووە کە تێدا ئۆقرەم گرتوە.

## بازگر شاعیری دژی ئازار و ناعەدالەتی

**لە دیدارێکتدا لەگەڵ رادیۆی دەنگی شۆرشی ئێران، خۆت بە شاعیری زەحمەتکێشان ناو برد. ئایا تەنها چینی زەحمەتکێش یان گەلی کوردیش؟**

نازانم مەبەستت لە کام دیدارەیە، بەڵام هەر جارێک لەو دیدارانەی لێرەولەوێ و لەگەڵ ئەم و ئەو کردوومن، ئەم پرسیارە هاتبێتە پێش، بەنەوعێک هەستکردن بە ئازاری کرێکارو زەحمەتکێش لە وەڵامەکانمدا رەنگیانداوەتەوە.

مەرگی ئەو منداڵانەی کە لەبەر دەستتەنگی دایک و باوکیان، تەنانەت دوکتۆرێکیش ناچێتە سەر سەرینی نەخۆشیان، ئێستاش خەوی شەوانەم

لێ ئاڵۆز دەکا. ژیانی منداڵان هەمیشە بۆ من ئەو پێوانە بووە کە کۆمەڵگام پێ هەڵسەنگاندووەو منیشی خستووەتە ریزی کۆمەڵی بەربڵاوی ئینسانی کرێکارو زەحمەتکێش کە دەرفەتی رەخساندنی ژیانێکی شیاوی مرۆڤیان بۆ منداڵەکانیان لێ زەوتکراوە. من لە خشتی سووریش نەفرەتم بوو وەختێك دەمزانی کە قوڕەکەی بە لاقی ناسکی منداڵی مەعسووم و لەدەرس و ژین بێبەشکراو شێلدراوە.

ئەگەر لەو دیدارەدا، کە تۆ مەبەستتە گوتوومە من شاعیری زەحمەتکێشانم قسەیەکی هەڵەم نەکردووە. ئەمە بەیانێکی سادەی هەستکردن بەو ئازارانەیە کە ساڵ دوازدەی مانگ بەسەر زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستانەوەیە.

من ئەگەر بەعەقڵی ئێستام وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، دەڵێم: **(من شاعیری دژی ئازار و رەنجم، دژی ناعەدالەتی و زوڵم، من لایەنگری ژیانم بەهەموو مانا و لایەنەکانیەوە، لایەنگری خۆشەویستی و پێکەنینم.**

کورد وەك نەتەوە ژێردەستە. ئەوە پەڵەیەکی رەشە بەنێوچاوانی مێژووەوە کە چەند دە ملیۆن بنیادەم لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا بە نێوی کوردستان، هێشتا ئاخاوتنیان بەزمانی کوردی بەتاوان سەیر دەکرێ. ژیانی نەتەوەیەك کە ئێستاش لیستی ژمارەی قوربانیانی بەدەست حکوومەتە فاشیستەکانی ناوچەکەوە هەر لەزیاد بووندایە، بێشك یەکێك لەو ئازارانەیە کەمن هەمیشە هەستمپێکردووە.

من بێجگە لە کوردی شارەزاییم بە سەر چەندین زمانی زیندووی تریشدا هەیە. بەڵام هەتا ئێستا هیچ زمانێك نەیتوانیوە لە دنیای ئیحساسی مندا خۆ لە ئەژنۆی زمانی کوردی بدا. **زمانی کوردی**



**ئازیزترین زمانی نێو ژیانی منە. شیعرەکانم باشترین شاهیدی وەفاداری من و ئەو زمانە بە یەکترن. ئەمە نە وەك ئیفتیخار و نە وەك شەرم باس دەکەم.** راستییەکە کە لە درکاندنی زۆرتر خۆشحاڵم.

## بازگر دیوانی چاپکراوی نییە !

* **لەگەڵ ئەوەی تۆ خاوەنی چەندین شیعری گەورەو جوانی، بەڵام هێشتا زۆر لە نووسەران و شاعیران و خوێنەران بەناوی تۆ و شیعرەکانی تۆ ئاشنا نین. بەتایبەتی لەکوردستانی باشور، دەبێ هۆکاری ئەمە چی بێت؟**

ئەم پرسیارە بێجگە لەمن دەبێ لەوانیش بکرێ. لەوانەیە هۆی سەرەکیشی ئەوە بێ، کە من لە چاپکردنی دیوانی شیعرەکانمدا زیاتر لەرادەی پێویست بەکاوەخۆ بووم. خوێنەرانی شیعر و لەوانە نووسەران و شاعیران ئیمکانی ئاشنابوونیان لەگەڵ مندا، لەڕێگەی دیوانێکی شیعرەوە نەبووە. دەکرێ لیستەیەکی دوورودرێژ لە هۆیەکانی ریز بکەم.

وەسواسی یەکێك لەوانەیە. لە سەرەتاوە من نەمدەویست کارێك بکەم کە دواتر لێی پەشیمان ببمەوە. ئەو وەسواسە بەرە بەرە بوو بە عادەت. هەموو جارێ کە لەگەڵ ئەو پرسیارە بەرەوڕوو دەبم، عەزاب دەمگرێ. هەمو جارێکیش کە دەفتەری شیعرەکانم هەڵدەدەمەوە، چاوم دەکەوێتە سەر نووسراوە پەرژوبڵاوەکانم، شیعرە تەواونەکراوەکانم، نووسراوە بێ تاریخەکانم، هەست بەتاوانباریدەکەم. **بەڵام هۆکارەکانی هەرچی بن من ئامادەی وەئەستۆ گرتنی ئەو تاوانە هەم.**

*** بازگر زوو دەستی کرد بە شیعر نووسین، بەڵام زوو وازی هێنا. دەکرێت پێم بڵێی بۆچی؟**

راستە زوو دەستم پێکرد بەڵام لەگەڵتدا نیم بۆ بەشی وازهێنانەکە. من وازم نەهێناوە. بەداخەوە بەردەوامبوونەکەم بۆ زۆر لە دۆستیارانی شیعر ئاشکرا نییە. هیوادارم پێش تەواوبوونی ئەمساڵ لانیکەم دیوانێك بخەمە بەردەستی خوێنەران.

## ژیانی واقیعیم زۆر لە جیهانی ئارەزوەکانم دوور بووە

*** لە شیعرەوە بۆ خەباتی شاخ و دواتر بۆناو مۆدیرنەی ئەورووپا، دوو جیهانی جیاواز، بۆچی دوو جیهان؟ ئایا خەباتی پێشمەرگانەت کاریگەری لەسەر شیعرەکانت جێهێشت؟ لەبارەی سەردەمی شاخەوە چی دەڵێیت؟**

لەبەشی یەکەمی پرسیارەکەت چاك تێناگەم، بەڵام ژیانی من هەتا ئێستا ئەو رەوتەی بووە. من نازانم ئەرێ دەکرا و مومکین بوو جۆرێکیتر بێ. من بۆمنەکراوەو پێموایە ئەوانەی بۆیان لواوە کە مەسیری ژیانیان بەرنامەرێژیبکەن دەگمەنن. لەوانەیە رووداوێکی بچووك رەوت و



روخساری ژیان بگۆڕێ. **ئەوە دەزانم کە ژیانی واقیعیم، هەمیشە زۆر لە جیهانی ئارەزوەکانم دوور بووە.**

خەباتی پێشمەرگانە، بێگومان کاریگەری زۆری کردووەتە سەر شیعرەکانم. ئەگەر وانەبوایە زۆر سەیر دەبوو.

سەردەمی شاخ، سەرەڕای هەموو تاڵیەکانی، گەورەترین مەدرەسەی ژیانم بووە. تەمەنی لاویم یان باشتر وایە بڵێم بەپێزترین ساڵەکانی تەمەنم هەر لەو سەردەمەدا تێپەڕین کەتۆ وەك سەردەمی شاخ نێودێری دەکەیت. ئەو **ساڵانە ئێستا کە ئاوڕ دەدەمەوە سەریان، زۆرتر لە ئەفسانە دەچن!** لە رۆمانی دووردرێژی پڕکارەساتی تاڵ و شیرین دەچن! ئەو ساڵانە سات و رۆژێکیان تێدا نادۆزیەوە کە رووداوێکی تازە تێیاندا رووی نەدابێ! سەردەمێکی پڕ لە جۆش و خرۆش، سەردەمێکی پڕ لە مەرگ و ژین، سەردەمێکی پڕ لەنرکەی هاواری ئێمەو گورزی سەرکوتی دوژمنان، سەردەمێکی پڕ لە نەسرەوتن، شکست، سەرکەوتن، پڕ لە کەوتن و هەستانەوە، پڕ لە هەنگاوی قورس و قایم! وشەی وەك خۆشویستن، لێبووردن، لەخۆبووردن، فیداکاری، ماندوویی نەناسی، سۆزو دڵسۆزی، نوێخوازی، هەدانەدان و بەرەوپێشچوون ئاوێتەی ژیانی رۆژانەمان بوون. ئەو سەردەمە سەردەمێکی هەرگیز لەبیرنەچووەی منە. **داخێکی گرانی ئەو سەردەمە لە رۆژانی ئێستای ژیانمدا ئەوەیە، کە تاقە بیرەوەریەکم نییە کە یادی ئازیزی چەند هاوڕێی شەهیدمی تێدا زیندوو نەبێتەوە.** قورسایی غەمی لەدەستچوونی ئەو گشت رەفیقە خۆشەویستانەم، ئەو هەموو ئینسانە تێکۆشەرو

رزگاریخوازانە، ئەو هەموو لاوە دڵ پڕ لەهیوای ژیانانە، بێ ئەوەی عادەتی پێبگرم بەردەوام لەگەڵمایە !

## لە کوردستان هەستم بەخانە خوێ بوون دەکرد

*** دەتوانم بڵێم دوورکەوتنەوەت لە کوردستانەوە بۆ سوید، زۆر لە شیعر و هەست و سۆزی نیشتمانی دایبڕیوی؟ هۆکارەکەی چییە؟**

– زۆربەی ئەو وشانەی تۆ پرسیارەکەت پێ داڕشتووە، لە لای من پرسیار دروستدەکەن، یان لانیکەم من بەم شێوەیە و بەم زمانە شیعری خۆم وەسف نەکەم. بەڵام نامەوێ بیکەم بە هەویرێکی ئاوهەڵگر، هەر بۆیە لێرەدا دەمەوێ ددان بە راستیەکدا بێنم. **لە کوردستان هەستم بەخانە خوێ بوون دەکرد، بەڵام لێرە هێشتا وەك میوان خۆم دەبینم.** ئەوەم باش لێم روون نییە کە ئەگەر لە جیاتی سوید لە وڵاتێکی تری ئەوروپایی بارگەم خستبایە، هەر ئەو هەستەمدەکرد یان نا !

پەرەوازە بوون و گیرسانەوەم لە سوید سەفەرێك بوو لە ئەحمەد بازگرەوە بۆ پەنابەر! ئەو سەفەرە هێندێك دژواری نامۆ بەژیانی هەتا ئەو کاتمی تێدابوون کە دەبوایە لەگەڵیان دەستەویەخە بم. هەتا پەنابەرێك دەکەیەوە بە ئەحمەد بازگر زۆری پێدەچێ. ئەم کێشەیە بێگومان کاری کردوەتە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانم و لەوانە شیعرم.

من لەگەڵ رەنج و مەرارەت و خۆشی و پێکەنینی کۆمەڵگای کوردستان گەورە بووم. تابلۆکانی ژیان لەو کۆمەڵگایەدا بۆم ئاشنان و



رەمزی پەیوەندی نێوان بنیادەمەکانی ئەو مەڵبەندە دەناسم. بە کۆدەکانی بێگانە نەبووم و لە سەرنجێکی کورتی سەرشەقامدا دەمتوانی لە سیمای غەمباری کرێکارێکی بێکاردا تابلۆی غووری تێکشکاو و ژانی ژینێکی بێسبەینێ، ببینم. نیگای برسی، ترساو و بێئارامی هەر منداڵێك رۆمانێکی دەدایە دەستم. خوێندنەوەی داستانە دوورودرێژەکانی پشت رەشپۆشیی دایکەکان، دارستانە بەخەڵوزکراوەکان، گڵکۆی شەهیدەکان، شارە خنکێندراوەکان و ژینە تەنگ پێهەڵچنراوەکان زۆر بۆم سادە بوو.

کۆدەکان، رەمزەکان، پەیوەندیەکان، زمانەکە، مێژووەکە، سەرقاڵییەکان و تەنانەت ژانەکان دوای هاتنم بۆ ئەوروپا جیاوازیان هەیە.

هەدانەدان، تێکۆشان و بەسەر کۆسپەکاندا سەرکەوتن وادیارە زیاتر لە رادەی پێویست بە بەژنی ئێمەمانان براوە. هەر بۆیە ئەم کێشەیە هەروا بەردەوامە و هەتا ئێستا لە پێی نەخستووم. بەڵام چەندە سەرکەوتوو بووم یان دەبم دەبێ داهاتوو نیشانیبدا.

*** مەسەلەی ژنان و خەباتی چینایەتی دوو چەمکی گەورەن لە ناو شیعرەکانی تۆدا. ئەمە لەچییەوە سەرچاوە دەگرێت؟**

سەرنجەکەی تۆ لەسەر شیعرەکانی من راستە، بەڵام پێمخۆشە بەر لەوەی وەڵامت بدەمەوە دەستکارییەکی بکەم.

خەبات و لەوانە خەباتی چینایەتی لەخۆیدا زۆر کێشەی زەق و کۆمەڵایەتی دەگرێتە خۆی. من شاعیرێکی هەناسە ساردی دانیشتووی

نێو ژوورێکی شێدارو نیوەتاریکی گوندێکی پەڕیوەی کوردستان نەبووم کە لەنێو قەڵەم و کاغەزی پەرشوبڵاوی دەوروبەرمدا فرمێسکی بێدەسەڵاتی هەڵڕێژم و خەفەت لە بێوەفایی زەمانە بخۆم. من خۆم هەموو ساڵەکانی لاوێتیم لە نێو بڵێسەی گڕی خەباتێکی گەرمی شۆڕشگێڕانەو رزگاریخوازانەی کوردستاندا تەیکردن. ڕۆژو شەوەکانی ئەو ساڵانەم پڕە لەبەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ دنیایەك کێشەی بچووك و گەورە: چارەسەرکردن و ئاشتکردنەوەی دوو جیرانی دڵ لەیەکتر هێشاو، رزگارکردنی کۆرپەیەکی سەر لانکە کەفەرەنگی دزێوی گەورە بچووك کردن، دڵدانەوەو هیوابەخشینەوە بەدایکێکی جەرگ سووتاو، شەڕی مان و نەمان لەگەڵ دوژمنی کورد، دەنگ خستنە پاڵ دەنگی کرێکارانی کوورەخانەکان، بەگژداچوونەوەی ئەو ئاگرەی کە شاخ و شاری کوردستانی کردبووە گۆڕەپانی بەرەنگاری...

لەو نێوەدا دوو کێشە، دوو پرسیار، دوو گرێ یان دوو ژان زۆر لەشیعرەکانی مندا رەنگیان داوەتەوە. مەسەلەی ژنان و بێمافی منداڵان. تۆ دەپرسی سەرچاوەی ئەو دوو چەمکە لە شیعرەکانی مندا چییە؟ بەڕاستی خۆشم نازانم. وەڵامەکەی لەوانەیە ئەوە بێ کە ئەم دوو کێشەیە، دوو کێشەی زۆر گەورەی کۆمەڵگای کوردستان بن. لەوانەیە من هەستم بەوە کردبێ کە ئەم دوو کێشەیە دوو پێوانەی زۆر گونجاو بن بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکیان پێهەڵسەنگێنی. لەوانەیە زەقبوونەوەی ئەو دوو چەمکە لە شیعرەکانی مندا رێك پەیوەندی راستەوەخۆیان لەگەڵ ژیانی منداڵیی خۆمەوە وەك تاکەکەس هەبێ، لەوانەیە...



*** دەکرێت بڵێم کە دەیەی هەشتاکانی سەدەی رابردوو (١٩٨٠/١٩٩٠) بە دەیەی شیعری ئەحمەد بازگر بزانین؟**

زۆر لەوە دەچێ وابێ هەرچەند سەلماندن و قبووڵ کردنی زۆر بۆم سەختە !

***لە یەکەمین بەیاننامەی کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستان لە جۆزەردانی (١٣٦٤) دا هاتووە ئامانج لە دامەزراندنی کانوون، پەرەپێدانی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری و پەروەردەکردنی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بەرینی کرێکاران و زەحمەتکێشانە بۆ خەباتی چینایەتی.**

**دەپرسم تۆش لە هەیئەتی دەبیرانی کانوون بوویت، مەبەست لە دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی بەتەنهای ئەدەبی کرێکاری چی بوو لە کاتێکدا شۆڕش، شۆڕشێکی جەماوەری و کۆمەڵایەتی بوو؟**

هەم ئەو وەختی و هەم ئێستاش تەعبیری "هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری" لە روانگەی زۆربەی ئێمەوە باسێکی ئاوەڵا بوو. پێموایە ئەم باسە زۆر پرسیاری وەڵام پێنەدراوەی لە خۆیدا هەیە. زۆر راحەت دەکرێ ئەدەبی کرێکاری لە رۆمان و شیعر و کورتەچیرۆکدا دەستنیشان بکەی، بەڵام وەختێك مەسەلەن دەگەیە مۆسیقا و سەما تووشی ژانەسەر دەبی. ئێمە ئەو وەخت زۆر باسی بەپێز و دوورودرێژمان لەسەر ئەو نێودێرکردنە کرد. بەداخەوە بەشی کەمیمان نووسیەوە و بەئاگاداری دەرەوەی خۆمانمان گەیاند.

ئەوەی سەرەنجام ئێمەی هێنایە سەر ئەو قەناعەتە کە کانوونەکەمان نێو بنێیین کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری، زۆرتر سنوور کێشان لەبەینی خۆمان و بەشی زۆری ئەو رەوتە ئەدەبی و هونەریانە دابوو کە هیچ جێگە و

رێگەیەکی بۆ ئەدەبی کرێکاری لەبەرچاو نەدەگرت. ئێمە هەروەك لە رەوتی سیاسی و فکریدا حەولماندەدا سەرنجی دنیا بۆ لەمەیدان دابوون و کۆڵەکەبوونی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان لە بزووتنەوەکەدا رابکێشین، دەمان هەویست لە مەیدانی هونەر و ئەدەبیاتیشدا ئەو چینە چەکی خۆی هەبێ.

من ئێستا گومانم هەیە کە لەو کارەماندا سەرکەوتوو بووین. بەڵام ئەوەی کە لێی بێشکم دانانی بەردی بناغەی رەوتێکی ئینسانی بوو کە بەرهەمی تێکۆشانی سەمیمیترین بەشی شاعیران، نووسەران و هونەرمەندانی کوردستان بوو.

## ئێستاش فتوای کوشتنی سەلمان روشدی مەحکوم دەکەم

- **کاتی خۆی لە ساڵی (١٣٦٧) دا فەتوای کوشتنی سەلمان روشدی نووسەری کتێبی ئایاتی شەیتانیت مەحکووم کرد، ئایا ئێستاش هەر لەسەر ئەو هەڵوێستەی؟**

بەڵێ! فەتوای کوشتنی نووسەرێك بەتاوانی نووسینی کتێبێك لەگەڵ هەموو ئەرزشەکانی ئینسانی ناتەبایە و هەمیشە و لەهەر هەلومەرجێکدا دەبێ قبووڵ نەکرێ.

*** هەیئەتی ئیجرایی کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری زۆر شاعیرانی وەك (ئەحمەد بازگر، حەمەدی میسری، فەرەیدون نازری،**



**رێبوار، ناسر حیسامی، سەعید وەیسی، خالید رەحیمی، وریا ئارێنان، رزگار عەلی پەنا، ویدا رەزایی) لەخۆ گرتبوو، ئایا ئەمانە هەموو لە سەر کار و مانیفێستی مارکسیزم و ئایدیای مارکسیزم کاریان دەکرد یان شێوازێکی تر بوو؟ پاشان دەپرسم ئەم دەنگانە، ئەم شاعیرانە لەکوێن؟**

وەڵامدانەوە لەجیاتی ئەو هاورێیانە کارێکی دژوارە. ئەوەی مەعلووم بوو هەمووی ئێمە پێشمەرگەی کۆمەڵە بووین و کۆمەڵەش رەوتێکی مارکسیستی و چەپی کوردستان بوو.

خاڵێك گرنگە کە من دەبێ لێرەدا باسیبکەم. کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری تەشکیلاتێکی لاوەکی سەر بە کۆمەڵە نەبوو. حەولی هەمووی ئێمە ئەوە بوو کە ئەو رێکخراوەیە لە بیر و بۆچووندا سەربەخۆ بێ و لە سەر پێی خۆی راوەستێ. پاراستنی سەربەخۆیی تەشکیلاتێکی ئەدەبی و هونەری لە نێو رێکخراوەیەکی سیاسی سەرقاڵی شەڕدا، ئەرکێکی سەخت بوو.

ئەو دەنگ و شاعیرانەی تۆ نێوت هێناون ئێستا هەموویان لە وڵاتە جۆربەجۆرەکانی ئەوروپا و ئەمریکا دەژین.

## ئێمە شاعیری شۆڕشگێڕو چینایەتی بووین

*** دەکرێت بڵێین (بازگر، رێبوار، نەکەرۆز، م خارا، پشکۆ، حەمەدی میسری، ناسر حیسامی.) لە دەیەی هەشتاکاندا وەکوو پێشەنگی شیعری**

**شۆڕشگێرانە یان شیعری چینایەتی بناسرێن بەتایبەت؟ یان وەکوو ئەدەبی بەرگری چاویان لێبکرێت؟**

بەلای منەوە هەر دووکیان.

## یەکەم شیعرم بەفارسی نوسی

*** تا ئێستا دیوانێکی چاپکراوت نییە، بۆچی؟ دەکرێت پێم بڵێیت یەکەم شیعرت چیبوو؟**

وەدواکەوتنی دەرخستنی دیوانێك، عەزابێکی چەندها ساڵەیە کە لەگەڵ خۆم دەیکێشم. ئەو سەردەمە لەکوردستان زۆر وەسوەسەم بوو لە چاپکردنی دیوانی شیعر. پێمخۆش نەبوو کارێك بکەم کە دوایی لێی پەشیمان ببمەوە. دوای هاتنم بۆ دەرەوە زۆری پێچوو هەتا دامەزرامەوە. موشکیلەی سەرەکیم لەم ساڵانەی دواییدا وەختە. بە هیوای نووسینی پێشەکیەکی تێروتەسەلم بۆ یەکەم دیوانی شیعرم. وردە وردە خەریکم واز لەو بیرۆکەیەش دێنم و دامناوە ئەمساڵ، تەنانەت ئەگەر بە کەموکورپیشەوە بێ دیوانێك چاپبکەم.

یەکەم شیعرم، ئەگەر بکرێ نێوی شیعری لێبنێی، بە فارسی بوو. بەفارسی نووسینم بەو دەلیلە سادەیە بوو کە بەفارسیش دەمخوێند. هیچ کام لە نووسینەکانی ئەو سەردەمەم نەماون. یەکەم شیعری کوردیم دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێك لەتەمەنم کە پێموایە لەدەوری سێزدە، چاردە ساڵان دابووم. چێژی



خۆشی ئەو سەردەمی کە بەکوردی نووسین و خوێندنەوە فێر بووم، ئێستاش هەستپێدەکەم.

لەشاری سەردەشت لە شوێنێك بەنێوی کەنەکان، سێ کانی لەپەنا یەکتر، نێویان لێنرابوو کانی مەلا ئاوارە. مەلا ئاوارە ئەو پێشمەرگە شۆڕشگێڕە بوو کە لەو شوێنە لەتەك دوو هاوڕێی تریدا، بەدەست ئەرتەشی ڕژێمی شای پەهلەوی، ئیعدام کران. خەڵك دەیگوت ئەو کانیانە دوای ئەو کارەساتە هەڵقوڵاون.

**لەتەک دۆستێکمدا بە هیوای گەڕان**
**لەشار چووینە دەر بۆ لای کەنەکان**
**لەنێو دۆڵێکی ناو سەوزە گیا**
**وەک چاوی قرژاڵ سێ کانیلکەی جوان**
**هاورێکەم گوتی ئەم کانیانە**
**لەدوای ئاوارە لێرە هەڵقوڵان**
**پێم گوت نا رەفیق، هەڵنەقوڵاون**
**بۆ رۆڵەی دەگری دایکی نیشتمان**

*** هونەر و ئەدەبی کوردی لەناوەوە، لە تاراوگە چۆن دەبینی؟ هەنگاوی ناوە یان لە قەیران دایە؟**

وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنە و لێزانانە هەیە. من ئەو ئامادەگیە لەخۆمدا نابینم کە لەم بابەتەوە نەزەر

بدەم، بەڵام واهەستدەکەم کە هونەر و ئەدەبیات یان بەگشتی جموجۆڵی فەرهەنگی لەناوەوە زۆرتر چوەتە پێش.

## بەشاملو زۆر موعجیبم

*** بە چ شاعیر و نووسەرێك زۆر موعجیبی؟**

ئەو شاعیر و نووسەرانەی کە لە خوێندنەوەیان وەرەز نابم زۆرن. یان دەکرێ بڵێم کە خوێندنەوەی زۆربەی هەرەزۆری شاعیران و نووسەران بە کورد و غەیری کوردەوە، خۆشیم پێدبەخشن. **بەڵام ئەحمەدی شاملوو، شاعیری ئێرانی فارس زمان** زیاتر لە هەمووان دەمباتە نێو دنیا جوانەکەی خۆی.

***بۆچوونت لەسەر ئەم شاعیر و نوسەرانە چۆنە؟ بەدێرێك. (شێرکۆ بێکەس، سۆزان مامە، رێبوار، محەمەدی میسری، کاکە، ناسر حیسامی، شاملوو، فروغ، سوارەی ئێلخانی، رەحمان تەرەغە، سەعید ئەمانی و سەمەدی بهرەنگی.**

راستیەکەت بوێ ئاشناییم لەگەڵ بەرهەمی بەشێك لەو نێوانە نییە. بەڵام ئەگەر هەمووشیانم بەباشی ناسیبا، پرسیارەکەتم بێ وەڵام دەهێشتەوە. پێم بێئینسافیەکی گەورەیە دەرحەق بەو نێوانە ئەگەر بۆچوونی خۆمیان لە دێڕێکدا لەسەر دەربڕم.



## بازگر فێمینیستە

*** دەکرێت بڵێم شیعری (زوڵفا) نموونەیەکە لە خەباتی فێمینیستی تۆ سەبارەت بەژنان. پاشان دەپرسم زوڵفا کێیە؟ دواتریش دەپرسم خۆ ئێستا رۆژانە چەندین زوڵفا دەکوژرێن، بەڵام تۆ شیعریان بۆ ناڵێیت؟**

وشەی فێمینیسم هەر تووشی ئەو بەڵایە هاتووە کە وشەی کۆمۆنیزم، ناسیونالیزم و لیبرالیزم و ئەوانیتر تووشیهاتوون. دەکرێ بڵێم لە زۆر بارەوە بە ئەندازەی ژمارەی بنیادەمەکان یان هەر نەبێ بەقەد ژمارەی حزبە سیاسیەکان، تەعبیری جیا جیا لەو وشانە دەکرێ. بەم هۆیە زۆر بە ئیحتیاتەوە من ئەو وشانە بەکاردێنم، یان زۆر جار تەنانەت خۆمیان لێدەپارێزم.

شیعری زوڵفا هاواری ئیعتیراز و نەفرەتی منە دژ بەو ستەمەی کە بەسەر ژنەوەیە. تۆ دەکرێ هەر نێوێك کە پێت شیاوە لەسەری دابنێی. زۆڵفا نموونەیەك لەو کچە بێمافانە بوو کە بوو بە قوربانی پیاوسالاری کۆمەڵگا و فەرهەنگی رزیوی هێشتا ئاسەوارماوی سەدان ساڵ لەوەبەر. زوڵفاش حەقی هەبوو وەك هەر مرۆڤێکیتر رزگار بژی و لە نیعمەتەکانی ژیان بەهرەمەند بێ. حەقی هەبوو ئەو لانیکەم مافەی کە خۆی هاوسەری ژیانی دەستنیشانبکا، بۆ بسەلمێندرێ. زوڵفا نەك هەر ئەو مافەی لێ قەدەغەکرا، بەڵکو بەشێوەیەکی درندانە قەسسابیش کرا. زوڵفا تەنیا نموونەیەك لە هەزاران کچی ماف لێ زەوتکراوی کوردستان

بوو. شیعری زولّفا لەدایکبوو لەبەر ئەوەی من هەم زولّفا و هەم بنەماڵەکەییم دەناسی.

شیعری لەچەشنی زولّفام لەو وەختەوە نەگوتوەتەوە، بەڵام ژانی ستەم لەسەر ژن پۆی نێو رایەڵی هەمیشە دیاری شیعرەکانی منە. ئەم شیعرە کورتەی خوارەوە لەدایکبووی شەوێکی ساردوسڕ و تاریکی یەکەم مانگی ئەمساڵە. ئەم شیعرەم بۆ ژیلا گوتووە. ژیلاش لە ژێر هەڕەشەی سەنگسارکردنی ئێراندایە.



## ژیلا کێیە؟

ژیلا ژنە !
ژیلا دایکە و
ژیلا منالْ !
ژیلای من ئەو مناڵەیە
کە بووەتە ژن،
کە بووەتە دایک !
دایک و منالْ و ژن !
من هیچ جوانییەک شک نابەم
شان لە شانی
جوانیی ئەم سیْ وشانە دا !
هیچ جوانییەکیتر شک نابەم
وەک ئەم سیانە
تیشکی جوانی
لە رووخساری
کۆمەڵگای چی،
ئا ئەم ئازارستانە دا!
ژیلا بۆی نییە هیچیان بیْ!
نە دایک نە ژن و نە منالْ!

## ئەم هەولّە بۆ من زۆر بەنرخ بوو

*** (١٣٦٧) لە مقەرەکانی کۆمەڵە لە ناوچەکانی مەریوان و سنە و مەهاباد چەند شەوی شیعرت بەڕێوەبرد. دەکرێت بیرەوەری ئەو شەوانەمان بۆ باس بکەیت؟**

سەرنجم لەسەر ئەو پرسیارەت وەك بزمار مێخکوت بوو. بردتمەوە بۆ نێو هاوڕێیانی گوردانی (٢٤)ی مەهاباد، یادگارەکانی گوردانی شوان، گوردانی کاك فوئاد و سەرجەمی ئەو کچ و کوڕە لاوانەی کە ئەو شەوانە لە مقەرەکانی پێشمەرگە تەنیا بۆ گوێگرتن لە شیعر کۆببوونەوە.

شازدە ساڵ دواتر، بیرەوەری ئەو شەوانە دەبێتە پرسیار لە لای تۆ، هێندەیتر من خۆشحاڵ و گەشبین دەکا. من دەزانم ئەو شەوی شیعرانە وەك زۆر یادگاری بەنرخی تری ئەو ساڵانە، وەها تۆمار نەکران کە لە مێژوودا و بۆ نەوەی دواتر بمێننەوە. واوێدەچێ کە تۆ ئەم هەواڵەت لە بەشداربوانی ئەو شەوانەوە بەگوێ گەیشت بێ. ئەوە خۆی لەخۆیدا بۆ من بەنرخە. وادیارە ئەو شەوی شیعرانە ئامانجی خۆیان پێکاوە. خۆزگە ئەو کات، ئێمەمانان عەقڵی بایەخداربوونی ئەو ساتانەمان دەزانی و بەنەوعێك و بەشێوەیەك تۆمارمان کردبانایە، کە بۆ هەموو کەس ئیمکانی دەست پێڕاگەیشتنیان هەبوایە. ئێستا بێشك ئەرشیفێکی گەورەمان لەو مێژووە دەبوو. بەداخەوە ئەمڕۆ دەبێ هەرکام لەئێمە کە بەشداری ئەو رۆژانە بووین، ئەو مێژوویە لەبیرەوەریەکانماندا هەڵێنجین.شەوی شیعر بەداخەوە سوننەتێکی جێکەوتووی پێشمەرگایەتی نەبوو. دەلیلەکەشی لەوانەیە ئەوە بووبێ کە سەرجەمی ژیانی ئەو رۆژانە قەسیدەشیعرێکی پڕ کارەساتی دووردرێژ بوو.



جاروبار لێرەولەوێ هەوڵێك دەدرا. بۆ زاخاوی مێشك و بۆ حەسانەوە و پشوودان، مانگی جارێك، لە ناو مقەرەکان، یان گوردان و پەلەکانی پێشمەرگەدا، بەرنامەیەك هەبوو کە بە بەرنامەی گاڵتە و گەپ نێودێر کرابوو. لەو بەرنامانشدا بەڕاستی زۆر حەولی بەنرخ و زۆرجار بەپێزی هونەری دەدرا. یادی ئەو شەوانەو ئەو بەرنامانەش بەداخەوە زۆرتر لە بیرەوەری تاکەکەسەکاندا ماون.

لەم دواییانەدا چەند هاوڕێیەکی رادیۆ کۆمەڵە چەند کارێکی تایبەت بەو شەوانەیان لەسەر کاسێت تۆمار کرد. هیوادارم ئەو بەرهەمانە لە ئەرشیفی رادیۆی کۆمەڵەدا پارێزرابن.

حەولێکی کورت ماوەش لەلایەن شانەیەکی حزبییەوە بۆ ناساندن و یادکردنی هەرجارەی شاعیرێك، یان نووسەرێك لە کتێبخانەی ناوەندیدا لە ئۆردوگای مالوومە درا. یەکێك لەو شەوانە لەبیرمە یادی مامۆستا گۆران بوو. من یەکێك لە دەعوەتکراوەکانی ئەو یادە بووم. بەڕێوەبەری ئەو یادە هاوڕێیەك بە نێوی ئەمین گورجین بوو. بێئەوەی خۆم خەبەرم بێ، لەخوێندنەوەی ریزی بەرنامەکەدا نێوی منیشی هێنا کە قەرارە شیعر بخوێنمەوە. من و هاوڕێی زۆر خۆشەویستی گیانبەختکردووم ناسح مەردووخ لەلای یەکتر دانیشتبووین. دیارە ئەویش هەر وەك من بێخەبەر، بەڵام قەول بوو شیعر بخوێنێتەوە. ئەو شەوە هاوڕێیەکی تریشمان بەنێوی مامۆستا هیوا وێڵۆنی لێدەدا. بۆ ئەوەی باش بچیە نێو بیرەوەریەکەوە با لێت نەشارمەوە وەزعی ئابووری وماڵی کۆمەڵەی ئەو سەردەم زۆر خراپ بوو. خواردنی شێومان ئەغڵەب نان و پەنیر یان نانێك و هێلکەیەك بوو. هەر ئەوە وایکردبوو کە برسیایەتی لەنێوماندا دیاردەیەکی ناسراو بوو. ئەو شەوە قەول بوو کە لەبەینی یادەکەدا پشوویەك بۆ شیرکاکائۆ

خواردنەوە بدرێ. ئەوە مزگێنیەکی خۆش بۆ هەموو بەشداربووان بوو. بەپشوودانی نێو کۆبوونەوەکانمان دەگوت ئانتراکت.

وەختی گێڕانی شیرکاکائۆ بەنێو بەشداربواندا، لەهەر دوولاوە، کە گەیشتە من و ناسح تەواو بوو. ئێمە هیچ کاممان بەرمان نەکەوت. شیعری ئەو شەوەی من، ئەڵبەت ئەگەر نێوی شیعری لێبندرێ، بوو بەم چەند دێڕەی خوارەوە:

**ئەمن یاران لە ئێوەی دۆست وەک بازگر تەکبیرم دەوێ**
**لە ناو ئێوەی ئاشنادا چەند کەسێ هاوبیرم دەوێ**
**کاتێ گوتیان ئانتراکتە و شیرکاکائۆ دەخۆینەوە**
**گوتم ئۆخەی رۆژەکەیە، شیر بێ بۆ پەنیرم دەوێ؟**
**من و ناسح لەخۆشیانا هەر دوو لێومان بۆ لستەوە**
**بۆ ئەوەی باش لێم حاڵی بن چەند کەسی فەقیرم دەوێ**
**بەڵام کاتێ کاکە ئەمین دوا فنجانە شیری هێنا**
**هەستی توورەم گوتی بەدڵ بۆ کوشتنی تیرم دەوێ**
**لەمەوەدوا دەعوەتم بکەن بێم گوێ بۆ شیعر رادێرم**
**بەر لە شیعر و نەغمەی ویڵۆن، پێشمەرگەم و شیرم دەوێ**

ئیتر با لەوەبگەڕێین کە رۆژی دواتر چەندەم رەخنە لێگیرا و هاوڕێیانی شانەکە چیان پێکردم. گوتیان کە من بەم چەند دێڕە سێبەرم خستە سەر ئامانجی یادەکە. بەشداربوان ئەم بەشەیان زۆرتر لە بەشەکانیتر لەبیر مابوو.



*** خەباتی چەکداری وەکو پێشمەرگە و خەباتی فەرهەنگی وەکو شاعیر لە سەردەمانی شاخدا چیان پێ بەخشیت و چیان لێ زەوتکردیت؟**

وەڵامی ئەم پرسیارە هەڵدەگرم بۆ نووسینێکی تێروتەسەلتر لەسەر ئەو مێژووە.

## شیعری نەورۆزانە نەتەوەییە

*** شیعری نەورۆزانە ناکرێت بڵێیت مەیلێکی نەتەوەیی پێوەیە یان دیسان شیعرێکی چینایەتیشە؟**

فەزای شیعری نەورۆزانە، کوردستانە. هەموو تابلۆکانی ئەو شیعرە بۆ کەسێك کە لەو وڵاتە ژیابێ یان بژی، ئاشنا و ناسراون. تەبیعەتی کوردستان لە دەست داگیرکراوبوونی دەناڵێنێ. ئیتر ئەوە کاری رەخنەگرانە کە ئەم شیعرە دەبەنە چ خانەیەکەوە.

*** لە رۆژانی (٢٦)ی سەرماوەز تا (٢)ی بەفرانباری (١٣٦٥) (١٩٨٦) بەشداری یەکەمین فێستیڤاڵی هونەری کانوونت کرد. ئایا دوای ئەوە بەشداری هیچ فێستیڤاڵێکی کوردی، یان نێودەوڵەتیت کردووە، یان خاوەنی هیچ خەڵاتێکیت؟**

تەنانەت ئەو فێستیڤاڵەش کە تۆ باسی دەکەی لەبیرم نەماوە، هەتا بڵێم لە چەندیتریشدا بەشداربووم. بەڵام زۆرتر لەوەدەچێ کە لەو

بەشداریکردنانەدا هەژار بم. خەڵاتیش بەپێی مەبەستەکەی تۆ و بەپێی رەسمی ناسراو، **نا هیچ خەڵاتێکی لەو چەشنەم وەرنەگرتوە، بەڵام ئەوەی من پێیدەڵێم خەڵات، دیدارێکی لەو چەشنەیە کە لەگەڵ تۆی دەکەم. تۆ منت لەنزیکەوە نەدیوەو منیش ئیفتخاری ئاشنایی نزیکم لەگەڵ تۆدا نییە. بەڵام لە پرسیارەکانتەوە دەردەکەوێ تۆ لە زۆر بواردا رەوتی ژیانی من چاکتر لەخۆم دەناسی. خۆشەویستی لەچەشنی تۆم بێ ئەژمارن. ئەمە باشترین خەڵاتی منە.**

## قانع زەحمەتکێش بوو

*** ساڵی (١٣٦٥) (١٩٨٦) لە نووسینێکتدا ستایشی قانع دەکەیت. مەبەستت لەم نووسینە ئەوەیە کە وەکو شاعیرێکی زەحمەتکێش و خزمەت بەمەسەلەی چینایەتی باسی بکەیت، یان وەکو شاعیرێکی کورد؟**

مەبەستی من کەمتر ئەوەیە کە خەڵکیتر چۆن باسی قانع بکا. زیاتر هەستی خۆمم دەربڕیوەو بۆچوونی خۆمم لەسەر قانع گوتووە. قانع خۆی هەڵقوڵاوی چینی زەحمەتکێشی کوردستان بوو. هەموو ژیانی بە هەژاری و نەداری بردەسەر. ئەوەی لە قانعدا بەرچاوە نەسرەوتن و دژایەتیکردنی — بە پێوانەی سەردەمی خۆی — **لەگەڵ کۆنەپەرستی و خورافە بوو. قانع لەلای من تێکۆشەرێکی رێگای بەرەوپێشبردنی** کۆمەڵگای کوردستان و شاعیرێکی نوێخواز بوو. جەسارەت و نەترسی ئەو شاعیرە دەستتەنگە بۆ من هەمیشە جێی ستایش بووە.



*** جوامێر شیعری "کوا وەختی بوو" بۆ د.جەعفەر شەفیعی نووسیوە. تۆ لەو بارەیەوە شیعری پڕبەپڕی خۆشەویستیت نووسیوە. ئایا ئەم شیعرانە ناچنە قاڵبی شیعری دەربار و ستایشەوەن؟**

– یەکتر خۆشویستن، قەدری یەکترگرتن و تەنانەت ستایشی یەکترکردن ئاکارێکی جوان و شیاوی ئینسانی مرۆڤدۆستە. بەداخەوە ئێمە لە کۆمەڵگایەکدا گەورە بووین کە ستایشکردن ئەغڵەب پەیوەندی راستەوە خۆی لەگەڵ مەنفەعەتی شەخسی و پاراستن و گەیشتن بە پلەو پایەوە بووە. ئەم مەسەلە بووەتە هۆی ئەوە کە تەنانەت وشەی ستایش بارێکی مەنفی و نێگەتیڤی لێنراوە.

خۆزگە دەربڕینی سۆز و خۆشەویستیمان بۆ یەکترو لەوانە تێکۆشەرانی رێگای یەکسانی هەڵنەگرتبایە بۆ دوای مەرگیان. دکتۆر جەعفەر بەزیندوویش شایستەی گەورەترین رێز و خۆشەویستی بوو.

رەسمی ناسراو و لەزاهیردا عامەپەسند ئەوەیە کە یەکتر وەبەر رەخنە بدەین و عەیبەکانی یەکتر لە هەڵڵا بدەین. ئەگەر هەموو ئەو کەسانەی دارێك لە سەر بەردێك بەقازانجی بەشەرییەت دادەنێن، ئافەرینی خۆیان هەر ئەو کاتە و بەسەری زیندوو وەرگرتبایە، ئێستا بارگەمان لەجێیەکی دیکە دەبوو.

بێجگە لەوە دکتۆر جەعفەر، جیاواز لە جێگە و رێگەی تەشکیلاتی و پلەی حزبی، رەفیقێکی خۆشەویست و نزیکی شەخسی خۆشمبوو. مەرگی ناوەختی ئەو ئێستاش برینێکی ساڕێژ نەکراوی سەر دڵمە.

*** پێتوایە شاملو شاعیری چەوساوەکان بوو، ژانی هەمووان بوو؟**

شاملو زۆرتر لە داستانی ئەو فیلە دەچێ کە چەند کەس لە تاریکیدا دەیان ویست وەسفیبکەن. ئەو کەسەیان کە لاقی وەبەر دەستی هاتبوو،

پێیوابوو فیل لە کۆڵەکە دەچێ. ئەوەی دەستیچووبوە سەر گوێی، پێیوابوو فیل لە کەولێکی نەرم و پان دەچێ.....

شاملووش وەك هەمووی ئێمە و وەك هەر ئینسانێکی سەدەی بیستەم کە لە وڵاتێکی پڕ خەفەقان و پشووبڕکراوی ژێردەستی حکوومەتە دیکتاتۆرەکاندا ژیاوە، رەوتی ژیانی پڕ هەڵدێر و نشێو بووە و زۆر جار لە بیرکردنەوەدا سەروخواری کردوە. ئەوەی لە شیعری شاملوودا قەت غایب نەبووە ئینسانە.

من وەختێك لە ژێر تیشکی خۆردا چاو لە شاملوو دەکەم، پەیکەری شاعیرێك دەبینم کە دەنگی هاواری رزگارییە. عیشقی ئەو بە ئینسان دەبینم و نەغمەی دەنگی تێکۆشەرێکی رێگای خۆشەویستی و ئازادی و نەفرەت لە قین و تاریکی دێتە گوێم.

## باسی کارەساتی "بۆتێ"م کردوە

*** لە شیعری ئێوارەیەك لە مێژوومدا دەتەوێت باس لە کارەساتی بۆتێ بکەیت. ئایا خۆت لە ناو ئەو کارەساتەدا بوویت؟**

بەڵێ! من خۆشم لەو کارەساتەدا بووم و ئێستاش تابلۆی تەرمی بێگیان و ئارام خەوتووی سەرجەمی ئەو خۆشەویستانەی کە بوونە قوربانی ئەو ئێوارە سامناکە لەبەر چاومە.

*** شیعری مەیلی بێستان و ئاگری دووری کە ساڵی (١٣٦٧) واتا ساڵی (١٩٨٩) دوو شیعری تۆن و هونەرمەند بەکر لەگزی کردوونی بە گۆرانی.**



**دەکرێت بڵێین حەقی خۆی پێدراون، یان دەکرێت بڵێیت کام لە هونەرمەندان (ناسر، کالی، غولامی، لەگزی) حەقیان بە شیعرەکانی تۆ داوە؟**

من هەر جارەی کە گوێم لە شیعرێکی خۆم دەبێ کە هونەرمەندێك گوتوویەتی، دەچمەوە نێو حاڵ و هەوای کاتی گوتنی شیعرەکە. ئەو ئیحساسە بەرگری دەکا لەوەی کە بێلایەن رای خۆم دەربڕم. یان دەبێ بڵێم بۆ هونەرمەندێکیتر تەقریبەن مەحاڵە کە بە تەواوی بچێتە نێو حاڵ و هەوای ئەو فەزا رووحییەوە کە لە کاتی گوتنی شیعرێکدا بە سەر شاعیردا زاڵبووە. زیاتر گوێگرانی ئەو گۆرانییانەن کە دەبێ لەسەر حەقی شیعرەکان نەزەربدەن. ئەو هونەرمەندانە هەموویان لە یارانی دێرینی منن و هەر کامەیان بەجۆرێك لە لای من خۆشەویستن.

*** ئایا کانوون توانی ئەرك و پەیامەکانی بگەیەنێت؟**

کانوون ئەوەندەی خۆی لە پەیامەکانی حاڵی بوو، یان باشتر وایە بڵێم بەو رادەیەی کە خۆی لە بابەتە جۆربەجۆرەکانی گەیشت بوو، توانی بە گوێی دەرەوەی خۆیشیان بگەیەنێ. کانوون باسێکی دامەزراند، یان دیسان باشتر وایە بڵێم زیندوو کردەوە، کە ئێستاش کەم تا کورت درێژەی هەیە. کانوون بە باسەکانی خەڵکێکی لە خۆی وەدەنگ هێنا کە لە ئاکامدا هونەر و ئەدەبیاتی چەند هەنگاوێك هێنایە پێش.

*** ساڵی (١٣٦٥) لە مالوومە لە شیعری مەیلی بێستان دا دەڵێی:**

**گەشتی باغ و سەر شەقامی تەختی شارانم هەبێ**
**کوا دەڵێم عاشق بە کێو و ژینی شاخانم دەوێ؟**

**باشه با بپرسم بۆیه شاخەکانی کوردستانت جێهێشت و رووتکردە مەملەکەتی سەهۆڵبەندانی سوێد؟ ئایا ئەوه راکردن نییه له واقیعی ژیان و چینایەتی و زەحمەتکێشی خەڵکی کوردستان؟**

هەڵپاچینی بەیتێك، یان رستەیەك له شیعری مەیلی بێستان، وەك ئەوه دەچێ که خشتێك له خانوویەك دەربهێنی و سەد میتر ئەولاتر رای رێبوارانی سەر شەقام لەسەر خانوو بوونی خشتەکه بپرسی. دیاره کەست بۆ رازی ناکرێت که ئەوەی نیشانیاندەدەی خانوویەکه. شیعری مەیلی بێستان لەو خەته هەڵقرتاوه درێژتره. ئەم شیعره به هاوار بۆ ژیانی ئازاد دەستپێدەکات و بەشتێکی واش دوایی دێ.

**لەم شیعرەدا من ئەوانەش دەڵێم:**

**نامەوێ وەک دیل بژیم من ژینی ئینسانم دەوێ**
**پەیکەری وشکی ژیانم بانگ دەکا گیانم دەوێ**

×××

**نامەوێ چی تر ببینم رەنگی زەردی کۆرپەکان**
**رەنگی سوور و لێوی بەبزە و چاوی شادانم دەوێ**
**نامەوێ هۆبە و هەوار و نانی شوانی و دۆی ترش**
**ژینی بێ ناسۆر و دەرد و نەزمی بێ شوانم دەوێ**

× × ×

**ورشە ورشی بەرقی شاری دوورم زۆر جار دی بەشەو**
**من دەڵێم شارم دەوێ، شاری چراخانم دەوێ**
**تا لەوێ ئاڵای ئەوین و خۆشەویستیم هەڵ بکەم**



**شاری خۆشی پڕ لە خەندە و خەڵکی بێ ژانم دەوێ**

× × ×

**شەونخوونی، با و باران، شریخە گوللە و برسیەتی**
**با لەژین میوان بن ئەمڕۆ هەر هەموویانم دەوێ**
**درک و داڵی دەوری بێستان تێپەڕێنم من دەبێ**
**نەک لە خۆشی درک و داڵا مەیلی بێستانم دەوێ**

با لێت نەشارمەوه که وەختی خۆی، چەند رۆژ دوای گوتنی شیعرەکه، له نێو کۆڕێك له ئەدەبدۆستان و بەشێك لەئەندامانی ئەو سەردەمی ناوەندی کۆمەڵەدا باسی لەسەر کرابوو. ئەندامێکی ناوەندی کۆمەڵه گوتبووی که ئەم شیعره بۆنی پاسیفیسمی لێدێ! من ئێستاش بۆ وەڵامی ئەم "رەخنەیه" زیاتر لەوەی که له شیعرەکەدا گوتوومه قسەیەکم نییه.

تازه ئەگەر گەرەکم بێ هەرلەسەر ئەو خەته دەستنیشانکردوەی تۆ له مەیلی بێستاندا هەڵوێستەیەك بگرم، دەبێ بڵێم عەقڵێکی سالم له بەینی گەشتی باغ و سەر شەقامی شار و ژینی نێو شاخ و کێوا، ئەوی یەکەمیان هەڵدەبژێرێ.

نوکتەیەکی تر که جێگای سەرنجه و له پرسیارەکەی تۆدا بەرچاو دەکەوێ، تەسویرێکه که لەسەر کوردستان و سوێد دەدرێ. وەك ئەوه دەچێ که کوردستان هەر شاخ بێ و سوێدیش سەهۆڵبەندان. هیچ کام لەم دوو تەسویره بەیانی واقیعی هەموو لایەنەکانی ئەو دوو وڵاته و ئەو دوو کۆمەڵگایه ناکەن.

ئایا گواستنەوەی بارگەم لە کوردستانەوە بۆ سوێد راکردنە؟
هیوادارم وانەبێ! ئەوە دڵنیام کە مەیل و عەشقم بۆ کۆمەڵگایەکی یەکسان و شاد، رزگاری لە هەرچی بەندە، دوورکەوتنەوەی بەشەرییەت لە هەرچی خەوش و نەفرەت و نەداری و شەڕ، زۆر لە جاران زیاتر بووە. لێرەدا نامەوێ بکەومە سەنگەری هەڵوێستێکەوە کە لەسەر ئەوە پێ بچەقێنم کە من کەسی راکردن نیم.

**لەوانەیە ئەگەر کەش و هەوای ئەو سەردەمی کوردستان –بە هەموو ماناکانیەوە– وانەبایە کە بوو، من ماڵئاواییم لە دارچوالەکەی بەردەمی ژوورە قورینەکەی دارەبەنم هەرگیز بەسەر دەما نەهاتبایە !**

*** ساڵی(١٩٩٢ ) شیعری چۆن بۆت بدوێم لە سوێد نووسیوە. دەکرێ پێم بڵێی تازەئاشنا کێیە؟ یان غوربەت وایکردوە کە ئەم شیعرە بڵێی؟**

تازەئاشنا دەکرێ هەر کەسێکیتری سوێدی بێ. جیرانەکەم، خاوەن دووکانی گەڕەك، شۆفێری ئۆتوبووس، مامۆستای مەدرەسە... تازەئاشنا هەموو ئەو کەسانەن کە مووی رەشی سەرمیان – بەر لەوەی ئاوا هەڵبوەرێ– کرد بە ناسنامەی نوێی کەسایەتیم.
من دەزانم زۆر کەس ئەم شیعرەیان جۆرێکیتریش مانا کردوەتەوە. لەوانەی خۆم بیستوومنەوە، پەیوەندی ئەو شیعرەیە لەگەڵ کێشە ناوخۆییەکانی حزبی کۆمۆنیست. من نامەوێ تەسویر و لێکدانەوەی جۆربەجۆری دۆستیارانی ئەم شیعرە هەڵوەشێنم. ئەگەر ئەم شیعرە کەلێنێکی لە ئیحساسی کەسێك یان کەسانێکدا پڕ کردوەتەوە، لە لای من جێگەی رێزە.



## بازگر: شانۆم نوسیوە

*** جگە لە شیعر شانۆگەریت وەرگێراوە. دەکرێت بڵێم "شەوێك لەماڵی مام حەمە گاوان" هەولێکی خراپی تۆ بوو بۆ نووسینی چیرۆك؟**

شانۆم هەم نووسیوە و هەم وەرگێڕاوە و هەم خۆم کایەم کردوە. نووسینەکانم هیچیان نەماون یان لانیکەم لای خۆم دەست ناکەون. وەختی خۆی شانۆی ئیستیسنا و قاعیدەی برتولێت برێشتم لە فارسیەوە کرد بە کوردی و لەلایەن کۆڕی شانۆی کانوونەوە پێشکەشکرا. رۆڵی یەکەم و پاڵەوانی چیرۆکەکە لەلایەن هاوڕێی ئازیز و گیانبەختکردووم موحەممەدئەمینی موهاجیرەوە کایە کرا. حەمەدەمین بێشك یەکێك لە گەورەترین هونەرمەندانی شانۆگەریی بوو کە بەداخەوە مەجالی گەشەپێدانی ئەو توانایەی وەك دەبوو بۆ نەڕەخسا.
وایە! شەوێك لەماڵی مام حەمە گاوان هەوڵێکی من بۆ نووسینی چیرۆك بوو. جا ئێستا تۆ دەڵێی هەوڵێکی خراپ، قسەت لە قسە ناکەم. حەتمەن دەبێ وابێ! باشتر کە لەسەری نەڕۆیشتم.

**•شیعرەکانت هەرچەند ساکارن، بەڵام مانا و وێنەی جوانیان تێدایە. دەکرێت بڵێی سەر بە چ مەکتەبەیەکی شیعرین؟**
باوەڕ بکە نازانم! وەڵامی ئەو پرسیارە لای ئەو کەسانە دەستدەکەوێ کە کاری رەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەکەن.

*** ناکرێت بەرهەمەکانت بخرێنە سەر سی.دی؟**

بۆ ناکرێ! بەڵام خۆم بە هیوای ئەو کارە نیم. هیوادارم لە شکڵی دیوانێکدا شیعرەکانم بخەمە بەردەمی خوێنەران.

## دەکرێت وەکو سرود بێژی شۆڕش بم

*** دەکرێت وەك سروودبێژی شۆڕش ناوت بەرین لە کاتێکدا خاوەنی سروودی "پێشمەرگەی کرێکارانین، یەکی ئەیار، گۆمەشین، منم ئاڵای سووری شۆڕشی نوێ دەشەکێنم"؟**

ئەوەشیان دەکرێ! سروودبێژی یەکێك لە لایەنەکانی بەرهەمهێنانمە. زۆر نین، بەڵام ئەوەندە هەن کە لە قەڵەم نەکەون.

## شیعری گۆمەشین زۆر جوانە لام

*** شیعری گۆمەشین پڕە لە وێنە و فانتازیای جوان. ئایا گەورەیی و خۆشەویستی ئەمیر وای لێکردی یان چۆن دەکرێ بڵێیت یەکێکە لە جوانترین شیعرەکانی تۆ؟**

ئەمیر یەکێك لە یارانی خۆشەویستی من بوو. ئەو رۆژە کە لە ناو گێژی گۆمەشیندا نوقم بوو، من خۆم لەوێ نەبووم. باسی وردی ئەو کارەساتە پڕ لەداخەم لە زمانی هاوڕێیەکی ترەوە — ئەویش بەداخەوە شەهید بوو— حوسێن حەمەڕەشی ناسراو بە جەلیل، بیست.



من تەبیعەتم زۆر خۆشدەوێ و زۆر جار لەگەڵ سروشت دەبم بەیەك. بەڵام ئەگەر سەرنج بدەی کێشەی من لەگەڵ تەبیعەت لە بەشێکی زۆر لە شیعرەکانمدا بەدی دەکرێ. تەبیعەت سەرەڕای هەموو جوانیەکەی گەلێك جار لێم یاغی بووە. لە جیهانی ئارەزوەکانی مندا ئینسان سەردارە و لەوانە تەبیعەتیش رامکراوی ژێردەستیەتی. لەو جیهانەدا نەك گۆمەشین، بەڵکو هەموو دەریایەکانی سەرزەویش بۆ چرکەیەکیش مافی ئەوەیان نادرێتێ کە باڵای هەڵچوو و پڕ لە ئاواتی تێکۆشەرێکی وەك ئەمیر نوقمی خۆی بکا.

ئەم پرسیارانەت من دەباتەوە نێو کۆڕی هەڤاڵانێکی گیانبەختکردوو کە بە شیددەت جێگای بەتاڵیان هەموو کاتێ لە لای خۆم هەست پێدەکەم. بەڕاستی کە نرخی ئازادی، ژیانی سەربەست و کۆمەڵگایەکی رزگار لەسەرڕێیە !

## نهێنی شیعرەکان لای خۆمە

*** کام شیعری خۆت زۆر لا جوانە ؟**

ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارە وەهاش دژوار نەبوایە، دیسان هەر پێم نەدەگوتی کام شیعری خۆم زۆر لا جوانە. دەبێ سەبارەت بە شیعرەکانم هێندێك مافی نهێنی پارێزی بەخۆم بدەم!

# شیعر و ژیان

# لەزمانی ئەحمەد بازگرەوە

## لێکۆڵینەوەیەکی کورتە لەسەر چەند شیعرێکی

## (بازگر)

**بازگر دەڵێ:**

"من کوڕی دێم، ساڵی (١٣٤٠هەتاوی واتا ١٩٦٢) زاینی لەگوندێکی ناوچەی گەورەکی سەردەشت لەدایکبووم " (٩) ساڵە بووم کەچوومە شار بۆ خوێندن، هەر لەمنداڵیمەوە نیازێکی دەروونی و ڕۆحیم هەبوو کە تەنها شیعرو گۆرانی وەڵامیان پێ دەدایەوە، لەڕووی مۆسیقاوە تەنها لەچوارچێوەی شمشاڵ معنا دەبوەوە. ساڵەکانی (١٣٥٥–١٣٥٦) لەڕێگای کتێبخانەی خزمێکمانەوە، بەیارمەتی هاوڕێکانم دەرگای کتێبخانەی کوردیم لێکرایەوە و زوو ئاشنا بووم بەشیعری شاعیرە کلاسیکیەکان و بگرە زۆر جار زۆربەی شیعری ئەو شاعیرانەم لەبەربوو.

ئەگەرچی لەگەڵ شیعری ئەو شاعیرانە هەستم بەناکۆکی دەروونی دەکرد، بەڵام ئەو ناکۆکیە زۆر ساکارتر و لاواز تر بوو کە نەهێڵێ زۆر بەرنامە لە کارەکەمدا گەڵاڵە بێت.

ئیتر هەر لەو سەردەمەوە خۆشم دەستم کرد بەشیعر وتن، ئەگەرچی سادە بوون و وەکو یادگاری کۆن ئەرزشیان هەیە، بەڵام بەزمانێکی نامۆ دەدوێن، زمانێك، کەدژایەتی بوو لەگەڵ ژیان و واقیع.

ساڵانی (١٣٥٦–١٣٥٧) هەتاوی (١٩٧٨–١٩٧٩) زایینی من لاوێکی (١٧) ساڵانە بووم لەدبیرستان دەرسم دەخوێند. هەر ئەو کاتە من وەکو خوێندکارێك بەشداریمکرد تا شاعیرێك، کە پێشتر شیعری نوسیوە، ئەو دەورانە بۆ من قۆناغێکی نوێ بوو ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوانتر کردم .

هەروەها چەندین سرودم وتووە لەوانە سرودی پێشمەرگەی کرێکارانین (کە من و سلێمان قاسمیانی– کاکە– ) بەیەکەوە وتومانە، سرودەکانی بژی یەکی ئایار، منم ئاڵای سوری شۆڕشی نوێ دەشەکێنم، جگە لەشیعری گۆمەشین، ،

گۆڕی غریب، نەورۆزانە، نامەیەك بۆ دایکم، مەیلی بێستان، چاوەڕوانی، زوڵفا، ڕانەهاتن، چۆن بۆت بدوێم".

هەروەها زۆربەی گۆرانی و سرودەکانم لەلایەن هونەرمەندانی وەك (کاڵێ، ڕەزازی، غوڵامی، بکری لەگزی و...)کراوەتە گۆرانی و سرود .

منیش دەبێ ئەوە بڵێم " ئەحمەد بازگر یەکێکە لەشاعیرەکانی کوردستانی خۆرهەڵات و ماوەی چەند ساڵ لەژیانی تاراوگە لەکوردستانی باشور ژیاوە و خەبات و چالاکی سیاسیانەی کردووەو خاوەنی دەیان شیعرو سرودی جوانە کە لەشوێنی جیاواز جیاواز بڵاوکراونەتەوەو زۆربەی ئەو شیعرو سرودانە کراونەتە گۆرانی. هەروەها بازگر ئاشنایەتی زۆری لەگەڵ شاعیرانی وەك ( شێرکۆ بێکەس، محمد مصری، ناصری حسامی، کاکە، نەکەرۆز) هەبووە – ساڵانی هەشتاکان بەهاوکاری چەند نوسەرو شاعیر گۆڤاری (پێشەنگ) یان دەردەکرد – ئەندامی هەیئەی ئیجرایی کانونی هونەرو ئەدەبیای کرێکاری پێشڕەو بووەو ئێستاش لەسوید دەژی.

بازگر دەڵێ: "هەستم کرد دەبێ من شاعیری کرێکارو زەحمەتکێشان بم و زیاتر هێزی جەماوەرم ناسی. واتا ئەو شۆڕشە سەرەتای قۆناغێك بوو. لەجەریانی هەڵگیرساندنی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان، بۆیە پەیوەست بووم کە ڕەنگدانەوەی هەستو ئاواتی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو".

من شیعری خۆم بەتەنها بەموڵکی خۆم نازانم! بەڵکو موڵکی ڕەنج و تێکۆشانی هەمووانە. ئەوانەی دەنگ و ڕەنگ خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستانن.

ئەگەرچی شیعرەکانی من تائێستا نەکراونەتە دیوان، بەڵام بەر لەهەر شتێك جاری وا هەبووە کەسێك داوای شیعری لێکردوم بۆم ناردوە، یان فلیمبەرداری



کراوە یان لەڕێگای جۆراو جۆرەوە گەیشتۆتە خەڵك و کرێکاران – هەروەها کانونی ئەدەب و هونەری کرێکاران کاسێتێکی بەدەنگی خۆم بڵاوکردۆتەوە جگە لەگۆڤاری پێشەنگ و ڕادیۆی دەنگی شۆڕش.

هەروەها دەڵێ: "بەهەمانشێوە شیعر دەکرێت وەسیلەیەك بێ بۆ ژیانکردن و گێڕانەوەی سەر گوزشتەی ژیان و نەهامەتیەکان. قسەکردن بێت لەسەر ژیان و بەسەرهات، ئینسان و ستەم و چەوساندنەوەو بێمافی و ئەو ستەم و چەوساندنەوەی دەرحەق بەمرۆڤ دەکرێت"

شیعر دەربڕینی ناخی ئینسانە بۆ باوەشکردن بەئازادیدا. شیعر نەئەوەیە هەمیشە قابیلی هاتن و نوسین بێت، نەقابیلی ئەوەیە بەبێ ئیلهام و هاندانێك دەربڕێ.

بەڵکو نوسینی شیعر، شکاندنی تینویەتی ئینسانێکی تینوە لەبیابانێکدا. کەتەنها جامێك ئاو دەتوانێت تینویەتی بشکێنێت. ئەگەر نا، ئەوەی تر ناچێتە قاڵبی شیعرەوە.

شیعر بۆ ئەو کەسە باشە، کەدەتوانێ بەڕاستی شیعر بڵێ و پەیوەست بێ بە گرنگی چەمکی شیعرو شیعریش بکاتە وەسیلەیەکی شیاوی ئەدەبی لەخزمەت ئینسان و ئازادی و ژیاندا.

بەم ڕوونکردنەوەیەی سەرەوە، مەبەستمانە قسەیەکی کورت لەسەر شاعیرێك بکەین، کەتەنها شیعرەکانی دەتوانن بەخەڵکی بناسێنن و لەوێشەوە تێبگەین ئەم شاعیرە چۆن دەڕوانێتە ژیان، شۆڕش، ژن و سروشت و ئەو شیعری کردە بیانوویەك بۆ گێڕانەوەی نەهامەتیەکانی چینی کرێکارو زەحمەتکێشان. بۆ منداڵانی بێماف و ژنانی چەوساوەو بەش مەینەت ئەو پیادەی فەلسەفەیەکی دەکرد وەکو فەلسەفەی مانیهریزم و هەموو شیعرەکانی

لەوێوە ئاراستە دەکرد. ئەو لەشیعرەکانیدا کارامەیەکی لێهاتوو بوو لەڕێی فۆرمۆلۆژیی و خولقاندنی فانتازیاوە. لەم بارەیەوە بادیقەت لەشیعری (گۆمەشین) بدەین و بزانین (ئەحمەد بازگر) چی دەڵێ:

**((لەخۆبایی ئەی گۆمەشین**
**ڕەنگە بەوەی**
**شەپۆلەکانت بەگرمەو لرفە و هاوارو هەڕەشەن**
**گێژ دەخۆن و بەهەڵپە هەڵپ**
**خۆ بە دیواری هەرۆڵی شاخا دەدەن**
**بایی بووبی و ڕفاندبێت ئەو هاوڕێی هاوسەنگەر..))**

لێرەدا شاعیر بەدەربڕینی هەستی خۆی بۆ هاوڕێیەکی ئازیزی، لەگەڵ دەریادا. مەنەلۆگێك لەناخی خۆیدا پێکدەهێنێت و دواتر ئەمە شکلێکی دیالۆگ بەخۆوە دەگرێت لەگەڵ دەریادا. وێنەی شەپۆلەکانی دەریا بەشێوەیەك دەکێشێ، هەموو ئینسانێك دەتوانێ ئەو حاڵەتە بێنێتە پێش چاوی خۆی، کەچۆمێك یان ڕووبارێك، چۆن چۆنی سەرکێشی دەکاتو شەپۆلەکانی بەقەدپاڵی شاخەکاندا دەدات، وەك ئەوەی تینوی خوێن بێتو بیەوێت ئازیزێکمان بخنکێنێت.

شاعیر دەیەوێت هەر لەسەرەتای شیعرەکەیەوە ئەوەمان پێبڵێت، کە دەریا کارەساتێکی خولقاندوەو هەبێ و نەبێت ئەو هاوڕێیەکی ڕفاندووەو مەرگێکی کردۆتە نسیب بۆ شاعیر.

تالەشوێنێکی تردا دەڵێت :

**((ئەی وەیشومەی نەهات**



**بەس لەپێش چاوی گیاندارو پەلەوەری دەوروپشتت**
**خۆبایی کە**
**بەقاقای ڕەش**
**بەنێو چاوانی وا گرژت**
**ئاوازی دەلوشم، دەکوژم**
**بەس بخوێنە...))**

گرمەو لرفەی دەریا لای شاعیر، بۆتە قاقای پێکەنین، بەڵام قاقایەکی پاسیف، کە شاعیر بەڕەش ناوی دەبات، لەکاتێکدا دەریا قابیلی پێکەنین نییە، بەڵام فانتازیای شاعیرو مەرگی ناوەختی ئینسانێك چەندین وێنەی جوانی بۆ شیعر بەرهەمهێناوە.

شاعیر لەزمانی پاڵەوانی شیعرەکەوە دەڵێ:

**((مـن کـارگـەرم، مـن ڕەنـجـدەرم**
**من ئینسانی تێکۆشەری جەنگاوەرم ))**

کەسی قوربانی، کەسێکە پێشمەرگە، بەڵام کارگەرو تێکۆشەرە. لێرەدا مەبەستمانە بڵێم (مانیهریزم) خودی پێکهاتەی شیعرەکەیە، شاعیر مەبەستیەتی بڵێ، جگە لەوەی دەریا کەسێکی خنکاندووە، بەڵام ئەو کەسێکی کرێکارو زەحمەتکێشە.

بەواتایەکی تر تێکەهەڵێشکردنی خەباتی چینایەتی کە یەکێکە لەپایە سەرەکییەکانی شیعرەکانی(بازگر) کە دواتر باسی دەکەین، بەئاشکرا لەزۆربەی شیعرەکانیدا ڕەنگدانەوەو مەوجودییەتی هەیە.

تالەبەشێکی تری شیعری ((گۆمەشین ))دا دەڵێ:

((شەرت بێ وەها بتبەستمەوە
بەهەورازا، بەنشێوا
وێنەی ئەسپێکی دەستەمۆ
بەدەشت و دەرا
خۆش ئاژۆ
وابتبەم و بتگێڕمەوە))

دیسان لێکچوون، لەم شیعرەدا جێگەو شوێنی تایبەتی گرتووە، دەریای وەسفکردوە بەئەسپ. بێگومان دەزانین کە ئەسپ. هەمیشە دەلالەتە بۆ هێزو تواناو ئازایەتی، بەڵام پێدەچێت شاعیر هەر بەئەنقەست ئەسپی هەڵبژاردبێ تابڵێ: ئەسپ بەو بەهێزیەی خۆی. بەرامبەر بەو کارەساتەی خوڵقاندویەتی دەیکەمە دەستەمۆو دەریاش ریسوا دەکەم.

لەم بارەیەوە (ئەحمەد بازگر) دەڵێ:" (بە بڕوای من شیعری سەرکەوتوو، ئەو شیعرەیە لەسەر یەك مەوزوع دەدوێ، لە دەرونیا پوختەی دەکاو بەهرەو هونەری شیعر چێژێکی ناسك و لەتیفی بەبەردا دەکات و بەوشەی پاراو و ڕەنگین لەچوارچێوەیەکدا کە شیعر خۆی دەدۆزێتەوە دایدەرێژێ...)

بەم پێیە شاعیر لەشیعری گۆمەشیندا، جگە لەچەندین وێنەو لێکچوون و فانتازیای جوان، مانایەکی جوان دەخوڵقێنێ کە ئینسان واهەستدەکات ئەمە دیالۆگێکی واقعیە لەگەڵ ئینسانێکی شەڕانی و بکوژدا.



# چەمکی ئینساندۆستی و هیومانیستی لەشیعرەکانی بازگر–دا

لەسەر ئەم چەمکە لەشیعرەکانی (بازگر)دا دەوەستین، تاباشتر بەشیعرەکان و مانا و مەدلوولەکانی ئاشنا بین، لەم بارەیەوە ((گۆتە)) دەڵێ: " کەقوڵایی و ڕەسەنایەتی شیعر تەنیا لە جەوهەرو ناوەرۆکە بەرزەکەیدایە".

بەو مانایە شیعرەکانی (بازگر) پڕن لەجەوهەرو ناوەرۆك و ڕەنگە هەرئەوەش وایکردبێ وا ڕەسەن و نەمرین.

لەسەرەتاوە وتم " شیعرەکانی ئەم شاعیرە بۆ زۆربەی زۆری خەڵکی و تەنانەت بۆ چینی شاعیران و ڕۆشنبیرانیش نامۆن، بەڵام ئەمەجگە لەوەی فاکتەری تایبەتی هەیە، بەتایبەتی کە ساڵانی هەشتاکان بۆ شاعیر سەردەمی گەشەی شیعری ئەو بووە، بەڵام خەباتی شاخ و پێشمەرگانەو بارودۆخی سیاسی پڕقەیرانی کوردستان مەجالی نەداوە شاعیر ڕێگای بۆ خۆشبێت، تازیاتر خۆی بە ڕۆشنبیران و خەڵکی بناسێنێت.

یەکێکی ترلەو شیعرانەی کەچەمکی ئینساندۆستی و گەورەیی مرۆڤ تێدا دەگاتە لووتکەو بانگ لەگشت جیهان دەکات کە رابەرێکی کۆمۆنیست و شۆڕشگێڕو سەرکردەیەکی گەورە گیانی لەدەستداوە لەمبارەیەوە (بازگر)لەشیعری ((پڕ بەپڕی خۆشەویستی)) دا دەڵێت:

**((ئەی دورترین کرێگرتەی ئەوپەڕ زەوی**
**ئەی هاوچینانی چەوساوەم**
**ئەی ڕەجاڵە ڕەش پێستەکەی**
**بە ڕۆژو شەو ...**

تادەڵێت:

**ئەی ئەو براو خوشکانەی وا**
**لەئەفریقا**
**لەناو مەعدەنی تەڵادا**
**زگ هەڵدەگوشن لەبرسا ...**

تا دەڵێت:

**وەرن لێرە**
**لەکوردستان**
**لەمەڵبەندی کەوا ڕقمان**
**بۆتە وشە**
**لەبەر چاوی زۆر ئەبلەق بووی**
**کرێارانی خوێن و ژینمان**



# پڕ بەجیهان دەنگ هەڵدەبڕن
# گوێم لێبگرن)[١]

**((بەو پێیەی وشە هەڵگری دەلالەتە، دەلالەتە بۆ هێما دەربڕین))[٢]**

لەم شیعرەی شاعیردا هەستدەکرێت وشە، زیاد لەئاماژەو مانایەکی هەیە، ئەو پەیامێکی هەیە لەم پەڕ تا ئەوپەڕی دونیا بۆ هاوچینەکانی بۆ ئینسانی زەحمەتکێش تاپێیان بڵێت: ئەی چەوساوەکان ئەی ڕەشپێست و کۆیلەکان یەکێك لەخۆشەویستانمان یەکێك لەڕابەرانی پرۆلیتاریاو پێشەنگی خەباتی کرێکارانمان لەکوردستان لەدەستداوە، ئەوە ڕادەگەیەنێ، کەمن لەکوردستانەوە پەیامێکم پێیە دژی ستەم و سەرمایە.

وەرن لەگەڵمان هاودەردی دەربڕن بۆ گیان لەدەستدانی ڕابەری کرێکاران لەکوردستان. ئەوەندەی من دیقەتم لەشیعرەکانی (بازگر) داوەو بینیومە هەستدەکەم یەکەم شیعرە بۆ رابەرێکی کرێکاری کۆمۆنیستی نوسیوە، ئەمەش دەلالەتە بۆ قەناعەتی تەواو بۆ دووخاڵ.

**یەکەم** : بەخەباتی پرۆلیتاریانەی شاعیر دژی ستەم و سەرمایە و بانگهێشتی کرێکارانی ئەفەریقاو کانەکانی ئینگلستان بۆ کوردستان، دەلالەتە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی شۆڕشگێڕانەو جێبەجێکردنی مانیفێستی خەباتی ئینتەرناسیۆنالیزم لەسەر گۆی زەوی.

واتا دەلالەت لەسەر کارکردنی شاعیر، بەبەردەوامی لەسەر چەمکی خەباتی چینایەتی و پشتیوانی لەکرێکاران و زەحمەتکێشان. کە لەزۆربەی شیعرەکانی (بازگر)دا ئەم چەمکە بەشێوەیەکی رەها ڕەنگیداوەتەوە، تەنانەت لەسرودە

شۆڕشگێڕانەکەو کرێکارییەکانی وەك (یەکی ئایار، من بەچەکم ئاڵای سوری شۆڕشی نویٚ دەشەکێنم) ئەم دەربڕینە بەئاشکرا هەستی پیٚ دەکرێت

**دووەم :** گەورەیی کەسی قوربانی کە شیعرەکەی بۆ نوسراوە، وای لەشاعیر کردوە ئەم هەستە زۆر بەئاشکرا بەجوانی دەربڕیٚ، تائەو ڕادەیەی دەڵیٚ:

**((ئەم رۆژانە**

**ئێمەی دەریا**

**لەتریفەی مانگێک بیبەشکراین**

**مانگێکی ئاسایی نەبوو))**

**تا دەڵیٚ:**

**((ئەو مانگ نەبوو**

**مرۆڤێک بوو وەکو ئێمە، وەکو ئێوە...))**

تا دەڵیٚ:

**((ئەو لە مەرگ بەهێز تر بوو))**

شاعیر دەزانیٚ ئیتر مەرگێك هاتووەو گەڕانەوەی نییە و کۆستێکی گەورەی جێهێشتوە، یان دەیەوێت هەمان قسەی ((هاملێت)) بکات کە لەبارەی مەرگەوە دەڵێت: (مەرگ ئەو سەر زەمینەیە، سەرجەم ئەوانەی سەفەریان بۆ کرد لەکەنارکانیەوە نەگەڕانەتەوە)

بێگومان کەلتوری کۆمەڵگەی کوردستانیش بەدەر نییە لەو کەلتورە سوننەتیەی کە بەسەر هەموو کۆمەڵگا دواکەوتوەکانی جیهانی سیٚ و سوننەتیەکاندا بالادەستەو بەمشێوەیە چەمکی (مەرگ)یش، چەمکێکی



مەترسیدارەو کاریگەری نێگەتیف لەسەر ڕەوشی کۆمەڵگاو خودی ئینسانەکان دادەنێت. بۆیە ئەم شیعرەی (بازگر) بەدەر نییە لەچەمکی (مەرگ) یان (مەرگدۆست)، بەڵام بێگومان بەو فۆرمەی سەرەوە نا، بەڵکو لای شاعیر مەرگی قوربانی. مەرگێکی سوننەتی نییە. بەڵکو لەدەستدانی کەسێکە خۆی پێشەنگی تورهەڵدانی سوننەتە کۆنەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستانە، لەناو چوارچێوەی کەلتوری کوردی و مەرگی ئەو کەلتورە نەماوەتەوە. بەڵکو ئەو کەسێتیەکی ئینتەرناسیۆناله و دەیەوێت خودی ئینسانەکان لەدەست مەرگی سەرمایە رزگار بکات، بۆیە دەڵیٚ:

**(ئێمەی دەریا لەتریفەی مانگێک بیبەشکراین)**

لێرەدا دیسان دەگەڕێینەوە سەر وێنەی شیعری لەم شیعرەی شاعیردا، شاعیر خۆی و ئێمەی چینی کرێکاران، بەدەریا دەشوبهێنێت و قوربانیش بەتریفەی مانگ.

دیقەت بدەن، وێنەیەکی چەند جوانە، کاتێك تریفەی تەنیایی مانگ دەنیشێتەوە سەر دەریاو وێنەیەکی ئارام و مەنگ دروست دەکات. تا ئەو ڕادەیەی دەکرێت بڵێین، دەریا بۆتە ئاوێنەیەك و مانگ قژی لەبەر دادەهەێنێت.

بەڵام دواتر دەڵیٚ: (ئەو هەر مانگ نەبوو، بەڵکو ئەو مرۆڤێك بوو وەکو مانگ روناکی دەبەخشیەوەو سەر زەمینی روناك کردبۆوە. لەوەش مەزنتر ئەو مرۆڤ بوو).

دەکرێت لێرەدا لەحزەیەك ڕاوەستین لەسەر وشەی (دەریا). وشەی دەریا لەشیعری (گۆمەشین) و شیعری (پڕ بەپڕی خۆشەویستی) دوو دەلالەت و دوو مانای جیاوازی لەخۆگرتوە. یەکەمیان وەکو باسمانکرد.

دەریا دێوو درنجە و کارەساتی خوڵقاندوە و وەکو جەلاد وێنەی دەکات و تۆڵەی خۆی لێ دەکاتەوە. بەڵام لێرەدا رێك بەپێچەوانەوە (دەریا) وەسفێکە بۆ جوانی و هێمنی و هاودەردی و خودی دەریاش (قوربانییە).

واتا (دەریا) جارێك (جەلادە) و جارێك (قوربانی) ئەمەش دەکرێت ئەوە بێت کە پێدەڵێن یاریکردن بەوشەو دۆزینەوەی وشە لەناو شوێنی تایبەتدا.

دەکرێت لێرەدا ئاماژە بەکۆتایی شیعرەکە بکەین، کەلەشوێنێکدا دەڵێ:

**((فێرمان دەکات**
**چۆن دارێژین**
**بناغەکانی سۆسیالیزم))**
**تالەکۆتاییدا دەڵێ:**
**((بۆ هەمیشە**
**وەک رابەری پێشەنگمان، کۆمۆنیستی**
**هەموو کاتێ))**

شاعیر چونکە خۆی کەسێکی ئینساندۆست و هیومانیستە، بانگ لە هەموو لایەك دەکات. قوربانی فێری، چەمکی، سۆسیالیزم و مارکسیزمان دەکات و دەڵێ ئەو رابەری کۆمۆنیستی بوو.

دەتوانین بڵێین ئەم شیعرە، تارادەیەکی زۆر پەیوەستە بەئیدۆلۆژیەکی دیاریکراوەو شاعیر کەوتۆتە ژێر کاریگەری راستەوخۆی ئەم میتۆدە فکریەوە. بۆیە لەکۆتاییدا دەڵێ : مەرگ ناتوانێ ئەم رابەرەمان لێ ون بکات و مەبەستیەتی بڵێ ئەو خۆی مرد. بەڵام ئەو فێری کردین کە چۆن وەفادار بین



بەسۆسیالیزم و مارکسیزم و بۆیەشە وەکو رابەرێکی کۆمۆنیستی و جاویدانی پەیامەکانی دەمێنێتەوە.

لەکۆتایدا دەتوانین سەبارەت بەم شیعرەو ئایدیای(بازگر) بڵێین:

**" شاعیر لەرێگەی مەرگەوە دەیەوێت ژیان شەرح بکات"**

واتا شاعیر مەرگی کەسێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە پێیوابووە پاڵەوانێکی گەورەو بێ وێنە لە کیس کرێکاران و زەحمەتکێشان چووە، بەڵام ئەو خاوەنی پەیامهایەکی گەورەو ئینسانیە، ماناکانی ژیان بەردەوام دەبن.

## (ژن لەشیعرەکانی بازگردا)

یەکێکی تر لەو بابەتانەی (بازگر) کاری لەسەر کردووە (ژن)ە، ژن لەناو شیعرەکانی بازگردا. جێگەو پێگەیەکی گەورەی پێداوە. ئەوەش بەو مانایەی ژن وەکو کائینیکی گەورە، وەکو شۆڕشگێڕو کرێکارو وەکو ئینسانی چەوساوە سەیرکراوە. لەمبارەیەوە ناکرێت کاریگەری ئیدۆلۆژیای مارکسیزم، وەکو مانیفێستی دیفاع لەژنو خەبات لەپێناو کۆمەڵگایەکی ئازادو بەرانبەر سەیر نەکرێت. بازگر چ وەکو کەسێکی مارکسیست، چ وەکو شۆڕشگێڕو شاعیر تێڕوانینی خۆی هەبووە لەسەر ژن. بۆ سەلماندنی راستی قسەکانمان، لەمبارەیەوە لەشیعری ((زوڵفا))دا، کەساڵی (١٣٦٧) بۆ کچە زەحمەتکێشێکی ئاوایی بەردەستووری لەسوێسنێی سەردەشت نوسیوە. بەتاوانی ئەوەی بەو کەسە رازی نەبووە کە بەمنداڵی لێی مارەکرابوو بۆیە هەر بەدەستی ئەو کەسە کوژرا.

"ئازیزە نەشمیلانەکە، زوڵفا

کێ وای لێ کردی، بڵێ کێ...؟

... بەڵام زوڵفا

بەسەرنجی

بەڕوانینی نیگا دەدوێ

"بابە؛ بابە: هۆ بابە گیان

مەپرسە لێم

هۆ بابە گیان لەسەر یادی

لەهەڕەتی گڕوگاڵما

کەبەگوڵێنکەی دەسرازەی بێشکە ژێر دەبووم"

تادەڵێ:

"لەسەر یادی، هۆ بابە گیان

لەسەر یادی ئێوارەیەک

چۆن گەنە شینکەی چاو تۆپیوو

دەچێتە گوێی بەرخۆڵەوە

چۆن داڵانی فێرە کەلاک، قرژ دەبێ لەبارۆکە

چۆن گورگو چەقەڵو ڕێوی، خۆمەڵاس دەدەن بۆ نێچیر

هۆ بابە گیان، ئەم سەردەمە، ئەم کیژۆڵە بریندارەت

بەرخۆڵە بوو، بارۆکە بوو، نێچیرێکی بەتەسزمان بوو.

گەر مەلای داڵ



گەنە شینکە

مەلای چەقەڵ

هاتە ماڵمانو بەشووی دام

ئەرێ دایە

ئەوکاتە بۆ ..."

لەم شیعرەدا دیالۆگ، پێکهاتەی سەرەکیە، لەنێوان باوکو دایکو کچە کوژراوەکەیان (زوڵفا) (بازگر) جگە لەوەی لەم شیعرەدا دیفاع لەمەسەلەی ژن دەکات ریسواکردنی ئەو کەلتوورە سوننەتییە تەقلیدیەی کۆمەڵگای کوردستانە کە کچێك هێشتا لەسەر بێشکە مارە دەکرێت لەسەر دەستی مەلایەك.

(زوڵفا) هێشتا گەنجو کچێکی تازە پێگەیشتوو بوو. کە تووشی ئەو کارەساتە دەبێت لەسەر دەستی مەلا. لێرەدا شاعیر ئەو سیفاتانەی دەداتە پاڵ مەلای گوند. کە سەبەبکاری ئەم قەتڵەیە.

(وشەکانی بازگر بێ ڕتشوون، گەرچی ئەمە عەیبێك نییە، بەڵکو هەڵوێستی ئەو گەیاندنی مەبەستو ئامانجەیە)

دەکرێت لەم بارەیەوە قسەیەکی (داریوش ئاشوری) بکەینە درێژەی بابەتەکەمان کە سەبارەت بە سوهراب سپهری نوسیویەتیو دەڵێ: "شیعری سپهری گەرچی ئەو ڕووبارە نییە، بەڵام ئەو گۆمە بچوکەش نییە، جۆگەیەکە ئاوازی خۆی هەیەو پێویستە گوێ بۆ ئەو ئاوازە رادێرێن" ئەمە دەکرێت بۆ بازگریش ڕاست بێت. شیعرەکانی بازگر، بەتەنها جۆگەیەك نین. بەڵکو گۆمێکی مەنگی بەر تیشکی خۆرەتاونو پڕن لەماسی زەردو سوری پڕ خەیاڵو دەیانەوێت لەجێگەیەك هەدادان نەدەنو هەموو سوچێکی دونیا تەی کەن،

لەپێناو گەیاندنی پەیامێکی ئینسانیو هیومانیستدا. هەر بۆیە ژن پاییەکی سەرەکی شیعرەکانی "بازگر" پێکدەهێنێت.

بازگرلە درێژەی شیعری زولفادا دەڵێ:

"هەرجارەی دەستە خوشکێکـم<br>
بـەنـابـتەدڵـی بـەشـوودرابێ<br>
لـەرۆژی بـەبـووک چـونـیدا<br>
لـەو دیـوو تـارای بـووکـەوە<br>
ئـاوەنـگـی ئەسـرینـم دیـوە"

شاعیر لەسەر زاری ((زولفا))ی کچو قوربانیدا، باس لەو بێ مافیە دەکات بەرامبەر بەژنانو کچانی ئەم وڵاتەو ژنانو کچان لەکوردستاندا بەتاییەتی لەدەیەی حەفتاکانو هەشتاکاندا کە شیعرەکەی تێدا نوسراوە. رووبەروی سەدان کێشەو گرفت بوبونەوە. سیستمی خێڵو فئودالو عەشیرەتگەری تائێستاش لەکوردستان باڵادەستە ئەم کەلتوورەش وایکردووە لەژنانو کچان هەمیشە وەك پلە دوو سەیر بکرێنو لەسەر بێشکە مارە بکرێنو ژن بەژنو شیربایيو گەورە بەبچووك بکرێتە سوونەتو خودی (زولفا)ش قوربانی ئەو سیستمە خێڵەکیەیە.

بۆیە لەزمانی زولفاوە. پرۆتستۆی بەرزو بەشودانی کردوەو دەیەوێت یەکێتیەکی پتەو لەنێوان ژنانو کچان دروستدەکاتو بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو حەسرەتەی کە هەموویان توشی بوونو زولفای قوربانی تەنها یەکەم کچ نییە. بەڵکو ئەسرین بۆ کچان لەدوو دیووی پەنجەرەوە هەڵڕشتوەو دواجاریش خۆی قوربانی، ئەو سوننەتەیە. بەم شێوەیە(ئەحمەد بازگر) باس لەمەسەلەیەك



دەکات، کە بەهەزاران کچو ژنانی ئەم وڵاتە بەدەستیەوە گیرۆدەنو دەبنە قوربانی

تاکۆتایی شیعرەکە بەوە دێنێ:

" سائەی پۆلی دەستە خوشکان<br>
مژدە لێتان<br>
کاول دەکرێت ئەو دڵانەی<br>
دنیا لەبەروان کاولە"

بەم شێوەیە، شاعیر ئەو کارەساتە بەکۆتایی دڵانی هاوشێوەی تاوانبار دێنێو ئیتر کاول دەبن دڵی ئەوان.

# چەند نمونەیەك
# له شیعرەکانی ئەحمەد بازگر

## مەیلی بێستان

نامەوێ وەک دیل بژیم من ژینی ئینسانم دەوێ
پەیکەرەی وشکی ژیانم بانگ دەکا گیانم دەوێ
ئیمشەو ئیحساسی بزوزم ئوقرە ناگرێت و دەڵێ
هەستی نەرمی، سۆزی گەرمی، شیعری راسانم دەوێ
حەزدەکەم چێژی ژیانی دوور لە مەینەت تام بکەم
بۆ برینی کۆنی مێژووم ئەمڕۆ هەتوانم دەوێ
نامەوێ چی تر ببینم رەنگی زەردی کۆرپەکان
رەنگی سورو و لێوی بەبزەو چاوی شادانم دەوێ

×××

نامەوێ هۆبەو هەوارو نانی شوانی و دۆی ترش
ژینی بێ ناسۆرو دەردو نەزمی بێ شوانم دەوێ
گەشتی باغ و سەرشەقامی تەختی شارانم هەبێ
کوا دەڵێم عاشق بە کێوو ژینی شاخانم دەوێ
کوا دەڵێم شەوخۆشە باران لێت بداو رێ دەرنەکەی
گۆشت و ئیسقانە لەشی من، شەو هەدادانم دەوێ
دەست بدا بۆم، هەڵمژم بۆنی گلۆوک سەر گلوفک
بۆگەنی بارووت و گوللەو هەڵپرووزانم دەوێ؟
دەنگی مۆسیقایەکی مەند لایەم بۆ بکا
بۆچی دەنگی تۆپی گەورەو گولله بارانم دەوێ؟

کوا لە دڵ نێزیکە ماچی بێ گیانی لوولی چەک
گەرمی لێوو ماچی زیندووی کوڵمی یارانم دەوێ
تاکوو سفرەی تۆخی ماڵی گەرم و رووناک دەست بدا
بۆچی کرمەی ژێر ددانی نانی گیرفانم دەوێ؟

×××

ورشە ورشی بەرقی شاری دوورم زۆر جاردێ بەشەو
من شارم دەوێ، شاری چراخانم دەوێ
تا لەوێ ئاڵای ئەوین و خۆشەویستیم هەڵبکەم
شاری خۆشی پڕ لە خەندەو خەڵکی بێ ژانم دەوێ
دووکەڵی هانای هەناسەی یێبەشان هانم دەدا
یێم بەرەو لووتکەی مەبەستم رانەوەستانم دەوێ
دێوی سەرمایە لەسەدلا خوێنم دەمژێ بێ پشوو
زۆر لەلام نەنگە کە بێژم من پشوودانم دەوێ
ئاسۆم لێ دیار بێ لەلایەک دەست لە بینم خا نەیار
بۆ لەسەر ئەم دووڕیانە هێشتا خنکانم دەوێ
شەونخوونی باو باران، شریخە گوللەو برسیەتی
با لە ژین میوان بن ئەمڕۆ هەر هەموویانم دەوێ
دڕک و داڵی دەوری بێستان تێپەڕینم من دەبێ
نەک لە خۆشی دڕک و داڵامەیلی بێستانم دەوێ

مالوومە
١٣٦٥/١١/٢١



# چۆن بۆت بدوێم!

شەو درەنگەو
تازە ئاشنا
بۆم دژوارە، یەکجار دژوار
ئەو چیرۆکەت بۆ بگێڕمەوە
کە لە مێژە
ئەمڕۆ بە سبەی پێ دەکەم.

وشەکانی ئەم چیرۆکە
وەکو ماسی لووسی بن گۆم
لەدەستم دا هەڵدەخلیسکێن.
وشەکانی کۆترە شینکەن
ماڵی نابن و
لەقەڵبەزی وەسفەکانمدا ناحەجمێن.

شەو درەنگەو تازە ئاشنا
یەکەم جارە
ئەم شاعیرە
بۆی دژوارە لە خۆی بدوێ.

یەکەم جارە
وشە لێم سرک و عاسی بێ و
بەسەر زمانمەوە نە پشکوێ.
تازە ئاشنا

نیگەرانم
بە هۆی وشەی نارەسەن و
گرێ گرێ
دڵی چیرۆکەکانم بریندار بێ.

زۆر دەترسم
دەس نەکەون ئەو وشانەی
کە نەهێڵن
باڵای ڕێکیان خیچ و خوار بێ.

چۆن بۆت بدوێم تازە ئاشنا
چۆن بۆت بدوێم
دنیای چیرۆکەکانی من
زۆر نامۆیەو
لە ناو خەیاڵی لە تیفی
تۆی دڵ ناسکا ناگونجێ.



دنیای چیرۆکەکانی من
ڕەق و تەقەو زبر دەدوێ.
پەڵە بارانی ناو دنیای
چیرۆکەکانی من
ئەو بلوورە قاڵبووە نییە
تازە ئاشنا کە تۆ
لە پشت پەنجەرەی ماڵەکەت
چاوی حەزی پێ هەڵدێنی.

کرێوە بەفری
چیرۆکەکانی من
ئەو سپی ئاوریشمە نییە
لە سەر ئاسمانی شارەکەت،
دەستی سروشت ڕای وەشێنێ،
توێ توێ بکەوێ و
باوەشی خۆی تێوەرێنی.

چۆن بۆت بدوێم
تازە ئاشنا
چۆن بۆت بدوێم
ئاخر خۆ تۆ

تاقە جارێک
چۆڕاوگەی لێڵی گۆێ سوانان
بە پشت ملتا نەچووەتە خوار

تاقە جارێک
ناچار نەبووی
لەناو شەوی ئەنگوستە چاو
هەست و خواست لە خۆت ببڕی
بێ چرپە بڕۆی
لێت یاخی بێت خشەی کەڕە گەڵی نزار.

ئاخر خۆتۆ
تاقە جارێک
لە پێشەلانی گەسکەسکا
ماندوویەتیت دەر نەکردوە؛
بەسەر پەنجە
پۆلە دڕووت لانەداوە و
لەناو ویزەی مێشولەدا بۆی نەخەوتووی.

تاقە جارێک
شەو درەنگان



هەورازی دوورت نەبڕیوە
پەڵە دەوەن
پەنجەی لە چاوت نەکوتاوەو
لە بەفری تەپڵەک نەکەوتووی.

تاقە جارێک
نێو چاوانت
لە سەر دارانان نەکوتاوە
تاقە جارێک
قەوزەی شینی
سەر گۆمێلەکەی بۆگەنکردوو
لە ناو گەرووت نەگیراوە.

ئاخر خۆتۆ
تاقە جارێک
لە ناو گەرووی
دۆڵ و زندوڵی لاپەڕو
شاخ و تەلانی هەڵدێرو
دارستانی چڕو پڕدا
هەڵە نەچووی و ون نەبووی.

یان خۆ جارێک
هەڵپەی سەر شێتی سیلاوی
کوێرە شیوێکی لاتەریک
بەری رێگەی پێ نەگرتووی.

چۆن بۆت بدوێم تازە ئاشنا
چۆن بۆت بدوێم
هێشتا گوێی تۆ
بە مۆسیقای لاواندنەوەی
دایکی رۆڵە جوانەمەرگا
رانەهاتبوو.

تاقە جارێک
لەگەڵ هاتنە دنیای
کۆرپەیەکی باوک شەهید
تەزووت بە لەش دا نەهاتووە.

تازە ئاشنا
تاقە جارێک خۆ دڵی تۆ
بە کسکەی گوللەو گرمەی تۆپ
لە ناکاوا رانەچڵەکیوە.
هەرەس هێنانی بێ رەحمی



قامەتی خۆشەویستانت
قەت بە چاوی خۆت نەدیوە.

چوون بۆت بدوێم
تازە ئاشنا
چۆن بۆت بدوێم
لە ناو چیرۆکەکانم دا
لە ناو میحرابی مزگەوتا
خۆشەویستی لە دار دەدرێ.
لە قوڕاوچکەی منارەوە
شەوە زەنگ و مەرگ
لە جاڕ دەدرێ.

شەو درەنگە تازە ئاشنا
ئەگەر ئەمجارە هاتیەوە
دەتکەم بە میوانی
قارەمانی
چیرۆکەکانی خۆم
ئەو کەسانەی لە عەشق دەدوێن
ئەو عەشقانەی
گوڵی ژیان
لەسای وانەوە دەپشکوێن.

ئەگەر ئەمشەو
بە هۆی ئەم شیعرە لاڵەوە
لە چاوت زا دڵۆپی ئەسرین؛

ئەگەر ئەم جارە هاتیەوە
دەستت دەنێمە نێودەستی
قارەمانی چیرۆکێکم
گۆرانی بڵێ
دەنگ هەڵبڕە
با ئاژین بێتە سەر لێوت
تریفەی بە تینی پێکەنین

ئەگەر ئەمجارە هاتیەوە
ئیتر ناڵێم
"چۆن بۆت بدوێم
تازە ئاشنا، چۆن بۆت بدوێم"
تۆ دانیشە
ڕاست و رەوان
منیش دەدوێم.

یۆتۆبۆری-سوید - ١٩٩٢/٢/٢٧



## نەورۆزانە

گوڵی گەزیزەی قژزەردی لاپاڵ
نەرم رادەژێ بەدەم بای شەماڵ
لەدەست ئەم ژینە دەردە دڵیەتی
فرمێسکی ئاونگ لەسەر چڵیەتی
چقڵی ئاسنین بسکی ڕنیوە
بەر لە پشکووتن غونچەی وەریوە
ئەڵێ: لەو ساوە مژدەم دا بەهار
لە بالاّم ئالاّسێمیکی خاردار
ئەو لقەی لەو دیو سیما ڕواوە
بە بۆنی باروت سیس و ژاکاوە
لقی ئەم دیوی لە دەریای نزار
جوانی ئەبەخشێ بە بەژنی بەهار
"قەراقەرێن"و" دار تەقڵە"و سێ بەاز"
یا" هەللووکین"و "کوسە"ی فیڵەباز
کایەی مێژینەی کۆمەڵێ منداڵ
کەم بەدی دەکرێن بەهاری ئەمساڵ
لە دەوری ئاگر گشتیان کۆ دەبن

دەبنە دوو بەرەی پێشمەرگەو دوژمن
رەختی خۆکردو چەک و چۆڵی دار

جێژنی بۆ دەگرن نەورۆزی بەهار
کیەی نوێ دەکەن، سەنگەر لێک دەگرن
هەر لە ئێستاوە رێی خەبات دەگرن
جار جار لەو لاوە نووزەی پاسدارێک
لەم لاوە بە گوڕ دەنگی شیعارێک
سەرەنجام شەڕی ئەو بەرانە
بەرەی دوژمنان رەتانە!

×××

لە قەدی شاخا خورەی قەڵبەزی دێ
قاسپە قاسپی کەو لەناو رەوەز دێ
قڵپەی کانیاوی روون و سپی و سۆڵ
لەسەر شینکاڵی خڕوشیو و دۆڵ
لەگەڵ گزنگی بەری بەیانی
تێکڕا ئەپڕژێنین جیلوەی جوانی
رنووی دوندی کێو چۆڕ چۆڕ ئەسرینێ
ئەرژینی و ئەگری بۆ دوایی ژینی
بتولبولی عاشق بەستەی دڵداری



بۆ گوڵی ئەڵێی دیار بەهاری
بەڵام جوانترین لەناو ئەو گشتە
باغچەی رازاوەی جوانی سروشتە،
ئەودیمەنەیە وا کرێکارێک
بێ بەشێ، رووتێ، هەژار نەدارێک
لەگەڵ ئاگری شەوی نەورۆزا
لەناو بڵێسە کڵپەی پڕ سۆزا
لەگەڵ شۆڕشا پەیمانێکی نوێ
دەبەستێتەوە و بەی و زمانە دەدوێ
ئاگری شۆڕش ئەوەندە پڕ گڕبێ
تازستانی ژین یەکجاری قڕ بێ
بەرەو ژیانی سەرتاب نتەورۆز بێ
پڕ بەدڵ بڵێین: جێژنت پیرۆز بێ

نەورۆزی ١٩٨٦



## ناسر حیسامی

## شیعر ئەگەر ئینسانی لێدەربهێنین هیچی نامێنێتەوە

## ناسری حیسامی لەزمانی خۆیەوە:

* ناسرم ناوە، بنەماڵەمان بەناوی حوسامییەوە دەناسرێت، ساڵی (۱۹۵۹) لەگوندێکی چکۆڵە بەناوی (شێخ ئاڵی) لەدایکبووم، کەدەکەوێتە ناوچەی موکریان لەنێوانی بۆکان و مهاباددایە.

* خوێندنی سەرەتایی، ساڵانی یەکەم و دووەمی سەرەتایم لەگوندی شێخ ئاڵی و گوندێکی چکۆڵەتر کەناوی کۆنە منالەرە لەوێ خوێندوە.

* بۆ دەورەی سەرەتایی و ناوەندی لەبۆکان درێژەم پێدا، دوای ئەوەش لە(کەرەج) خوێندنی دواناوەندیم تەواوکرد، ئەوە هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی راپەرینی خەڵکی ئێران لەدژی حکومەتی شا.

* ماوەیەکی کورت دوای راپەرین من گەڕامەوە بۆ کوردستان، لەوێ لە جەمعیەتی دیموکراتیکی موعەلیمانی تێکۆشەر چالاکیم دەستپێکرد.

ئەو کاتە قوتابخانەکان لەکوردستان داخرابوون، لەبەرئەوەی بۆکان شارێکی ئازاد کراو بوو بەدەست پێشمەرگەوە بوو، ئێمە هەوڵماندا بۆ کردنەوەی قوتابخانەکان، هەروەها بۆ نووسینی کتێبی خوێندنی منداڵان بەزمانی کوردی، دەستەیەکی نووسەرانی کتێبە کوردیەکانمان دانا، لەوێ کۆمەڵێ کتێبی کوردیمان نووسی، دواتر دەستەی نوسەرانی کتێبە دەرسییەکان لەناو (کۆمەڵە)دا درێژەی پێدرا، تا ئەو کاتە لە جەمعیەتی موعلیمان بووم، دواتر درێژەمان پێدا، جەمعیەتی موعەلیمان

جەمعیەتێکی ناحزبی بوو، جەمعیەتێکی دیموکراتی بوو، بەڵام دواتر بوو بەکۆمیسوێنی فێرکردن و بارهێنان، لەوێ درێژەمان بەنووسینی کتێبەکاندا.

ساڵانی دوای ئەوە من لەگۆڤاری (پێشڕەو) کارم کرد دواتریش وەکو نووسەر و بێژەرو ماوەیەکیش وەك لێپرسراوی رادیۆ کارمکردووە.

ساڵی (١٣٦٤)(١٩٨٥) وام لەبیرە (کانوونی هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستانمان) دامەزراند، ئەندامی دەستەی نووسەرانی (پێشەنگ) بووم کە گۆڤاری کانوون بوو، سەرنووسەری هەندێك لەژمارەکانی بووم.

هەتا ساڵی (١٩٩٨)كە چوونە دەرەوەی کوردستان لەوێ لەوڵاتی سوید دەژیم. لەو کاتەوە وەکو مامۆستای زمانی کوردی وانەی کوردی دەڵێمەوە بەمنداڵانی کورد، لەوێ هاوکات هەندێ نووسینی شیعرو بیرەوەری نووسینەوەو هەندێ وەرگێڕانیشم درێژە پێداوە، تائێستاکە لەخزمەتتاندام.

هاوسەرم هەیە (کەژاڵ) خەڵکی سلێمانییە، سێ کچم هەیە، یەکەمیان (شلێر) تەمەنی ئێستا (٢٢)ساڵە، (شادی) تەمەنی (١٢) ساڵە، (لاوێن) تەمەنی (٥) ساڵە.

* **ئەحمەد شاملو لەوەڵامی شیعر چییەو چۆنی دەبینی دەڵێ: تائێستا هیچ وەڵامێکم پێ نییە، تائێستاش کەس نەیتوانیوە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە "ئەرستۆ"ش دەڵێت: "شیعر باسکردنی ئەو رووداوانەیە کەدەشێت لەداهاتوو روویدەن" دەکرێت لەروانگەی ناسری حیسامیەوە بزانین شیعر چییە ؟**

من خۆم بۆ پرسیارێکی ئەوها ئامادە نەکردووە، گەرچی ئەو زۆر جار ئەو باسە دێتە گۆڕێ شیعر چییە؟ من دەتوانم ئەوەندە بڵێم لەڕوانگەی خۆمەوە بڵێم چی بەشیعر دەزانم، چی بەشیعر نازانم، بەڵام پێوانەکانم ناتوانم باسبکەم



بۆ ئەوە بڵێم پێوانەکانم چین؟ من کاتێك دەقێك دەخوێنمەوە دەتوانم خۆم، خۆم قانع بکەم کە ئەوە شیعرە یان نا، بەڵام ناتوانم بەتۆ بڵێم، کە پێوانەکانم چین، منیش بەداخەوە تائێستا پێناسەیەکم بۆ ئەوە نییە کە بڵێم شیعر چییە؟ دەتوانم بزانم بڵێم(چی شیعر نییە)، بەڵام ناتوانم شیعر خۆی بەچی دەڵێن.

# شیعر ژیانە

* **چی شیعر نییە؟**

**– ئەوەی کە پەیامێکی پێ نەبێت بۆ وتن، ئەوەی کە زمانێکی شایستەی** نەبێت بۆ دەربڕین، ئەوەی کە نەتوانێت لەتۆدا هەستێك وەخەبەر بێنێت، یان نەتوانێت لەگەڵت بدوێت، تۆ هەست بەوەبکەیت ئێستا ئەو دەقە دەخوێنیتەوە لەگەڵ ئەو کەسەی کە نووسیویەتی پەیوەندێك دامەزرێنێ، پەیوەندێك بەرقەرار دەکەیت، کە بەزمانێکی واوەتر لەزمانی ئاسایی رۆژانەدا دەیبیستیت دەتوانی بدوێی دەتوانی گوێی لێبگریت، دەتوانین تێی بگەیت.

* **وەك فروخ دەڵێت" ئەگەرهاتوو شیعرو شاعیر، یان ئەگەر هاتوو دەق و کەسەکە، یاخودی ئینسانەکە یاشاعیرەکە، ئەم دوانە لەناوەرۆك و جەوهەردا وەکو یەك نەبوون، قابیلی ئەوەنییە پێی بڵێی شیعر" بەواتای ناوەرۆکی مرۆڤەکان و رەنگدانەوەی شیعر دووشتی هاوتەریبن، پێویستە وەکو یەك بن تۆ لەگەڵ ئەو رایەدایت؟**

ناتوانم بڵێم: ئا، یان نا، لەبەرئەوەی ئەمە زۆر تەفسیر هەڵدەگرێت، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە تۆ چ پێناسەیەك بۆ ئینسان بکەی؟ لەچ روانگەیەکەوە بڵێیت ئایا شیعرەکە لەگەڵ ئینسانەکە هاوتەریبە، هاومانایە هاو ناوەرۆکە یان نا، چ پێوانەیەکمان هەیە بۆئینسان؟ چ پێوانەیەکمان هەیە بۆ ئەوەی شیعرەکە دەڵێت چی، گرنگ ئەوەیە ئایا ئێمە لەشیعرەکە باش گەیشتووین، بۆ نموونە من کاتێك شیعری فروغ بخوێنمەوە، چۆن بزانم ئەمە هەمان فروغی فروغ زادە کە لە شیعرەکەیدا رەنگدەداتەوە یان نا، پێویستە پێشتر من لەوە دڵنیابم کە ئایا لەشیعرەکەی گەیشتووم یان نا؟ ئایا من پەیامی شیعرەکەم وەرگرتووە یان شیعرەکەم بەهەمان جۆر خوێندوەتەوە، کە شاعیرەکە خۆی وتوویەتی بۆیە دژوارە ئەم بەراوردکردنە ئایا شاعیرەکەیە لەشیعرەکەیدا رەنگی داوەتەوە.

*** ئایا تۆش لەگەڵ ئەو رایەدایت، کە شیعر راستەو راست هەر خودی ژیانە؟**

وایە، بەڵێ، پێموایە شیعر ژیان هەر خۆیەتی

## لای هێمن ئینسان زۆر گرنگی پێدراوە

*** لەکتێبی لەودیو رەنگ و پەردەوە کە لەساڵی (١٩٩٥) دەرچووە، لەبابەتی (هێمن لەپێناو بیری ئازاد)دا، تۆ،دەڵێت: نەك هەر شیعری**



**پەچەو بەندە، بەڵکو بەشێکی زۆر لەشیعرەکانی هێمن دەبێت بخرێنە لاوە.**

**ئەم بۆچوونەی تۆ بۆچوونێکی تازەبوو، قسەیەکی جدی بوو لەسەر پەچەو بەندە، لەو خوێندنەوەی پێشتر لەرۆژنامەی (برایەتی) بۆی کراوە، مەبەستت لەوە چی بوو کە ئایا زۆربەی ئەو شیعرانەی تر بخرێنە لاوە، ئایا مەسەلەکە مەسەلەیەکی ئایدۆلۆجی بوو، یان رەخنەیەکی واقیعی وجدی بوو لەو شیعرەو لەشیعرەکانی هێمن؟**

– نەخێر، ئەوەی من لەوێ دەیڵێم، ئەگەر بەپێوانەی ئەو رەخنەگرە، ئەوەی رەخنەی لەشیعرەکانی هێمن گرتوە، وتومە ئەگەر بەو پێوانەیە شیعری هێمن هەڵبسەنگێنین دەبێت زۆربەی شیعرەکانی هێمن بخرێنە لاوە، من لەو وتارەدا داکۆکیم لەهێمن و لەبیری ئازادیخوازانەی هێمن کردووە، وتومە ئەوەی هێمن لەوێ دەیکات داکۆکیەکی راشکاوانەیە **لەژن، لەبایەخە** ئینسانیەکانی ژن، وەکو ئینسان، وتوومە نابێت شیعری هێمن ئەو داوەریەی بەسەردا بسەپێنرێ کە ئەو **رەخنەگرە** کردویەتی، بەپێوانە بۆ شیعرەکانی هێمن، ئەو دەڵێت نەدەبوو هێمن ئەوها بەسوکی باسی پەچەو رووبەند بکات، من پێم وتوە بەشێکی زۆری شیعری هێمن داکۆکی کردنە لەئازادی ژن و بایەخەکانی ئینسان، بۆ نموونە لەشیعری دیکەشدا هێمن.

**یان نموونەی : (هەتا چارشێو بەسەرتۆوە دەبینم نازەنینی کورد، بەسەر بیلبیلەکەی چاوی مندا دەکشێ تەمێکی تر)**

ئەوە ناکرێت بێن بەو پێوانەیە قسە لە هێمن بکەین ئاوا بڵێم باشترە، ئەوە داکۆکیەکی راشکاوانەیە لەمافێکی ئینسانی ژن، پێموایە ئەو

داوەرییەی ئەو رەخنەگرە کردویەتی لەسەر هێمن، بەداخەوە ئێستا ناوەکەیم لەبیر نییە، نازانم رەخنەگرەکە کێ بوو، پێموایە ئەو لەڕوانگەیەوە بۆی چووە کە زۆر زۆر جیاوازە لەشیعری هێمن و لەکەسایەتی هێمن، بۆیە پێموابوو ئەگەر کەسێك بێت رەخنە لەهێمن بگرێت، ناکرێت تەنها رەخنە لەو شیعرەی بگرێت، ئەگەر لەو روانگەیەوە رەخنە لەهێمن بگریت، لەڕوانگەی داکۆکیکردن لەپەچەو رووبەندەوە، دەبێت بەشی هەرە زۆری شیعری هێمن ڕەخنەی لێبگرین، من خۆم لایەنگری ئەو شیعرانەی هێمنم، پێموایە هێمن یەکێك لەو شاعیرە **کوردانەیە کە ئینسان لەشیعرەکانیدا زۆر زۆر جێگایەکی بەرزی هەیە، پێموایە لەشیعری کلاسیکی کوردیدا لەشیعری کەم شاعیردا ئینسان ئەوەندە بایەخی بەرزی پێدراوە بەقەدەر هێمن .**

*** باسی گرنگی پێدانی ئینسانت کرد لەناو شیعرکانی ئەحمەدی شاملودا. پێموایە بەپلەی یەك کاری کردووە لەسەر مەسەلەی ژن و منداڵ، تۆش بەهەمان فۆڕم کارت لەسەر ئینسان کردووە، ئینسان قابیلی ئەوەیە شیعر لەخزمەتیدابێت، ئایا ئەمە پەیوەستە بەمەسەلەی ئایدۆلۆجیەوە وەکو کەسێکی چەپ یا شتێکی ترە؟**

**– ئەمن پێموایە شیعر ئەگەر ئینسانی لێدەربهێنین هیچی نامێنێتەوە**، واتای ئەوەی پێی دەگوترێت کەلەپوری مرۆڤ، ئەوەی پێی دەگوترێت، دەسکەوتنی مرۆڤ لەبواری شیعردا، ئەوەی کە ئینسان بەدرێژایی ژیانی خۆی خولقاندویەتی لەبواری شیعردا، ئەگەر رەگەزی ئینسانی لێ دەرهاوێت، بەبڕوای من چی تری لێنامێنێتەوە، تەنانەت ئەو



شیعرانەی کە باسی سروشت و جوانی سروشت و بەهارو خۆشەویستی دەکەن. چونکە خۆشەویستیش راستەوخۆ پەیوەندی بەئینسانەوە هەیە. بۆیە ئەگەر شیعرت لەوە داتەکاند، ئەوەت لێبەتاڵکردەوە، من نازانم چی بۆ دەمێنێتەوە.

بۆیە من پێموایە ئەوە لایەنێکی زۆر زۆر گرنگە لەشیعردا بەڵێ لەشیعری شاملودا ئەوە لایەنێکی بەهێزە لایەنێکی بەرچاوە، لەشیعری هێمندا، لەشیعری زۆر شاعیری ئازادیخوازی دیکەدا، لەشیعری فروغ یشدا هەروایە.

## شاملو کەسێکی ئینساندۆست بوو

*** شاملو دەڵێت: مەلەی ناو کانیاوی زولاڵم پێخۆشە، تا خۆشۆردنی حەمامی دەوڵەمەندانەی حەوزی چینی و لوولەی زیووی" دیارە ئەو قسەیە لەڕوانگەی ئایدۆلۆجیەوە دەکات، قسە لەسەر ئەوەیە کە شاملو لە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆجی چەپدابووە، ئەوە وایکردووە تۆ لەژێر کاریگەری شیعرەکانی شاملو دابێت، مەبەستم ئەوەیە بڵێم لە ژێر کاریگەری ئەو شیعرانەی ئەحمەدی شاملودا بوویت؟**

شاملو، کەسێکی ئینساندۆست بوو، ژیانی خۆشی هەر ئاوا ژیا، ژیانێکی وەکو ئینسانێکی ئاسایی دوور لە زەوق و بەرق و ئەوانە، بەڵام ئەو نموونەی کە تۆ لێت باسکرد بەشێوەی دیاریکراو ئەو وەك نموونەیەك بۆ چۆنیەتی شیعرەکەی باس دەکات دەڵێت من پێمخۆشە شیعر وەکو کانیەکی زوڵاڵ هەڵبقوڵێ، من پێمخۆشە وەکو کانییەك بێت بەبێ بەربەست .

حەزناکات هیچ خەونێکی دیکە، هیچ لەمپەرێکی دیکە بەر بەڕەوتی ئاسایی شیعرەکەی بگرێت، بۆ نموونە سەرواو قافیە، کێش، دەڵێت

نامەوێت ئەوانە ڕەوتی شیعرەکەم بۆ دیاریبکەن، ڕەوتی شیعرەکەم بگۆڕن، دەیەوێت بڵێت کە ئەو شیعرەی ئەو مەبەستیەتی وەکو کانیەکی زوڵاڵ وایە لەجێی خۆیەوە هەڵدەقوڵێت، ئەو شیعرەی کە سەروا، کێش سەنایعی شیعری تێیدا زۆر بەکار دەبرێن، وەکو ئەوەوایە تۆ بۆت گرنگ بێت، حەتمەن بەلوولەیەکی زیوودا هاتبێت.

ئەوە دەڵێت من لوولە زیویکەم بۆ گرنگ نییە، گۆزەکەم بۆ گرنگ نییە، ئاوەکەم بۆ گرنگە، ئاوەکە کە ئەو ئاوەیە بەشێوەیەکی ئاسایی لەکانیەك هەڵدەقوڵێت، ئەو دەیەوێت بڵێت شیعریش بۆمن هەر ئەوەیە، شیعریش بۆمن گرنگە جەوهەری شیعر، ناوەرۆکی شیعر، ئەو شتەی کە کاکڵەی شیعرکەیە، نەك سەرواکەی، نەك کێشەکەی، نەك سەنایعی لەفزی، نەك سەنایعی شیعری، ئەوەی بۆ نموونە لەلموعجەمدا لەبابەت شیعری فارسییەوە حەفتا وهەشت لەمپەر دروستدەکرێت کە شاعیر دەبێت شیعرەکەی ئەوەبێت، وابێت، ئەنواعی بەحری جۆراو جۆری گرانی و دژواری، دەڵێت نامەوێت هیچ کام لەوانە کانیاوی شیعری من بەربەست بکات.

*** لەگەڵ ئەو بۆچوونە ناتەبای کە لەم سەر بۆ ئەو سەری شیعرەکانی شاملو دیفاعن لەئیسنان و لەچەوسانەوەی ژیان، لەچەوسانەوەی منداڵانی سەرجادەو کۆڵانەکان، مانای ئەوەیە کە شاملو لەژێر کاریگەری ئایدۆلۆجیایەکی تایبەتدا شیعری نوسیوە؟**

من ناتوانم لەسەر ئایدۆلۆجیای شاملو قسەبکەم، ڕەنگە باشتربێت لەو بابەتەوە بۆ خۆی جێ بهێڵێن و مراجەعە بەخۆی بکەینەوە، بزانین



خۆی لەبابەت ئایدۆلۆجیای خۆیەوە چی گووتوو، من ئەوەندەی ئاگادارم شاملوم ساڵانێك هەڵسوڕانی سیاسی حزبی هەبوو، بەڵام خۆی زۆر زوو لەو هەڵسوڕانی سیاسی حزبیە جیابووە وەلای نا، لەدرێژەی ژیانیدا من لێم نەبیست، کە وتبێتی من ئایدۆلۆجیاکی دیاریکراوم هەیە، بۆیە ناتوانم لەو بابەتەوە دادوەریەك بکەم، بەڵام بەگشتی خۆی بەئینسانێکی ئازادیخوازو لایەنگری مافەکانی ئینسان دەزانێ، ئەگەر ئەوە کەسێك بتوانێت ناوی ئایدۆلۆجیایەکی لێبنێت خۆی دەزانێت؟ من ناتوانم لەزمانی ئەوەوە ناوێك لەئینساندۆستیەکەی بنێم، یان ئینساندۆستیەکەی بەرمەوە سەر ئایدۆلۆجیایەکی تایبەت، خۆی مەبەستی، یا من پێناسەی بکەم.

*** مەریوان وریا قانع لەلێکۆڵینەوەیەکدا، کاریگەری شیعری سێ شاعیر لەسەر ئەدەبیاتی شیعری کوردی باس دەکات، کە ئەوانە لەڕووی زمانەوە زۆر بەقوڵی چوونەتە ناو زمانی کوردییەوە و توانیویانە کاریگەری گەورە لەسەر شیعری کوردی بەجێبهێڵن، لەشاعیرە کلاسیکەکان (مەحوی) یە، دووەم (شێرکۆ بێکەسە) لەساڵانی هەشتاکان. سێیەم (بەختیار عەلی) یە لەئێستادا، ئایا تۆ لەگەڵ ئەم بۆ چوونەی مەریوان وریا قانعدایت یان ئیزافەیەکت بۆی هەیە؟**

لەبەرئەوەی لەکوردستان شیعر بەشێکی هەرە دیاری ئەدەبی نوسراوی کوردییە، منیش پێموایە شیعر کاریگەریەکی زۆری لەسەر زمانی کوردی و لەسەر قوڵبوونەوەی زمانەکەیە، بەڵام ئێستا من ناتوانم بڵێم تەنها سێ شاعیر دیاری بکەین، من ناتوانم بەدیقەتێکی ڕیازی بڵێم

سێ یا چوار شاعیر یا چەند شاعیر، بەڵام بەگشتی ئینسان دەتوانێت باسی ئەو شاعیرانە بکات کەکاریگەریان هەبووە لەسەر زمانی کوردی، پێموایە ئەو شاعیرانەی کەباستان کرد کاریگەریەکی بەرچاویان هەیە، لەهەمانکاتیشدا ناتوانم بڵێم، من ئەگەر لێم بپرسن تەنها ناوی ئەو سێ شاعیرە دەبەم.

## شاملو و وەرگێڕانی شیعرەکانی لەلایەن ناسری حیسامییەوە

*** ئەوەندەی من دیقەتم لەئەدەبیاتی تۆ داوە هەر لەسەرەتاوە جەنابت بەشیعرەکانی ئەحمەدی شاملو زۆر کاریگەر بوویت، زۆربەی شیعرەکانی ئەوت وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی، یەکەم لێت دەپرسم بۆچی ئەحمەدی شاملو، دووەم پێتوایە سەرکەوتووبووی لەوەرگێڕانی شیعرەکانیدا؟**

با لەپێشدا من وەڵامی پرسیاری دووەمت بدەمەوە، ئەوەی من ئایا سەرکەوتووبووم یان نا، ئەوە خۆم ناتوانم داوەریەکی بکەم، لەبەرئەوەی ئەو شیعرانە خەڵك دەیان خوێنێتەوەو داوەریان لەسەر دەکات، هەندێ کەس پێیانوایە سەرکەوتووبووم و هەندێك پێیانوایە سەرکەوتوو نەبووم، من لەم بابەتەوە خۆم ناتوانم، ئەم داوەریە بکەم، ناتوانم بڵێم تا چەند سەرکەوتوو بووم، بەڵام دەتوانم بڵێم زۆر تێکەڵاوی



ئیحساسی شیعرەکان بووم، هەموو توانای خۆم داوە بەوەی کە ئەو شیعرە وەربگێڕم، ئەوەی کە ئایا سەرکەوتووبووم یان نا، نازانم، رەخنەو لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر لەسەر ئەو وەرگێڕاوانە نووسراوە، هەندێك پێوابوو، باش وەرگێڕدراون، بەڵام بێ هەڵەیش نین، هەندێکیش بەگشتی پێوابوو وەرگێڕانی شیعر کارێکی باش نییە، هەندێك دەڵێن ئێمە هەمان چێژ لەو وەرگێڕاوانە وەردەگرین کە لەفارسییەکەوە گوێمان لێبووە، من زۆریان لەگەڵ ماندوو بووم زۆرێك لەو شیعرانە جاری وایە کە وەرمگێڕاون تاسێ مانگ چوار مانگیش و تەنانەت تا ساڵیش بڵاوم نەکردونەتەوە، چەندین و چەندین جار پێداچوومەتەوە تا ئەوەی زیاترین دڵنیایی بەدەست بهێنم.

بەڵام بۆچی ئەحمەدی شاملو من لەسەرەتادا بەوەرگێڕانی شیعرەکانی ئەحمەدی شاملو دەستم پێکرد، تائێستاش زۆربەی ئەو شیعرانەی وەرمگێڕاون شیعرەکانی ئەحمەدی شاملون، بەڵام بێجگە لەو من شیعری شاعیری دیکەم وەرگێڕاوە، ئێستا شیعری پێنج شاعیری ئێرانیم وەك وەرگێڕان هەیە، بۆ چاپکردن ئامادەیە، یەکەمیان (ئەحمەدی شاملو، شیعری نیما یوشیج، شیعری شیاوەیسی کەسرایی، شیعری فەرەیدونی موشیری، شیعری هۆشەنگی ئیبتیهاج) ئەوانەشم کردووە بەکوردی، هەندێك لەوانە لەکوردیشدا کراونەتە گۆرانی، ئەمانە زۆریان لەفارسیشدا کراونەتە گۆرانی، بەڵام لەکوردیدا ناسری رەزازی دوو لەوەرگێڕانەکانی کردووە بەگۆرانی، یەکێك لەو شیعرانە "ئەگەر غەمی نان لێم گەرێ" لەراستیدا شیعرەکە ناوی (غەزەلی نەتوانین)ە، هی ئەحمەدی شاملوە، شیعرێکی دیکە کە ناسر کردوویەتی بەگۆرانی

شیعرێکە بەناوی (نەداری) **(دانیشتووی خاکێکم کەخاکی من نییە، هیلاکی رەنجێکم کەرەنجی من نییە)** ئەوە هەر هی ئەحمەدی شاملووە، بێجگە لەوە وەرگێڕاوی شیعرێکی هۆشەنگی ئیبتیهاج بەناوی "بەهاری دڵشکاو" نەجمەدینی غولامی کردویەتی بەگۆرانی، شیعری منداڵانی نێو قووڵەکەکانیش کاك "رەزای یوسف" گۆرانیەکی لەسەر دانەوە ئەوانەی لەبیرم بن ئێستا ئەوانەن، بەڵام بەهەرحاڵ وەڵامی پرسیارەکەت ئەوەندەی پەیوەندی راستەوخۆی هەبێت شیعری شاعیری دیکەشم کردووە بەکوردی.

*** بۆچی شیعرەکانی شاملو؟**

لەبەرئەوەی هەست بەنزیکایەتی دەکەم لەگەڵ شیعری شاملوو هەم وەکو شیعر زۆر چێژی لێوەردەگرم.

## وەرگێڕان کارێکی خراپ نییە

*** وەرگێرانی شیعر کارێکی سەختە، چونکە شیعر زیاتر ئیحساسە، گرانە وەرگێڕ بتوانێت ئەو ئیحساسە بگوێزێتەوەو بیگەیەنێت، زۆر لە ئەدیبان و رەخنەگران وەرگێڕانی شیعر بەغەدرێکی گەورە دادەنێن، چونکە پێموایە لەگەیاندنی ئەو ئیحساسەدا وەرگێڕ سەرکەوتوو نابێت؟**



من پێوانییە وەرگێڕانی شیعر کارێکی خراپ بێت یا غەدربێت، ئەحمەدی شاملو بۆ خۆشی شیعری زۆر وەرگێڕاوە، شیعری مارگۆت بیگڵی وەرگێڕاوە من پێموایە، وەکو وەرگێڕانیش چاوی لێبکەیت بەڕاستی شاکارە.

*** ئەو فاکتەرانە چین کەوایان لەتۆکردووە کاریگەری زۆری شیعری شاملوت لەسەربێت.**

ئاخر کاریگەری شیعر شاملو هەر لەسەر من وانییە، من لەوەڵامی پرسیارێکی دیکەشدا لەشوێنێکی دیکە، وەڵامم داوە، هەندێ کەس هەن لەبواری کارەکەی خۆیاندا جێگەیەکی دیار پەیدا دەکەن، تۆ ئێستا لەوانەیە لەکەسێك پرسی، بۆ کاریگەری شیعری شێرکۆ بێکەست لەسەرە؟ لەبەر ئەوەی شێرکۆ بێکەس ئێستا دیارترین سیمای شیعری کوردیە، ئەو دەورەیە بۆ کاریگەری شیعری شاملو زۆرە لەسەر من و لەسەر زۆر کەسی دیکە، لەبەرئەوەی شاملو دیارترین سیمای شیعری هاوچەرخی فارسییە.

*** ئایا ئەو ژان و ئازارانەی شاملو بەواقیع ئەزموونت نەکردووە؟**

با زۆربەیان ئەزموونی منیشن، ئاخر رەمزی ئەو پێشوازیەی لەشیعری شاملو دەکرێت هەر ئەوەیە، شاملو قسەیەك دەکات قسەی خەڵکێکی یەکجار زۆرە، قسەی دڵی زۆر کەسە.

# شاملو قسەی دڵی منی کردوە

*** دیارە شاملو قسەی دڵی تۆی کردووە؟**

قسەی دڵی من و قسەی دڵی خەڵکێکی یەکجار زۆری دیکەش، خۆمن ناتوانم بڵێم ئەو جۆرەی من تێگەیشتووم دەکرێت شیعری شاملو هەر ئاوا تێبگەیت، نەك بەهەر شێوەیەکی دیکە من ناتوانم ئەوە بڵێم لەوانەیە من شیعرێك بخوێنمەوە جۆرێك تێبگەم، تۆ جۆرێکی دیکە تێبگەیت، کەسێکی دیکە بەشێوەیەکی دیکە لێی تێبگات، شاملو بۆ خۆی دەڵێت:
**(شیعر وەکو پەرە کاغەزێك وایە، ئەگەر لێت پرسن پەرە کاغەزێك چۆنە؟ پەیوەندی بەوەوە هەیە کەتۆ لەکام لاوە چاوت لێکردبێت)** زۆر پەیوەندی بەوەوە هەیە لەچ روانگەیەکەوە چاو لەشیعرەکە بکەی ئەوە لەزۆر شیعری شاملودا هەیە، خۆشی دەڵێت: "من هەوڵ دەدەم دەنگبێژی خەمەکان و شادیەکان و هیواکانی خەڵکەکەی خۆم بم، من قسەی ئەوان بکەم"، دەڵێت: من ژانی هاوبەشم، شاعیری شەقامەکانم، شاعیری هیوای پەنجەرەکانم، کەم شیعری شاملو هەیە کە ئەوەندە تایبەت بەخۆی بێت کە من نەزانم ئەوە باسی کام مەسەلە دەکات. زۆربەی زۆری شیعرەکانی شاملو لەوانەی کە دەتوانێت قسەی هەموو کەس بێت.

*** ساڵی (١٩٨٦) کتێبی (تاشکۆفەی سوری کراسێکت) وەرگێڕا، پێم وابێت یەکەم کتێبی چاپکراوت لەبارەی شیعرەکانی شاملووە، چۆن چۆنی ئەو کات دەستپێکرد تاچەند سەرکەوتوو بویت، بەقەناعەتی خۆت؟**



ئەو کاتە من لەپێشدا بەینم لەگەڵ شیعری شاملو زۆر نزیك نەبوو، کاتێك لەنێوەی قەفەزەی کتێبدا شیعری شاملوم دەدیت بەشێوەیەکی تایبەت سەرنجی رانەدەکێشام کەئەوە بێنم بیخوێنمەوە، تا ئەو کاتەی کە یەکەمین کاسێتی شیعرەکانی ئەحمەد شاملوم بیست بەدەنگی خۆی، (کاشفانی فروقەتی شوکران)، لەچەند کۆڕو کۆمەڵی ئەدەبدۆستان و شاعیران و قسەی لەسەر دەکرا، ئەو وەختە هەم زۆر سەرنج بۆ لای دەنگی راکێشا، بۆ لای شێوەی خوێندنەوەی شیعرەکانی، بۆلای پڕ ناوەرۆك بوونی شیعرەکانی، بەتایبەتی دوای ئەوە کە زۆربەی قسەی لەسەر دەکرد، بۆ لای ئەوە کە شیعرەکەی هەمەلایەنەن، تۆ هەر جارەی قسەی کەسێك دەبیستیت، رووکارێکی تازەی شیعرەکەیت بۆ دەردەکەوێت، دەتوانم وەك تایبەتمەندیەکی ئەوەی وەکو ئەوەی لەشیعری حافزدا هەیە، چەند سەدساڵە شیعری حافز دەخوێنرێتەوە هەتا ئێستاش تۆکە دەیخوێنیتەوە هەست دەکەیت شتێکی تێدابوو، کە جارەکەی تر نەتخوێندۆتەوە، هێشتا پەیت پێ نەبردبوو، بەهەرحاڵ دوای ئەوە کەمن شیعرەکانی شاملو لەزمانی خۆیەوە بەدەنگی خۆی بیست، زیاتر سەرنجم بۆ لای راکێشا، لەپێشدا دوو شیعریم وەرگێڕا یەکێکیان (تەنگانە) بوو،

**(دێن بۆن بەدەمتەوە دەکەن**
**نەکا رۆژێک وتبێت خۆشمدەوێی)**

ئەوە یەکەم شیعر بوو دوای (منداڵانی نێو قوڵکەکان) بوو دوای ئەوە شتێکی دیکە بوو کە کراوەتە گۆرانی ئێستا لەبیرم نەماوە کێ کردی بەگۆرانی کوردی، ئەوانەم کرد بەکوردی، چەند کەسێك لەدۆست و برادەرو ئەوانە دیتیان پێیان باش بوو، درێژەم پێدا دوایی لەکۆڕێکدا

شیعرەکانم خوێندەوە، زانیم تارادەیەك سەرکەتوو بووە، درێژەم پێدا تائەو وەختەی کۆمەڵە شیعری (تاشکۆفەی سوری کراسێك) ئامادەبوو، بەڵام لەدوای ئەویش هەتا ئێستا، رەنگە نزیکەی چل شیعری دیکەی شاملوم کردبێت بەکوردی.

*** بەس لەکتێبێکدا چاپنەکراون؟**

– نەخێر

***بۆچی؟**

نازانم لەبەر ئەوەی بەشێکی کاری سیاسی دەرفەتێکی ئەوتۆم بۆ ناهێڵێتەوە، کەبەکاری ئەوە رابگەم، یان لەساڵانیکی زۆردا وابووە، بێجگە لەوەش ئەم ساڵانەی لەدەرەوە بووم کاری ئەدەبیم تارادەیەك کەوتبووە پەراوێزەوە، بەهۆی کۆمەڵێك تایبەتمەندی ژیانی ئەویَ.

*** لەسەر کتێبی (تاشکۆفەی سوری کراسێك) لەگۆڤاری (وان) ساڵی(١٩٩٢) (جەعفەر شێخ ئیسلامی) رەخنەی لێگرتووی و چەند دەقێکیشی هێناوەو بەراوردی کردووە، دواتریش وەڵامت داوەتەوە، لەرووی وەرگێڕان و زمانەوە، تاچەند ئەو رەخنەیەت قبولّ بوو، چەندە رەخنەکانی جدی و واقیعی بوون؟**

هەموو ئەو خاڵانەی کەئەو باسی کرد، من وەکو یەك چاو لێناکەم، هەندێك خاڵی تێدابوو هەر ئەو وەختە لەوەڵامدا وتمو تێبینی باش بوو، یارمەتی دەربوون بۆ من، هەندیَ شتیشی هەبوو کە ئەوەی من بۆی چووم نزیکترە، لەشیعرەکەی شاملو، ئەوەی کەئەو وتویەتی پێوابوو تەعبیرێکی دوورترە، تێبینی باش و یارمەتی دەری تێدابوو هەندێکی لەگەڵ رایەکانی نەبووم.



# ناسری حیسامی لەنێوان سیاسەت و شیعردا

*** قسەیەك هەیە هەندێك پێیانوایە خەڵك لەشیعرەوە دەچن بۆ سیاسەت و دوایی بۆ فکرو فەلسەفە، پێچەوانەکەشی راستە، کەئەمەیان سەرکەوتووترە تۆ لەئەدەبیات و شیعرە چووی بۆ سیاسەت، یا لەسیاسەتەوە هاتیتە ناو ئەدەبیات و شیعر؟**

– بۆ من لەو ساڵانەدا کەباس کرا هاوشان بەرێوەچوو یانی هاوکات، کاری سیاسی وحزبیم کردووە، هەم کاری هونەریو ئەدەبی.

*** ساڵی چەند؟**

من لەساڵی (١٩٨٠)ەوە هەڵسوڕانی سیاسیم دەستپێکردووە، هەڵسوڕانی ئەدەبیشم بەشێوەیەکی چڕو پڕ لەساڵی (١٩٨٣–١٩٨٤) وە دەستپێکردووە

# ساسیەتو تاراوگە زۆر شتی لەکیس دام

*** پێشتر باسی ئەوەت کرد کە وتت سیاسەت و تاراوگە زۆرشتیان لەکیس داوم، ئەگەر وایە بۆ وازناهێنیت لەهەردووکیان؟**

لەبەرئەوەی هیچ کامیانم بەدڵخواز هەڵنەبژاردووە، لەبەرئەوەی نەتاراوگەم بەدڵخوازی خۆم هەڵبژاردووە، نەکاری سیاسی و حرفەیی، بەم شێوە کەئێستا ئێمە دەیکەین کاری پێشمەرگانەو کاری حزبی

پڕواپڕ تەواو وەخت، ئەگەر من لەکۆمەڵگایەکدا ژیابام ئیمکانی ئەوە هەبووایە خەڵك بەئازادی قسەی خۆی بکات، وەکو زۆر کۆمەڵگەی دیکەی ئێستا مەرج نییە مرۆڤ بەتەواویش تێدا رزگار بووبێت، بەڵام لانیکەم مرۆڤ دەتوانیت قسەی خۆی بکات، هزرو بیروباوەڕی خۆی دەربڕێت، دەتوانێت لانیکەم پێداویستیەکانی ژیانی بەهرەمەندبێت، دەتوانێت لەلانیکەمی دەواو دەرمان بۆ منداڵەکەی ئەگەر نەخۆشکەوت بەهرەمەند بێت، ئەگەر من لەکۆمەڵگەیەکی ئەوهادا ژیابم خەڵکەکەی من لەکۆمەڵگایەکی ئاوهادا ژیابایە، مرۆڤەکانی کۆمەڵگاکەی من هێندە لەژێر چەپۆکی داگیرکاری و زەخت و زۆرو سەرکەوت و برسیەتی و هەژاری و ئاوارەیی و کیمیاباراندا نەبوایە، رەنگە منیش کاری سیاسیم بەو شێوەی ئێستا دەیکەم هەڵنەبژاردیایە، ئەو کاتە منیش بەفرمانێکی ئاسایی تر بۆ هونەر کاری خۆمم دەکرد، ئەو کاتە منیش وەکو نوسەر شاعیرێکی لە زۆر کۆمەڵگەی دیکەشدا هەن و کاری خۆیان دەکەن، بەڵام پێویستیەکانی خەبات لەو کۆمەڵگەیەدا کەمن تێدا دەژیم، خەڵکەکەی من، جەماوەری وڵاتەکەی من تێدا دەژی، وایکردووە من بەناچار خەباتی سیاسیش کە ئێستا بەو شێوەیەش دەیکەم هەڵبژێرم، تاراوگەش هەمووومان دەزانین، بۆ هیچ کام لەئێمە سەفەرێکی دڵخواز نەبوو، لەوڵاتی خۆماندا رێگەی هەڵسوڕان و قسەکردن و چالاکی سیاسی و تەنانەت چالاکی هونەری و ئەدەبی ئازادانەشمان پێنەدراوە، هەر بۆیە ئەوانەی کە پەرەوازە بوون ملوێنان کەس لەئێران و لەکوردستان هیچ کامیان بەدڵخوازی خۆیان تاراوگەی هەڵنەبژاردووە، هەڵبەت منیش یەکێکم لەوانە.



*** ئەگەر سیاسەت واقع سەپاندبێتی بەسەرتدا بۆ خزمەتکردن بەمەسەلەی ئینسانی و نەتەوەیی گەلی کورد، پێتوانییە رۆشتن بۆ تاراوگە راکردن بوو لەواقیعی ئەو کاتەی کوردستان؟**

رەنگە بکرێت پێی بڵێت راکردن، بەڵام ئەمە ناتوانیت بە بڕوای من تەوزیمێکی دروستبێت بۆ هەلومەرجێك، ملوێنەها کەسی ناچارکردووە ئەو رەوە بکات، ژمارەی تێکۆشەرانی سیاسی، یان هەڵسوڕاوانی ئەدەبی و هونەری و رۆشنبیری لەدەرەوە دەژین و لەتاراوگە دەژین، یەك و دوو نین، ئینسان دەبێت پێوەرێکی هەبێت، بۆ ئەوە، بۆچی ئەم جەماوەرە بەرینە کە ژمارەیان ملیۆنەها کەسە ناتوانن لەوڵاتەکەی خۆیان بژین، ناچارن تەنانەت بۆ ژیان، تەنانەت بۆ هەڵسوڕانێکی ئاسایش ناچارن روویکەنە وڵاتانی دەرەوە، هەروەك بۆم باسکردی وڵاتی ئێمە وڵاتێکی داگیرکراوە خەڵکێکی زۆر لەسەر ژیان و ماڵی خۆیان راونراون، جەماوەرێکی زۆر کوژران، من لەوڵاتێك ژیاوم کە بەهەزاران کەس لەزیندانەکانیدا ئیعدامکراون، بەهەزاران کەس لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان ئاوارەبوون، لەهەر جێگەیەکی کوردستان بڕوانیت، ئەوە هەلومەرجی ژیانی رۆژانەی خەڵك بووە.

*** یەکەم کاری ئەدەبیت، یەکەم شیعرت، کەی بڵاوتکردەوە؟**

بڵاوکردنەوەی شیعر پێموایە دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی هەشتاکان، (١٩٨٣–١٩٨٤) ئەو ساڵانە بەڕاستی لەبیرم نییەچ ساڵێك، بەڵام نووسین دەگەڕێتەوە بۆ زووتر، هەر ئەو وەختەی لەخوێندنگا دەمخوێند زۆر جار شتمنووسیوە، بەڵام ئایا ئەوانە هەر ئەو وەختە دەکرێت پێم بڵێت بەرهەمی هونەری و ئەدەبی یان نا ئەوە شتێکی دیکەیە، بەڵام وەکو نووسین لەزۆر

زووترەوە دەستمپێکردووە، وەکو چاپ و بڵاوکردنەوە لەگۆڤارێکدا نیوەی یەکەمی هەشتاکانە.

*** (کۆمەڵە) فاکتەرێکی سەرەکی بوو، تۆ ناسری حیسامی بەخەڵك بناسێنێت؟ یا ناسری حیسامی خۆی؟**

من نازانم ئەگەر لەگەڵ (کۆمەڵە) نەبوایەم، ئەگەر ئەو ڕێگایەم هەڵنەبژاردایە، ئێستا لەکوێ بووم و چارەنوسم چی بوو، دەکرێت ئەو پرسیارە لەزۆر کەسی دیکەشی بکەی، کە ئەگەر وەك ئێستا نەبوایەی چۆنی دیکە دەبووی؟ من بەڕاستی ناتوانم پێش بینی ئەوە بکەم کە وەك ئێستا نەبوایەم چۆنی دیکە دەبووم، لەهەرحاڵدا کۆمەڵە بۆ من فێرگەیەك بوو، لە کۆمەڵەدا ئەو وەختە سەرەتای هەڵسوڕانمان، کۆمەڵە ناوەندی کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر لەشاعیرو نووسەرو ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و خوێندکاران و کۆڕو کۆبوونەوەکانی ناو کۆمەڵە زۆر بابەتی تێدا دەهاتە گۆڕێ، هەر لەبابەتی سیاسیەوە تا لێکۆڵینەوە لەشیعرو لەئەدەب، بۆیە بۆ من بەڕاستی تەنها هەر شوێنێکی چالاکی سیاسی نەبوو، بەڵکو ناوەندێکی گەرم و گوڕی فێربوونیش بوو، ناوەندی زۆر تاقیکردنەوەو ئەزموون بوو ناڵێم هەموو ئەوەی بوومان هەمیشە هەر دروست بووەو من ئێستا نامەوێت بڵێم ئەوە قوتابخانەیەکەو دەبێت هەموو کەس لێی فێربێت، هەموو ئەو شتانەی ئێمە بوومانە بەبێ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە لێی بڕوانێت دەبێت ئێستا هەمووی قبوڵبکەیتەوە، بەهەرحاڵ ئەزموونی زۆربەنرخی تێدابوو کەمن زۆر تەجروبەی ژیانی تیدا فێربووم.



*** پەشیمان نیت؟**

نابەهیچ شێوەیەك

## ڕۆڵی حیسامی لەکانوونی هونەرو ئەدەبیانی کرێکاریدا

*** ساڵی (١٣٦٤) واتە ساڵی (١٩٨٥) زاینی کانونی هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستانتان دروستکرد، لەپەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە، ئامانج پەرەپێدانی هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری پرۆلیتاریایە، ئەم بیروبۆچوونە ئەدەبیاتی کرێکاری و کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕانە کاریگەری لەناو بڵاوکراوەکانی ئەو کاتەی کۆمەڵە زۆر بەرچاو ڕەنگی داوەو دواتریش چەند، کێشەی لەسەربوو لەگۆڤاری پێشەنگی پاشکۆ ژمارە (١٢) ڕەخنە لەسەر ئەوە هەیە کە ئەدەبیاتێکی ناسیونالیستی هاتۆتە ناو هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری پێشڕەوەو (ڕێبوار)باس لەوە دەکات، جەنابت لەوێدا وەڵامت پێداوەتەوە؟ لەکاتێکدا هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستان بۆ ئێوە سەرەتایەکی گرنگ بوو، بۆچی تەنها هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری بۆچی لەژێر ئەو کاریگەریەدا؟**

ئەوە ئەزمونێك بوو ئێمە پێیدا تێپەڕین، ئەو کات ئێمە کارمان دەکرد لەو (کانوون)ەدا هیچمان خاوەنی ئەزموون و تەجروبەیەکی دوورو درێژنەبووین، خەریکی تاقیکردنەوەبووین، لەبواری سیاسیدا هەندێك قسەمان هەبوو، هەندێك بۆچوونمان هەبوو ڕێبازێکمان هەبوو کە

پێمانوابوو شتێکی نوێی هێناوەتە کوردستان، هەوڵماندەدا هاوتای ئەدەبی ئەوەش بدۆزینەوە، هاوتا هونەری و ئەدەبیەکەی بدۆزینەوە، بزانین دەبێتەچی، هەر ئەو ڕێبازە نوێیە، ئەو کات پێمانوابوو ئەوە دەکرێت پێی بڵێن هونەری کرێکاری یان دەکرێت پێی بڵێت، هونەری شۆڕشگێڕانە، لەجێگەیەکی دیکەش بۆ نموونە، ئەوکات لەو سەردەمانەدا هونەری موقاوەمەت هەبوو یا ئەدەبی بەرگری هەبوو، ئەوە هەوڵدانێك بوون بۆ پێناسەکردنی ئەو ڕێبازە تازەیەی خەڵك خەریك بوو تاقیدەکردەوە، نەوەیەك لەئێمە خەریکبوو تاقیماندەکردەوە، وتم ئێمە پێمانوابوو لەبواری سیاسیدا قسەمانپێیە ڕەنگە هەندێ کەس ئەوەی پێیقبوڵ نەبووبێت، بەڵام پێمان وابوو لەبواری سیاسیدا قسەی تازەمانپێیە، پێمانوابوو ڕێبازێکی تازەین کە پێشتر لەکوردستان پێشینەی نەبووە، پێیانوابوو ڕەچەیەکی تازەین لەبواری سیاسەتی کوردیدا لەکوردستان، هەوڵماندەدا هاوتای ئەدەبی و هونەری ئەوەش بدۆزینەوە، پێمانوابوو، ئەدەبی کرێکاری ناوێکە بۆئەوە، دواتر هەروەك وتت هەندێ موناقەشەی لەسەربوو، هەندێك لەئێمە هەر ئەو کاتیش کەسانێك نەزەریان وابوو ئەمە زۆر بەربەست و مەحدودیەت دروستدەکات.

*** تۆ یەکێك بوویت لەوانە؟**

من یەکێك لەوانە بووم کە زۆرجار پرسیارم هەبوو، زۆرجار موناقەشەم هەبوو، ناڵێم ئەوکاتیش هەروەکو ئێستام بیردەکردەوە، بەڵام ئەوکاتیش نەك هەرمن، زۆربەمان لەوە دەگەڕاین کە بزانین، ئایا



ئەو شتەی کە هەڵمانبژاردووە، وەڵامی هەموو ئارەزوو ویستەکانی ئێمە دەداتەوەیان نا، خەڵکی جۆراو جۆر بیری دەکردەوە، هەموو کەس وەڵامێکی یەکسانی بۆ ئەو پرسیارە نەبوو، سەرئەنجام لەمناقشەی ئەوانەدا دواتر لەباری سیاسیشەوە ڕێگەمان لەیەك جیابووەوە، بۆیە ئەو کەسانەی لەکانوونی هونەری کرێکاری کوردستاندا کارمان دەکرد ڕێگەمان لەئەدەب و هونەریشدا لەیەك جیابوو.

*** هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستان، بەبۆچوونی من جیا لەوەی ڕێچکەیەکی تایبەت بەئەدەبی و کرێکاری گرتبوو، لەسەردەمی ساڵانی هەشتاکاندا، باشترین ڕەوتی ئەدەبی بوو لەکوردستانی ئێران و عیراقدا، کاریگەری گەورەی لەسەر شاعیران و نووسەرانی هەردوو پارچەی کوردستان هەبوو، بەڵام ئەمە وردە وردە بەرەو لێکترزان و هەڵوەشانەوە چوو، هەموو نووسەرانی و هەموو ئەو کەسانەی لەناو ئەو کانوونە کۆبوونەوە، پەرتەوازەبوون، بۆچی؟**

هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی سیاسی کوردستان، ئەو ڕووداوانەی دوایی بەسەر حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا هات و بەسەر ئەو ڕەوتە سیاسیەدا هات، حزبی کۆمۆنیستی ئێران چەندجار تووشی جیابوونەوەو ئینشیقاق بوو، ئەوە بەشێکی بوو، ئێمە لەباری سیاسی و فکریەوە لەیەك جیابووینەوە، ئەو کەسانە کە لەکانوونی هونەردا هەموومان پێکەوە کارمان دەکرد، لەباری سیاسی و فکریەوە لەیەك دورکەوتنیەوە، دوای ئەوەش هەلومەرجی سیاسی کورستانیش وایکرد، هەریەکەمان بکەوینە وڵاتێك، تەنانەت ئەو کەسانەمان کەپێکەوە

هاوفکریش بووین، نەمانتوانی کاری هاوبەش درێژە پێبدەین، بێجگە لەوە ئەو ئەزموونە دەکرا لەهەلومەرجی گۆڕاوی کوردستاندا، لەو هەلومەرجەدا کە گۆڕانی بەسەردا هاتبوو هەر بەهەمانشێوە درێژەی پێبدەین، بۆیە هەرکەس بەجۆرێك درێژەی پێدا.

*** چەند کەسێك پێیانوایە کە کانوون و ئەدەبیاتی کرێکاری، کانوونێکی ئەدەبی بوو بەڵام بۆ بەرگری لەکرێکاران و چینی چەوساوە و پێیان وانەبوو راستەوخۆ (کۆمەڵە) سەرپەرشتی کارەکانی کردوە؟**

نەخێر ئەو سەرپەرشتیە یان ئەو دەسەڵاتەی (کۆمەڵە) یا (حزبی کۆمۆنیستی ئێران) بەسەر ئەو کانوودا بووی، دەسەڵاتێکی حزبی ڕێکخراوەیی نەبوو، بەڵکو هەژموونێکی فکری بوو، واتا ئێمە ئەو کەسانەی کە لەکانووندا کارماندەکرد هەموومان خاوەنی هەمان ڕێبازی سیاسی و فکری بووین کەلەو حزبەدا هەبوو، یەعنی بیرکردنەوەیەکی دیکەمان نەبوو جیاواز لەوەی کەلەبارەی سیاسیەوە دەیڵێم، جیاواز لەوەی لەحزبەکەدا بەگشتی هەبوو، یانی بەوە نییە لەشتی دیاریکراوی سیاسیدا لەوانەیە کەسێك لە ڕووداوێکی سیاسی هەڵوێستی جۆراوجۆری بووبێت، بەڵام لەباری فکریەوە هەژمونی فکری حزبی کۆمۆنیستی ئێران و ئەوکات سازمانی کوردستانەکەی بوو بەگشتی ئەوەی پێدەوترا فکری ئەو حزبە بەسەر ئێمەدا زاڵبوو، بۆیە ناکرێت لەگەڵ ئەوەشدا کە کانوون، کانوونی هونەرو ئەدەبی کوردستان بەشێك نەبوو لەڕێکخراوی حزب یەکێك لەئۆرگانەکانی حزب نەبوو، بەڵام لەباری فکریەوە، هەر هەمان ڕێبازی فکری حزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو.



*** (پێشەنگ) ئۆرگانی راستەوخۆی کانوونی ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستان بوو، بەڵام هیچ ئاماژەیەك نەکراوە بەوەی کەئەم گۆڤارە (کۆمەڵە) دەریدەکات، لەهەمانکاتیشدا هیچ ڕێوشوێنێکی یاسایی پێوەنییە سەبارەت بەوەی کە سەرنوسەرو خاوەنی ئیمتیازی کێیە، دەستەی نوسەرانی کێیە، ئەوانە بۆ؟**

ئێمە کۆبوونەوەیەکمان هەبوو، ئەوکات پێی دەگوترا کۆبوونەوەی گشتی کانوونی هونەرو ئەدەبی کرێکاری کوردستان، ئەو کۆبوونەوەیە جاری وا هەبوو ساڵانە، جاری واش بوو هەلومەرج نەیدەهێشت هەلومەرجی ئەو ساڵانە زۆر دژواربوو، بۆمباباران و ئۆردگا گواستنەوەو تۆپباران و موشەك باران و ئەوانە بوو، ئەوانە جاروبار نەدەکرا کۆبوونەوەکانی کانوون بەشێوەیەکی مونەزەم بگرین، بەڵام ئێمە لەکۆبوونەوەکانی ساڵانەماندا، بەتێکڕای دەنگی ئەندامان هەیئەتی مەرکەزی قانوونیمان هەڵدەبژارد، لەهەیئەتی مەرکەزی کانووندا بەشێکیان وەکو ئەندامانی دەستەی نووسەرانی پێشەنگ دیاریدەکران، کە لەراگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوەکاندا ئەوە رادەگەیەنرا ئەوە لەهەموو ژمارەیەکی (پێشەنگ) دا نەدەنوسرا، بەڵام مەعلوم بوو ئەندامانی دەستەی نووسەرانی پێشەنگ کێن، لە راگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوە گشتیەکاندا ئەوە دەنوسرا. لەنێو خۆماندا دیاریدەکرا کە سەرنووسەری ئەم دووسێ ژمارەیە کێ بێت، بەڵام وام لەبیرە ئەوەمان لەپێشەنگدا نەدەنووسی، بەڵام لەکۆبونەوەکانی خۆماندا مەعلوم بوو کێ ئەرکی سەرنووسەری ئەم ژمارەیە دەگرێتە ئەستۆ.

*** کێ بوون ئەو دەورانە سەرنووسەری گۆڤاری پێشەنگ، لەساڵی( ١٩٨٥)تاکو کۆتایی ساڵی نەوەدەکان گۆڤاری پێشەنگ پانزە ژمارەی لێدەرچوو، لەو دەورانەدا کێ بەزۆری سەرنووسەری بوو، خەڵکی چالاکی ناو کانوون و پێشەنگ کێ بوون؟**

ئەوانەی لەدەستەی نووسەرانیدا هەبوون، ئێستا من نیگەرانی ئەوەم ئەگەر کەسانێکم لەبیر بچێت دوایی والێکبدرێتەوە ئەمە لەبەر ئەوەیە کەلەباری سیاسیەوە ئێستا لەیەك دوور کەوتووینەتەوە نا، بەڵام ئەوانەی من لەبیرمە زۆربەی جاران، پێموایە لەسەرەتاوە تا کۆتایی لەئەندامانی دەستەی نووسەرانی پێشەنگدا هەبوون.

(ڕێبوار–ئەحمەد بازگر–محەمەدی میسری–حسێن شەبەق) بوو بەڵام تۆ ئەگەر بتەوێت لیستێکی کامڵتر لەوە پەیدا بکەیت، لەژمارەکانی پێشەنگدا هەیە کەناوی ئەندامانی دەستەی نوسەران لەراگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوە گشتیەکاندا کەئەندامانی دەستەی نووسەرانیشی تێدا هەڵدەبژێردرا دەنووسران.

## پێشەنگ کاری دەستە جەمعی بوو

*** بەبۆچوونی تۆ چالاکترین کەسی ناو کانوون لەو سەردەمەدا کێ بوو؟**

من ناتوانم لەو بارەیەوە کەسێك دەستنیشان بکەم، زۆربەی ژمارەکانی پێشەنگ حاسڵی کارێکی جەمعی و بەکۆمەڵ بوون، بەڕاستی



من ناتوانم بڵێم وەك چالاکترین ئەندامی پێشەنگ یا وەك چالاکترین ئەندامی کانوون ناتوانم دیاری بکەم.

*** دەیەی هەشتاکان رەنگە بۆ تۆ دەرکەوتنی، ناسری حیسامی بێت وەکو شاعیر وەکو ئەدیب بەشێوەیەکی گەورە لەنێو کۆڕی شیعری شەوانەی مالومە و سەفرەو زەرون، لەنێوان کۆڕی شیعری سوید؟**

ئەوەندەی لەبیرمە کۆمەڵێ کۆڕم کرد لەئوردگا جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵە، زۆربەی هاوڕێیان بەشداریان تێداکرد، زۆرجار دەبوو بەقسەو لێکۆڵینەوە هەڵسەنگاندنی شیعرەکان و باسی گەرم و گوڕ دەبیسترا لەسەر هەڵسەنگاندنی شیعرەکان، زۆرکەسیش خۆی ماندوو دەکرد بەهەڵسەنگاندنیانەوە هەوڵی دەدا بۆ بەراوردکردنیان لەگەڵ فارسیەکاندا، لاوازیەکانی دەستنیشان بکەیت نیازەکانی خۆی بدات زۆر بەچاوی موشتەری (چاویانلێدەکرد) سەیریاندەکرد، لەبەرئەوەی هەموومان لەحزبێکدا بووین، زۆرکەس خۆی بەخاوەنیان دەزانی وەکو ئەوەی هی خۆی بێت هەڵی دەسەنگاندو پێشنیاری بۆ دەداو رەخنەی لێدەگرت.

## حیسامی‌و شیعری موناسەبات

*** ئەوەی پێی دەڵێن شیعری موناسەبات یان شیعر بۆ کۆمەڵە چیت لەو بارەیەوە نووسیوە؟**

من زۆر شتم نووسیوە بۆ مناسەبات، دەقێك بۆ کارکردێکی لەبازنەیەکی دیاریکراوی موخاتب و گوێگردا، ئەوە کاریگەری هەیە تەنها

بۆ سەر ئەوانەی خۆیان لەگەڵ ئەو فکرە هەن، بۆیە من ئەوانە لەچوارچێوەی شیعردا دانانێم، شیعر بەبڕوای من گشتیترە، شیعر بەبڕوای من ناوەڕۆکێکی بەرین ترو هەمەگرتری هەیە، ئەوانە ناوێکی هەر دیکەیان دەکرێت لێ بنێیت، بەڵام بە بڕوای من شعیر نین.

*** لەم ماوەیەی دوایدا شیعرێکت بۆ کچەکەی عومەری ئێلخانی زادە نووسیوە؟ پێتوانییە بووبێتە شیعری دەربار، وەکو چۆن شاعیری تر هەن بوونەتە شاعیری دەربارو رەخنەیان زۆر لەسەرە؟**

نا من بۆ ئەوە نەم نووسیوە کە هاوحزبی بووین، یان کچی کێیە؟ من ئەو منداڵەم خۆش دەویست لەبەرئەوەی کە لەمنداڵیەوە وەکو کچەکانی خۆم شاهیدی گەورەبوونی بووم، لەمنداڵیەوە لەئوردگاکانی ئێمە دەهاتە چادرەکانی ئێمە، نانی دەخوارد، لەباوەشمان دەگرت، ئەو کاتەی بۆمب باران دەبوو، ئێمە دەستیمان دەگرت دەمان بردە ناو کونە تەیارەیەك و لەشیعرەکەدا ئەوەم نەوتووە، بەڵام هەمان ئیحساسم هەیە کە بۆ کچەکانی خۆمم هەیە، شاهیدی گەورەبوونی بووم لەمنداڵیەوە لەلای ئێمە گەورە بوو، تا ئەو کاتەی چووەتە دەرەوەی وڵاتیش، لەوێش بەبۆنەی هاتوچۆی خانەوادەی ئەوانەوە زۆر تێکەڵبووین، من خۆیم خۆشویستوە ئەو خۆشەویستیەی ئەو لەبەر هیچ شتێکی دیکە نییە، نەلەبەر ئەوەیە کە بابی هاوفکرمە یان هاو حزبیمە، نە لەبەرئەوەیە کە بابی پلەوپایەیەکی سیاسی هەبێت، نا لەبەر هیچ کام لەوانە نییە، بەدڵنیایی تەنها لەبەر ئەوەیە کە خۆم ئەو منداڵەم خۆشویستووە.



## چیرۆك و پەخشانیشم نووسیوە

*** جگە لەشیعر وابزانم دەستت بۆ نووسینی پەخشانیش بردووە، لەوەرگێڕانیش جگە لەوەرگێڕانی شیعر، وەرگێڕانی چیرۆکیشت کردووە؟ زەبڵدان، خۆرەتاو چەند چیرۆکێکی تریش لەوەرگێڕانی چیرۆکدا، چەند سەرکەوتوو بویت خۆت هیچ چیرۆکت نووسیوە؟**

چەند چیرۆکێکم نووسیوە بڵاوم نەکردونەتەوە، هێشتا خۆم لێیان رازی نیم کە وەك چیرۆکی بەرهەمێکی قابیلی قبوڵن، بەڵام چیرۆکی دیکەم وەرگێڕا، چیرۆکی مەحمودی دەوڵەت ئابادیم وەرگێڕاوە، هۆشەنگی گولشیری، عەلی ئەشرەف دەروێشیان، شیترپواز، ئەلبێرت مالس ئەوانەم وەرگێڕاوە، ئینسان قەڵەمی لەوەرگێڕانی چیرۆکدا ئازادترە تا لەوەرگێڕانی شیعردا.

*** پێتوایە لەوەرگێڕانی چیرۆکدا سەرکەوتوویت تا شیعر، یان بەپێچەوانەوە؟**

نازانم، بەڕاستی من ناتوانم هیچ داوەریەك لەبابەت ئەوانەوە بکەم، پێموایە کەسانێك کەخۆیان بەراوردی بکەن ئەوان دەتوانن داوەری لەسەر ئەوەبکەن.

*** چەند پەخشانی تۆم بینیوە، لەگۆڤارەکاندا بڵاوکراوەتەوە نووسینی پەخشان چۆن بوو؟ پێتوایە لەوەشدا هەر سەرکەوتوو بووی، یان نا، ئەوەش دیسان هەر پێویستی بە داوەریە؟**

ئەزانی چۆنە کەسێك کە شتێك دەنووسێت بەنیازی ئەوەی نانووسێت کە داوەریەکی لەسەر بکرێت، ئەو خۆی پێوایە قسەیەکی هەیە بۆ کردن و قسەکەی دەکات، ئەوە خوێنەرە داوەری لەسەر ئەمە دەکات کە ئایا ئەمە بەرهەمێکە جێگا دەگرێت یان نایگرێت.

*** لەسیاسیەتەوە بۆ شیعر، لەشیعرەوە بۆ چیرۆك، لەچیرۆکەوە بۆ پەخشان بۆ وەرگێڕان، ئەو هەموو ئەرکە قورسەت خستۆتە سەرشانی خۆت پێتوانییە ئەو هەموو پەرشوبڵاویە پێویست نییە، یان ناتوانی وەکو پێویست لەخزمەت یەکێك لەبوارەکاندا بیت، یا ئەوە لەخۆت رادەبینی؟**

نا من هیچیانم وەکو ئەرك نەکردووە، شیعرێکم بەدڵ بووبێ وەرمگێڕاوە چیرۆکێکم بەدڵ بووبێت وەرمگێڕاوە، پێم وابووبێت دەتوانم وەریگێڕم دەنا شیعریش هەیە کە بەدڵمەو ناتوانم وەرییگێڕم، جاری وابوو هەستمکردووە خۆم قسەیەکم بۆ وتن هەیە، پەخشانێکم نووسیوە، جاری وایە کەسێکی وەکو شەوبۆ مردووە، هەستمکردووە خۆم قسەیەکم هەیە بۆکردن پێمخۆشە بیڵێم، یا جاری وایە خۆ زۆر شیعر هەیە بۆ نموونە تۆ ئێستا شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس چاولێبکە، شیعری بۆ چەند پێشمەرگە وتووە؟ ئەوە لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشووم بەبیردێنێتەوە، ئایا ئەمە شیعر وتنە، ئەو ئینسان دەکاتە شاعیری دەربار، من زۆرجاری واهەبوو شتم نووسیووە بۆ پێشمەرگەیەك شەهید بووەو کاریگەری لێکردووم یا نووسیومە بۆ کەسێك تەنانەت نەشمدیووە، من کاك فوئادی مستەفا سوڵتانیم نەدیووە، بۆم نووسیووە، ئەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە تۆ هەر شتێك چ کاریگەریەکت لێدەکات رەنگە بەکورتی لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا ئەوە بڵێم ئەو شتانەی کە



کاریگەریان لێکردووم، پێموابووبێ وەرگێڕانیان بەکەڵکە وەرمگێڕاوە ئەگەر چیرۆك بووبێت یا شیعر بووبێت، زۆرتر لە شیعرو کەمتر لەچیرۆك.

## شیعر، نووسینەوەی چرکەیەك لەساتەکانی شێتیە !

*** ئەو شتانەی کەکاریانتێکردووی، وایانلێکردووی لەچرکەیەك لەچرکەکان زۆر کاریگەربن لەسەرت، یەکێك لەپەخشانەکانت یا شیعرەکانت چۆن چۆنی بوو بۆ کێت نووسیوە؟**

کە زۆری کاریتێکردبێتم؟

*** بەڵێ.**

ئەوانەی کە بۆ خۆم نوسیومن هەموویان، پێموایە هی کاتێك بوون کە زۆریان کارتێکردووم، من ئەگەر شتێك کاری تێنەکردبێتم زۆر زەحمەتە بتوانم بنووسم، جاری واش هەبوو دانیشتووم هەوڵمداوە شتێك بنووسم دواتر هەستمکردووە، نا بە رادەی بنووسین هێشتا دەروونم دانەگراساوە، هەرچی هەوڵمداوە بۆم نەبووەتە شتێك.

*** کەواتە شیعر نووسینەوە، چرکە ساتە شێتیەکانی ئینسانە؟ جۆرج بات، دەڵێ:" شیعر نووسینەوەی چرکە ساتەکانی شێتیە" بۆیە بەرێزیشت لەچاوکارەکانی تردا کەمتر شیعر دەنووسیت، ئایا ئەو چرکە ساتە شێتیانە کەمتر تۆ دەگرێت؟**

ئەو چرکەساتانە جاری وایە ئینسان خۆی هەستییپێناکات، جاری وایە تۆ رووداوێك دەبینیت خۆت هەستناکەی ئەمە گەرای شیعرێکی تێدا داناوی ئەوە دواترە لەوانەیە هەفتەیەك دواتر، جاری وایە مانگێك دواتر لەدەروونتدا بوو بەشتێك هانت دەدات یا پاڵت پێوە دەنێت بۆ ئەوەی کەبیڵێی، ئەو چرکە ساتەی کە تۆ باسی دەکەیت من هەر هەستی پێناکەم کە کەی لەدەروونی مندا داگیرساوە، من وانییە هەمیشە رووداوێك ببینم کارتێکردو دەبێتە شیعرێك، هەمیشە وانییە.

*** کەواتە شیعر هەڵچونی کاتی ناخی ئینسانە؟**

جاری وایە هەڵچوونی چرکەییە، جاری وایە شتێکە کە لەماوەیەکی دورودرێژتردا لەدەروونتدا دادەگیرسێت، بۆنموونە رووداوێکی وەکو مردنی شەوبۆ هەڵچوونێکی ئانی بوو، من کە خەبەرەکەم بیست، ئەوە، بەدەردوژانێکی یەکجار زۆر ئەو شیعرە لەدایکبوو، بەڵام من شیعریشم هەیە ئەنجامی دورکەوتنەوەمە لێرە لە کۆمەڵێ کەس کە خۆشمویستوون، لەکۆمەڵگایەك کە بەجێمهێشتووەو یادی دەکەم، ئەمە وانییە بڵێم ئەو هەڵچوونەی هەیە لەماوەی چەند مانگدا دادەگرسێت، هەست دەکەیت لەدەروونتدا بووە بەشتێك و پاڵت پێوە دەنێت بۆ ئەوەی کە بیڵێیت.

*** بۆچی لەزۆربەی ژمارەکانی پێشەنگدا، زۆربەی بابەتەکانی هی تۆیە، تۆ شیعرت تیا وەرگێڕاوە، پەخشانت تیانووسیووە بۆ نموونە لەژمارە (١٤)ی ساڵی (١٣٧٢) دا زۆربەی بابەتەکانی ئەم ژمارەیە هی تۆ بووە؟**



پێموایە دوو ژمارەی وایە ژمارە (٨) و ژمارە(١٤) کە تۆ وتت، من ئێستا رێك لەبیرم نییە، ئەوانە هی دوو دەورەی تایبەتن ژمارە (٨) هی ئەو کاتەیە ئۆردوگای بۆتێ بۆمبارانی کیمیای کرا، ئێمە ئەو کەسانەی دەستەی نوسەرانی پێشەنگ بووین ماوەیەکی زۆر لەیەکتر دوورکەوتینەوە هەرکامێکمان لەدۆڵێك و هەرکەس خەریکی کارێك بوو، ئەرکی ئامادەکردنی بابەتەکانی ئەو ژمارەیە کەوتە سەرشانی من، ئەو بابەتانەی بەفارسی بوون زۆربەیان من کردمنە کوردی، نازانم چەند بابەتی خۆمی تێدایە، دیارە بابەتی کەسی دیکەشی تێدایە، بەڵام ئەرکی ئامادەکردنی ئەو ژمارەیە زۆربەی لەسەرشانی من بوو، ژمارە (١٤)شی دەورەیەکی ئاوا بوو دوای جیابوونەوەی یەکەم کە لەحزبی کۆمۆنیستی ئێران پێشهات، ژمارەیەك لەو هاوڕێیانەی کەپێشتر پێکەوە ئەندامی دەستەی نوسەران بووین چووبوونە دەرێ، من لێرە بووم ئەرکی ئامادەکردنی ئەو ژمارەیەشم گرتە ئەستۆ، ژمارەکانی دوای ئەوەش ژمارەیەکی زۆری هەیە کەبەشی زۆر شەبەق کردوویەتی ژمارەیەکیشم لەبیرە، پێموایە ژمارە (١٠) بەشی هەرەزۆری بازگر کردی.

*** ئەم گۆڤارە لەدەورانی سەردەمی شاخ بەوبێ ئیمکانیەتەوە لەساڵی (١٩٨٥)دا تاکۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان هاتووە، ئەم گۆڤارە بەپێچەوانەی دەورانی سەردەمی شاخەوە رووی لەلاوازی کردووە؟ لەکاتێکدا ئیمکانیات باشتر بوو؟ هۆکارەکەی چییە؟**

هێزەکەی بڵاو بوو، هێزەکەی وردە وردە بڵاو بووەوە کەسانێك چوونە دەرەوە، دوایی ئەو جیابوونەوانە پێشهاتن و هێزی پێشەنگ

هەریەکە وردە وردە رووی لەلایەککردوو، لەم ژمارانەی دوایدا چەند کەسێك مابووینەوە بۆ ژمارەیەکیان لەبیرمە پرسمکرد بەکاك محەمەدی میسری و بەئەحمەد بازگرو منو شەبەقیش لەکوردستان بووین، گوتمان ئێوە رازین ئێمە لێرە بەناوی دەستەی نوسەرانەوە ژمارەیەك دەربکەین، وەکیلایەتیان پێداین و وتیان هەرچی ئێوە لەسەری رێکەوتن ئێمە پاڵپشتیتان دەکەین و ئەوەبوو بڵاومان کردەوە.

* ژمارە پانزە.

پانزە یان چواردە

## پێشەنگ شانزە ژمارەی لێ دەرچووە

* پانزە دواین ژمارە پێشەنگە؟

نەخێر شانزە دواین ژمارەیەتی، پانزەو شانزە شەبەق کردووی ئێمە پاڵپشتیمان کرد، بەڵام پێم وایە چواردەبوو، مەبەستم ئەوەیە ئەوان لێرە نەمابوون چووبوونە دەرێ پرسمانیپێکردن، کەم مابووینەوە دووکەس مابووینەوە، ئەو پێشەنگەی لەساڵانی پێشوودا (بیست) کەس کاریان بۆ دەکردو شەش، حەوت کەس ئەندامی دەستەی نوسەرانی بوو ئەوانە، تیپی مۆسیقای بانگەوازیش یارمەتیان دەداین بۆ ئامادەکردن و نووسینی بابەت، ئەو وەختە تیپی مۆسیقای بانگەوازیش، ناسرو نەجمەدین و کاڵی و فریبورزو سابیرو رەزاو مەرزیە، ئەوانەش لامان



بوون زۆر بابەتیان لەسەر مۆسیقا دەنووسی یارمەتی ئێمەیان دەدا بۆ نووسینی ئەو بابەتانە لەسەر مۆسیقا رەنگە هی ئەوە بێت ژمارەکانی لاواز بووبێت.

## پەرتەوازەیی شاعیرانو ئەدەبیان

*** پێش ئەوەی قسە لەسەر کاریگەری سلبی بکەم لەسەر شاعیران و ئەدیبانی ناو کۆمەڵە، کۆمەڵە وای لێکردن پەرش وبڵاوبن، پرسیارەکە ئەوەیە، ئەحمەد بازگر لەم بارەیەوە شیعرێکی هەیە بۆ زوڵفا لەئاوایی سوێسنێ سەردەشت، شیعری گۆمەشینی هەیە بۆ ئەمیر سیسەری، شێرکۆ بێکەس شیعری (تۆ نامری) هەیە بۆ دکتۆر جەعفەری شەفیعی شیعر (بەیانی) هەیە بۆ کچە پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە تۆ لەو بارەیەوە چیت نووسیووە بۆ رووداو و بەسەرهاتێکی لەو شێوەیە؟**

هەندێ لەوانە من نووسیومن بۆ شەهیدبوونی پێشمەرگەیەك بۆ رووداوێك، بەداخەوە لەبیرم نین، جارێك لەرادیۆی بڵاوکراوەتەوەو دوایش چاپیش نەکراوەو ئێستا لەلای خۆشم نییە من بەدڵنیایی زۆرشتی وا هەیە کەئێستا خۆشم لەبیرم نین، بەڵام ئەوەی لەبیرم بێت نووسراوەیە بەناوی (سپی دار) بۆ یادی کاك(فوئادی مستەفا سوڵتانی) شیعرێکم هەیە بۆ یادی دکتۆر جەعفەری شەفیعی کەماوەیەکی زۆر پێکەوە کارمان دەکردو ئەو سەرپەرشتی کاری ئێمەی دەکردو بۆ من جیاواز لەوەی کەسانی حزبی بوون لەگەڵ یەکتر هاوڕێیەکی زۆر زۆر خۆشەویستم بوون زۆر یارمەتیدەرم بوو لەژیانی شەخسیشمدا زۆر

کاریگەری هەبوو لەسەر من، بۆ یادی کاک ئەسعەدی حسێن بۆکانی، هاوشاری بوو پێکەوە ساڵانێك لە مقەرێکدا بووین کە شەهیدبوو شیعرم نووسیووە، ئێستا هەموویم لەبیرنییە، بەڵام ئەو شتانەم هەیە.

*** کۆمەڵە چەندە دەوری خراپی هەبوو لەسەر ئەو هەموو پەرتەوازیەی تووشی رۆشنبیرانی ناو کۆمەڵەی کرد، بەبۆچوونی من هێزێکی گەورەی پێشکەوتووخواز، شاعیر، وەرگێر، نووسەر لەناو کۆمەڵەدا هەبوو، کۆمەڵە چ کاریگەریەکی هەبوو؟**

کۆمەڵە کاریگەری خراپی لەسەر ئێمە نەبوو، ئەگەر قسە لەسەر کاریگەریەکی خراپ بێت ئێمە کاریگەری خراپمان هەبوو لەسەر کۆمەڵە، ئێمە مەجموعەیەك کەسی کۆمەڵە بووین، کۆمەڵە هەرچی بەسەری هاتبێت بەچاك و خراپەوە هی ئێمەیە، چونکە ئێمەش کۆمەڵێ ئینسانی زیندووبووین بیرمان کردۆتەوەو بریارمان داوەو قسەمان کردووە، بەچاك و خراپ بەرپرسی هەموو ئەو کارانەین کە بەناوی کۆمەڵەوە تەواوبووە، من ناتوانم بڵێم کۆمەڵە کاریگەری خراپی لەسەر ئێمە هەبوو، نا بەپێچەوانەوە ئەگەر خراپەیەك هەبووبێت ئێمە تووشی کۆمەڵەمان کردووە.

ئێمە کۆمەڵێك ئینسانی سیاسی بووین نەبە زۆر هێنرابووین نەدەست و پێمان بەسترابووە، ئەو رێگایەمان ئازادانەوەو بەدڵخواز هەڵبژاربوو، پێموایە بەچاك و خراپ بەرپرسیاریەتی رابردووی خۆمان بگرینە ئەستۆ، من بەرپرسیاریەتی هەموو رابردووی سیاسی خۆم دەگرمە ئەستۆ.



# ناسری حیسامی ناسیۆنالیستە

*** تۆ وەکو ناسری حیسامی خۆت بەخەڵکێکی ناسۆنالیست دەزانی؟ یان وەك خەڵکێکی چەپ و مارکسیی هەر ماوی؟**

من خۆم بەکەسێکی چەپ دەزانم، بەکەسێکی ئازادیخواز دەزانم، بەکەسێکی لایەنگری مافی بێبەشانو بەش مەینەتانی کوردستان دەزانم، خۆم بەتێکۆشەرێکی رێگای رزگاری خاکی کوردستان دەزانم، وەك ساڵانی دیکە زۆریش بەوە هەڵنابەزمەوە کە کەسێك پێم بڵێت ناسۆنالیستی، هیچ شەرێکم لەسەر ئەوەنییە.

*** دەکرێ بڵێم لەنوسراوەی رەخنە لەناسیۆنالیزم یان ئەو پاکانەی کە وەڵامی رێبوارت داوەتەوە، لەپاشکۆی ژمارە (١٢)ی پێشەنگدا، قسە لەوەکراوە کە تۆ دیفاع لەناسۆنالیستی جوامێرو سەلاحی موهتەدی دەکەیت، ئەمەش دەکرێ بڵێیت دوای بڵاوکردنەوەی کتێبی "ئەم بڵقە کەی دەتەقێت"؟**

ئەوە قەناعەتی شەخصی من بوو، مەجموعی ئەوانە ئەوە نیشان دەدەن کەمن جۆرێکی دیکەم بیرکردۆتەوە، نەك بڵێم لەم بابەتەوە تاقانەیەك بووم، بەڵام بەهەرحاڵ منیش بۆچوونی خۆم هەبووە؟

*** دەمەوێت بڵێم تۆ تاقانە بوویت؟ ئەگەر تاقانە بوویت لەو سەردەمەدا، کۆمەڵە لەو پەری پەرگیری خۆیدا بووە، چۆن لێی قبوڵکردوویت؟**

نەخێر منیش تاقانەیەك نەبووم لەوەدا، منیش بۆچوونی خۆم هەبوو، لەنێو پێشەنگ و کۆمەڵەداو ئەوانەم نووسیوە.

خۆشبەختانە هەندێك لەوانە بەئیمزای خۆشمەوە بڵاوكراونەتەوە، خەڵك دەتوانێت بزانێت ئەو وەختە چۆنم بیركردۆتەوەو ئێستاش چۆن بیردەكەمەوە، ئەو وەختیش پێموابوو ئەو چیرۆكەی كاك سەلاحی موهتەدی بەناوی (كێ رچەی شكاند) دەچێتەخانەی ئەو شتەوە كە ئەو وەختە پێی دەوترا ناسیۆنالیستی، بێجگە لە رێبوار رەخنەی لێگرتووە، ئەوانی دیكە كە دەستەی نوسەرانی پێشەنگ بوون، ئیتفاقمان لەسەری هەبووە كە چاپی بكەین، من ئەو وەختەش موافقی بووم، ئێستاش موافیقم، پێموایە یەكێك لەبەرهەمە دیارەكانی ئەدەبی كوردییە، شیعرەكەی جوامێریش، جوامێر (شێركۆ بێكەسە)، ئەو وەختە بەناوی جوامێرەوە ئەوەمان بۆ چاپكرد، دواتر هەوڵمدا بۆ ساغكردنەوەی پاشكۆیەكیش بۆ یادی دكتۆر جەعفەر لەوێشدا هەر چاپمان كرد، بۆ دەبێ ئێمە رێگا نەدەین كەسایەتیەكی خۆشەویستی وەكو دكتۆر جەعفەر هەر كەسێك لەكوردستان، لەوانە كەسایەتیەكی دیاری وەكو شێركۆ بێكەس بێت هەستی خۆی بۆ دەربڕێت، من مامۆستای ئایدۆلۆجیای خەڵك نیم، بۆی دیاری بكەم شێركۆ بێكەس هەقی هەیە شیعر، بڵێ بۆ دكتۆر جەعفەر یان نا؟ كە گوتویەتی زۆر زۆریش مەمنوونی بووم، زۆر زۆریشم پێم خۆش بوو، شیعرێكی زۆر زۆر بزوێنەربوو، خۆشم زۆرهەستم بە شانازی دەكرد كە ئەو شیعرەمان لەپێشەنگدا چاپكرد، ئێستاش لێی پەشیمان نیم، بەپێچەوانە، من لەو پاشكۆیەدا بەكاك رێبوارم وت، بانێك و دوو هەوانییە، ئەگەر بەو پێوانەیە خەڵك هەڵدەسەنگێنی؟ چۆن رەخنە لەوەی خۆت ناگری؟ لەیادی كاك شوانی پێشمەرگەدا دەڵێیت:



**وەک هەڵۆ بەلارە باڵ هەڵمتاندا بۆ داڵ**
**داڵی خوێنخۆری دوژمن كەدەهات بۆ كورد كوشتن**

تۆش پێتوابوو یەعنی كاك شوان تەنها پێشمەرگەیەكە، كە هەستاوە لەدژی كورد كوشتن؟ ئەگەر ئەوەی شێركۆ بێكەس ناسۆنالیزم بێت ئەوەش ناسۆنالیزمە، تۆ چۆن بەخۆت دەڵێی ماركسیزم، هەقت هەیە ئەوە بڵێی؟ شێركۆ بێكەس هەقی نییە، ئەوە بڵێت؟ یا زۆر شتی دیكە لەوتارەكەدا باسكراو بەپێویستی نازانم و لەبیریشیم نییە نموونەكان هی چی بوو نا، لەوێدا هەوڵمدا ئەوە بڵێم، (لەسەر ئارێزەوە بابڕوانم) شیعری كاك رێبوارە خۆ هی شێركۆ بێكەش نییە، ئەگەر بەو پێوانەی كاك رێبوار چاو لەدنیا بكەین، دەبوو كاك رێبوار رێگەی نەدرێت بێتە ناو كانوونی ئەدەب و هونەری كرێكاری بەم پێشینەیەوە، بۆ ئەو رێگەی هەبێت بێتە ئەندامی دەستەی نوسەرانی؟ بۆ كاك شێركۆ شیعرێكی بۆ چاپنەكرێت لەپێشەنگدا، ئەمن ئەو وەختیش لەسەر ئەوانم نووسیوە، خۆشبەختانە وەكو باستكرد شتەكە هەیەو نیشانەی ئەوەیە كە ئەو وەختیش من چۆنم بیركردۆتەوەو ئێستاش چۆن بیر دەكەمەوە.

*** لەنێوان ئێرەو ئەورپا تۆ دەتوانی لەكامیان داهێنان بكەیت و زیاتر خزمەتی ئەدەب و رۆشنبیری بكەیت؟**

بەتەجروبەی ژیانی خۆم ئەو چەند ساڵەی كە لەدەرەوە بووم دەرفەتێكی وام نەبووە بۆ كاری هونەری و رۆشنبیری و ئەوانە لەوێ

هەوڵدان بۆ بەرپێچوون کاتێکی زۆر لەئینسان دەگرێ، بەڵام لێرە بەحوکمی ئەوەی ئەگەر لێرەبم بەشێوەیەکی تەواو وەخت کاری سیاسی لەپاڵ ئەوەشدا دەتوانم کاری رۆشنبیری و ئەدەبیم بکەم، پێموایە لێرە دەرفەتێکی زیاترم هەیە، بەڵام بەو حاڵەشەوە من هەتا ئێستا هەر لەبەرئەوەی کە هاوسەرەکەم و منداڵەکانم لەوێن، ناچارم بەشێکی ژیانم هەر لەوێ بم، تاکەی؟ نازانم بەڵام هیوادارم لەداهاتوویەکی نزیکدا ئەو دەرفەتە هەبێت بەتەواوی هەر لێرەبم.

## دواین پرۆژەی حیسامی

*** دواین بەرهەمی ئەدەبی و کاری هونەری و شیعریت چییە؟**

چەند شیعرێکم هەیە، هی ئەم ساڵانەی دواییە، وەرگێڕانیشم هەیە لەسەر دیوانی وەفایی، هەوڵدانێکە بۆ ساغکردنەوەی دیوانی وەفایی کە پێموایە، بەهۆی خراپبوونی دەستنوسەکانیەوە، تاڕادەیەك بەهۆی کەم دیقەتی ئەو کەسانەوە کە دیوانەکەیان تەصحیحو بڵاوکردۆتەوە گەلێك هەڵەی تێکەوتووە کە لەزۆر جێگا بەتەواوی مانا داوەتە تەکنیکی لەشیعرەکانی وەفایی هەوڵێکم داوە بۆ ساغکردنەوەی دیوانی وەفایی، هیوادارم بتوانم بەزوویی ئەمەش بەسەرنجام بگەیەنم، بتوانم دیوانی وەفایی بەشێوەیەکی تارادەیەکی زۆر بێهەڵە چاپ بکەمەوە، ئەو لێکۆڵینەوەیە بڵاو بکەمەوە، دیوانەکەش چاپ بکەمەوە، بێجگە لەوە ئێستا بەتەمای کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی خۆمم چ ئەوانەی بەرهەمی خۆمن وەك شیعر چ وەك وەرگێڕدراوەکان، کە بەرهەمی پێنج شاعیری



ئێرانین ئەوانەش بۆ چاپ کۆبکەمەوە، لەداهاتوویەکی نزیکیشدا بەنیازم هەندێك لەو شیعرانە بێدەنگ بڵاو بکەمەوە.

*** تۆ پێشتریش لە رادیۆی کۆمەڵەوە کاری دەنگت هەیە، کاریگەری گەورەشی هەیە، ئەوە چۆن بوو لەداهاتوودا لەو بارەیەوە بەنیازی چیت؟**

ئەوەی من بەشێوەیەکی دیاریکراو بۆ ئەوەمان کردبێت کە بڵاوبێتەوە، ئەو کاسێتەی (تاشکۆفەی سوری کراسێك بوو، کە کاك خالیدی رەحیمی، زەحمەتێکی زۆری لەگەڵ کێشا بۆ ئەوەی کە مۆسیقای بۆ هەڵبژێرێ و مۆسیقای لەسەر دابنێ‌و دەنگەکەش ئەو تۆماری بکات، لەستۆدیۆی رادیۆی کۆمەڵە، بەڵام هەندێ شتی دیکەش بڵاوبوەتەوە من لەرادیۆ خوێندومەتەوە، یان لەکەناڵەکانی تەلەفیزیۆنی سەتەلایتی کوردییەوە بڵاوبوونەتەوە، کەسانێك کە خۆیان لایەنگری ئەم بەرهەمانە بوون خستویانەتە سەر(CD)یو ئەمانە دەستاو دەست بڵاوبونەتەوە بێجگە لە(تاشکۆفەی سوری کراسێ) هیچ کام لەوانی دیکە من خۆم بڵاوم نەکردونەتەوە هەموویان کەسانێك لەلایەن خۆیانەوە کردویانە، ئەوکات(CD) بەشێوەیەکی بەرین لەدەست رەسی، خەڵکدا نەبووە، بۆیە(تاشکۆفەی سوری کراسێ) تەنها لەسەر کاسێتێك بڵاو بوو، بەڵام ئێستا بەتەمام لەسەر (CD) ئەگەر بگونجێ ئەوانە بڵاو بکەمەوە بەدەنگو یا لەوانەیە بەدەنگو وێنەوە.

*** حەز دەکەی وەك سیاسی بناسرێیت یا وەك شاعیر؟**

ئەوە زۆر لەدەسەڵاتی مندا نییە، لەبەر ئەوەی لەدەسەڵاتی خۆمدا نییە، نامەوێت ئارەزوویەك بكەم، خۆم ناتوانم دەورم هەبێت لەشكڵ پێدانیدا هەندێ كەس هەیە منیان وەكو سیاسی ناسیوە، وەكو كەسێكی حزبی هەندێ كەسیش هەن منیان زیاتر وەكو كەسێك لەبواری ئەدەبو شیعردا كاردەكەم ناسیوە، من خۆم بەڕاستی نەهەوڵی تایبەتم بۆ هیچكامیان نەداوە، نەلەتوانامدایە هەوڵێكی تایبەتی بدەم كەوەكو كامیان من بناسرێم، بەڵام هەروەكو پێشتر عەرزم كردی من لەكۆمەڵگایەكی ئاسایی تردا ژیابام، پێموایە هەركاری ئەدەبیو هونەریم دەكرد.

*** لەژێر كاریگەری چ نووسەر یا شاعیرێكی بێگانە یا كورد دابویت؟**

لەژێر كاریگەری زۆر كەسدا وەكو ئەحمەدی شاملوو، شێركۆ بێكەس وەكو ڕۆمان ڕۆلان لەڕۆمانەكانیدا وەكو مەحمودی دەوڵەت ئابادی وەكو هۆشنگی گولشیری، وەك عەلی ئەشرەفی دەروێشیانو نیما یوشیج.

## بەمەحمود دەوڵەت ئابادی موعجیبم

*** حەزت دەكرد چ دەقێكی نوسەرێك كە بڵاوكراوەتەوە یا شاعیرێك هی تۆ بوایە؟**



چیرۆكێكی مەحمود دەوڵەت ئابادی هەیە بەناوی (ئاسكەكەی بەختی من جوانی) حەزم دەكرد ڕۆژێك توانیبام بەرهەمێكی وا بنووسم.

*** بۆچی؟**

لەبەر ئەوەی پێموایە، داڕشتنێكی هەیە زۆر جوانە، ناوەرۆكێكی هەیە زۆر جوانە، یان لەوەش گرنگتر حەزم دەكرد من بەرهەمێكم هەبایە لەئاستی ئەو بەرهەمانەدا كە وەرمگێڕاوە بۆ كوردی بەناوی (میری چكۆلە) پێموایە بۆ زیاتر لەسەر زمانی دنیا وەرگێڕدراو هی ئەنتوان دۆسۆن ئێتێگزی پێری، پێموایە یەكێكە لەلوتكەكانی ئەدەبی كاری مرۆڤ، ئەوە ئارەزووی هەموو كەسێكە كە بتوانێت لەو ئاستەدا بنووسێت ئەگەر بەئارەزوو كردن بێت من ئارەزووم ئەوەیە توانیبام شتی وابنووسم.

# چەند نموونە لە شیعرەکانی ناسری حیسامی

## ئاوێنەی ئاو

دەشت خامۆش و هەوار چۆڵە
بایە و سەمای خاک و خۆڵتە
گەڵا دەستی لە دار بەر بێ
دەڕوا هەتا ڕێی لەبەر بێ
ڕێچکە، ماری لەش تەزیوە
زوقمی لەسەر پشت باریوە
دەنگی پێیەکی پێدەوێ
خەوی قورسی، پێی بڕەوێ

×××

لەوە دەترسێ ڕێی هەوار
کوێر بێتەوە بە بێ ڕێبوار
خۆڵەمێشی نێو ئاگردان
پەنای گرتووە لە بن بەردان
با، توێ توێ دەیلێسێتەوە
پشکۆیەک ناگەشێتەوە.

کانی، ژوانگەکەی دەشت و دەر
ئێستە کەسی نایەتە سەر
بەچاو، سەرچاوە دەدوێنم
تاسەی تەنیایی دەشکێنم:
شەپۆلەکان دێن و دەڕۆن
هەر زیخ و چەو هاودەمی تۆن
تەنیاییت چۆن بەسەر دەبەی؟
وردە بەردان چ لێدەکەی؟
پێیان بە خەمان دەوێری؟
یان کۆچی جوانان دەبژێری؟
جاران بەژنی بەرزت دەنواند
شۆخت دەدی، جوانت دەدواند

×××

ئێستا چۆنی بە نامۆیی؟
کاروان لەمن و لە تۆش ڕۆیی!
لە و زایەڵە و ژاوە ژاوە



ئێستا تەنها یادێک ماوە.
مەگەر تۆ وەفا بنوێنی
گیانێک وەبەر خولیام بێنی.

×××

ڕەوتی ڕوون و زوڵاڵی ئاو
چما ئاوێنەی قاڵکراو
تیشکی هەر یادێک لێی بدا
دەتوێتەوە لە ناویدا
شلکە وێنە دێن و دەچن
سەرنج دەگرم و ون دەبن.

×××

هەر ڕەنگێک دێ و ڕەنگێک دەڕوا
ئەدی ئازیزەکەی من کوا؟
ئەوەی نەرم هاتە سەر ئاو
شۆڕەبییە یان قژی خاو؟
شەپۆل - بڵێ - ئارام بگرێ

تاسەبارم، تکام بگرێ
بەقسەی سروەی بزۆز نەکا
دیمەنم لێ ئاڵۆز نەکا.
ئەوە زەردەی خۆرەتاوە
یان دیسان ئەو خۆی ڕاناوە؟
گوڵی ئەرخەوان وەریوە
یان لێوی ئەو پێکەنیوە؟
جووتێک ماسی بوون دووبەدوو
یان درزی بەرۆکی ئەو بوو؟
گەڵایەک بوو با وەرانی
یان پەڕەنی گوارەکانی؟
ئەوە ڕەگی پیرەدارە
یان دەسکی گۆزەکەی یارە؟

×××

کە خۆش ڕەوتە هەنگاوی ئاو
وێنەی ئەوی چۆتە هەناو



ئەو لە هەرکوێ خۆ بنوێنێ
ڕۆحی سەمای وەبەردێنێ
تۆفانی ڕەنگ بە ڕەنگی وا
ئەو نەبێ کێ هەڵیدەکا!

×××

سەر هەڵدەبڕم، تاریکانە
ئێوارەیە و تەم تومانە
لە جێگاکەی ڕادەمێنم
خەیاڵ دەبەم، خەیاڵ دێنم
ئەوە ئەستێرەن لەوناوە
یان ملوانکەی ئەو پساوە؟
چ بکەم، خەزان لێناگەڕێ
هەر گەڵایە و هەڵدەوەرێ
گەڵایەک شەپۆل دەبزێوێ
دیدەم وێنەی لێ دەشێوێ
بەو شەپۆلە، شیرین نیگا

دیسان لە ئاوێنە ڕەنجا

وەک ئاسکێکی تەنیا و بێ جووت

بە بازێکی سرک، بزووت

وا بلووری بەژن و بالاّ

تارای شەپۆلی تێ ئالاّ

چتاوی منی هەر لە دوا بوو

لە پشت چەند پەردە ئاوابوو

هاوار دەکەم، دەڵێم وەرە!

وەرە و ئەمجار منیش بەرە!

بمبەوە جێی لە بیر کراو:

دنیای زوڵاڵ و پاکی ئاو

هەولێر

١٩٩٨/١/٢٥



## ساز

بەسەرچوو کاتی جەژن و بەزمی دڵداران

بە تاڵ بوو کۆڕ و یەک یەک هەڵبڕان یاران

نە دەنگێک ما لە بان و حەوش و هەیوانی

نە جیلوەی ڕەنگ لە بەر تیشکی چراخانی

چرا بێڕەنگ و بەژنی شەم لە کۆتایی

ئەوەی خەرمانی ڕەنگ بوو، بوو بە تارمایی

ئەوەی تینی لە لەشدا بوو، لە وێی دانا

تەزوویەک ما و چەق و چۆیەک لە لەشیانا

لە دووی بەزمێکی مەستانە، ئەوەی مابوو

شەو و کۆڵانی تاریک و کزەی با بوو

بەڵام، ئێستاش، دڵی من هەر لەوێ ماوە

لە لای سازێک کە بێدەنگ هەڵپەسێرراوە

زرگوێز

١٩٩٤

# نموونەی شیعرە وەرگێڕدراوەکانی ناسری حیسامی

## وەرزێکی دیکە

شیعری: ئەحمەدی شاملوو
ناسری حیسامی کردوویەتی بە کوردی

**بێ ئەوەی کە چاو بیبینێ**
**لە نێو باغدا**
**هەست پێدەکرێ**
**لە دیمەنی گێژ و خولی گژەبادا**
**ناهومێدیی هێمنانەی گەڵایەک کە**
**بە ئارامی**
**دێتە سەر خاک.**

**لە سەر شووشەی پەنجەرەکان**
**هەرا و پشێوەی شەونمە.**
**ڕێ دەرناکا نیگا**
**هەتا**
**سەر بەریتە ناخی خۆت و**
**لە قووڵایی خۆت بڕوانی.**

خۆرەتاو و ئاگرەکەش
ئیتر گەرما و نووری نییە،
دەبا سووتووی ساردەوە بوو
لە کەو بدەی
لە نێو خەونی ئاگرینی ئەرخەوانی.

ئەمە، وەرزێکی دیکەیە
کە سەرماکەی
لە ناخەوە
سیمای گەش و ڕوونی جوانیت
لیٚ دەخاتە وردەداوان.

یادی بەخێر وەرزی پاییز
بەو تۆفانە ڕەنگاوڕەنگەی
هەڵیدەکاتە نێو چاوان.

هەر لە چەشنی ئاگردانی زێوینی خۆر
بڵێسەی دیٚ، کووره وەک پار
ئەوە خۆمم
کە خامۆشم!



قسە هەمووی هەر ئەوەیە:
شتێک تینی دامرکاوە و
گڕی لیٚهەڵناستیٚ ئەمساڵ
لە ناو سنگ و
لە ناو لەشم!

## سروودی شەشەم

**شعری: ئەحمەدی شاملوو**

**ناسری حیسامی کردوویەتی بەکوردی**

چ سەیرێکە!
ئێمە نەبووین
عیشقی خۆمان
لە خۆماندا
بەدی هێناین.
پەیوەندین ئێستاکە، ئاشنا
وەک خەندە لە گەڵ لێو،
وەک فرمێسک لەگەڵ چاو.
رووداوێک لە نزیکترین دەمی ڕابوردوودا.

هەرا و هاوارین ئێستاکە
نەک کەلامێک کە نیشانە و ئاماژە بێ
کە دەنگی دەرخەری ڕازین.

هەزار پەرستگا
هەزار مەعبەد لە شارێکدا...



گوێت لە من بێ
ئەتۆ بڵێ یەک پەرستگا لە بەرینایی جیهان هەبێ
هەتا من نوێژی بۆ بەرم
پەرستگایەک، کە ئەتۆ بی!

هێندە پەڕۆی نەزر و نیازم لێ مەبەستە
کە وشکم کەی لە شەرمی بێتوانایی خۆم
من درەختی موعجیزە نیم
تەنها، درەختێکم ئەمن
بنچکێکم لە شیوێکدا و
لەوە زیاترم لێنایە
کە ببمە هێلانە بۆ تۆ،
کە تەخت و تابووتی تۆ بم.

ئێستا ئێمە
یادگارین و بیرەوەری
دوو باڵندەین، بیرەوەریی هەڵفڕینێک
گەروویەکی خامۆش و کپ
یادگاری دەنگ هەڵبڕینێک

٩ی خاکەلێوەی ١٣٧٢_١٩٩٣

# دیدارێك لەگەڵ ناسری حسامی
# تایبەت بەگۆڤاری ئەدەبی و هونەری
# پێشەنگ لەشاخ

**ناسری حسامی جگە لەوەی وەك شاعیرو وەرگێڕو چیرۆكنوس، رۆڵێكی بەرچاوی هەبووە لەگۆڤاری (پێشەنگ)، ئۆرگانی كانوونی هونەرو ئەدەبی كرێكاری كوردستان، لەم بارەیەوە چەند راو بۆچوونێكی وەردەگرین لەسەر ئەو گۆڤارە:**

*** ئەم گۆڤارە سەرەتای پێكهێنان چۆن بو و بۆچی ناوی پێشەنگ بوو؟ مەبەست لەپێكهێنانی چی بوو؟**

– ئـەو كاتــەی كـە ئێمـە كـانوونی ئـەدەبی و هونـەری كرێكـاری كوردستانمان دامەزراند، یەكەمین كۆبوونـەكانی ئـەوكات كـە لـەئوردگای (مالومە) بووین لەوێگیرا، هەر ئەوكاتە بیرمان لەوەكردەوە كە پێویستـە كانوون گۆڤارێكی هەبێت، ئەوكاتە كانوون چەند بەشی جیـاوازی هـەبوو تیپـی مۆسـیقای هـەبوو، گروپـی شـانۆی هـەبوو، دەسـتەی نوسـەرانی گۆڤارەكــەمان دامەزرانـد، بریـار درا كـە بـەناوی (پێشــەنگ) بـڵاوی بكەینەوە، ئێستا من لەبیرم نییـە نـاوی پێشـەنگ كـێ پێشـنیاری كـرد، بەڵام ئەوەندەم لەبیرە كـە قسـەیەكی زۆری لەسـەر نـەكرا، پەسـەندكرا، بەتایبەتی كە لەگۆڤاری پێشرەویش نزیك بوو، هۆیەكـەی ئـەوە بـوو كـە گۆڤارەكە دانرا.

*** رۆڵی گۆڤاری پێشەنگ لـەو سـەردەمەدا چـی بـوو، دەتانویسـت ئەركی ئەو گۆڤارە چی بێت؟**

— ئێمە لەگۆڤارێك دەگەڕاین ئەو وەختە ئەو بابەتانەی کە لەنێو خۆماندا زۆرمان قسە لەسەر دەکردن بڵاویانبکەینەوە، ئەو کاتە قسە لەسەر ئەوە بوو کە ئێمە دەبێت لەنێو کۆمەڵێك ڕەوت و ڕێبازی ئەدەبی و هونەری کۆمەڵێك قسەی جیاواز بکەین، پێمانوابوو حزبی کۆمۆنیستی ئێران لەبواری فکری و سیاسیدا کۆمەڵێ دەسکەوتی هەبوو لەئێراندا، پێمانوابوو خەتێکی جیاوازی هێناوەتە گۆڕ، پێمانوابوو ڕچەو ڕێبازێکی تازەیە لەنێو چەپی ئێرانداو لەنێو مارکسیزمی ئێراندا، پێمانوابوو ئێمە قسەی تازەمان پێبوو، لەبواری سیاسیداو زۆرشتمان هەیە، ئەمە ڕاست بێت یان ناڕاست، بەهەر حاڵ من مەبەستم ئەو وەختەیە، پێمانوابوو ئێمە کۆمەڵێ دەستکەوتمان لەبواری فکریەوە هەیە، لەوە دەگەڕاین هاوتای ئەدەبی ئەمانە دەبێتە چی لەکۆمەڵگەی ئێراندا، ئایا ئێمە دەتوانین لەئەدەبی ئێرانیشدا لەئەدەبی کوردستانیشدا، کوردستان ئەو کاتە زۆر کەمتر قسەی لەسەر دەکرا، بەڵام ئایا ئێمەش دەتوانین لەبواری ئەدەب و هونەردا قسەیەکی تازەمان پێبێت، پێمانوابوو بەهەرحاڵ خۆمان بتوانین یان نەتوانین لەم بابەتەوە قسەیەکی تازە بکەین، ئێمە دەبێت گەراکانی ئەو جۆرە هونەرەی کە خۆمان پێناسەیەکمان بۆ دەکرد وەك هونەری کرێکاری لەئەدەبی جیهانیدا هەیە، ئێمە دەبێت ئەوانە کۆ بکەینەوەو وەربگێڕێت و بڵاوی بکەینەوە، (پێشەنگ) ئەوکاتە بەشێکی گرنگی کاری خۆی تەنها بۆ وەرگێڕان دانابوو، وەرگێڕان لەبەرهەمە جیهانیەکانی نوسەرانی، ئەو کاتە ئەدەبی کرێکاریمان ناو دەبرد ئەوانە وەربگێڕرێت، بیکاتە کوردی و بڵاویان بکاتەوە یان بیکاتە فارسی و بڵاویان بکاتەوە و ئەوەی



بەرهەمی خۆشمان هەبوو ئەو کەسانەی لەدەوری یەکتربوون ئەوانەش بتوانێت بڵاو بکاتەوە.

***(پێشەنگ) بەشیعر، چیرۆك بەکۆی بابەتە وەرگێڕاوەکانی زۆر جەختی کردۆتەوە لەسەر مەسەلەی مارکسیزم و مەسەلەی چەپ، وا پێویست بوو لەو سەردەمەدا یا کاریگەری دەستەی نوسەران بوو هەموویان خەڵکی چەپ بوون..؟**

— ئەو کاتە، کەش و هەوای سیاسی حزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەوە بوو، ئێمەش ئەندامی ئەو حزبە بووین، ئەوەندی من لەبیرم بێت ئەندامی دیکەمان نەبوو کە لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی ئێران نەبێت، کانون کەسی وای لەگەڵ نەبوو کە لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی ئێران نەبێت، لانیکەم ئەوەی کە ئێستا لەبیرمە وابوو، کەش و هەوای ناو حزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەوە بوو، ئەو کاتە تازە بەشەکانی پەیوەندیدار بەمارکیسزمی شۆڕشگێڕ، لەناو حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا هەبوون و ئێمەش ئەوەمان دووپاتدەکردەوە.

*** گەر سەرەنج بدەیت لەناو گۆڤارەکەدا ناوی نهێنی زۆر تێدایە، بەپێی عورفی ڕۆژنامەگەری هەموو ناوێکی نهێنی دەلالەتە لەوەی کەسانسۆر هەبێت، یا ترسێك هەیە، بە بۆچوونی تۆ بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە یان هۆکارەی تر بووە...؟**

— لەو بابەتەوە ئێمە ڕەچەشمان شکاند، پێموایە کە تائەوکات لەئەدەبی چەپی ئێراندا. کەم کەس بەرهەمی خۆی ئیمزادەکرد، لەنەریتی چەپی ئێراندا زۆر لەسیاسەت کارەکانی تری ئێرانیشدا نەریتی

ئیمزاکردنی بابەت و نوسراو زۆر زۆر کەم لەوانە ئەوەبوو بەناوی نهێنەیەوە شتەکانی خۆیان بڵاودەکردەوە، هۆیەکەشی بەشێك ئەوە بوو لەویێ چوونە سیاسیەوە سەرچاوەی دەگرت کە لەخەباتی سیاسی فیداکارانەدا، کەس دەبێت خۆی فیدای گشت بکات، کەس شانازی بەوەوەنەکات چی دەکات و چ دەورێکی هەیە، ئیمزاکردنی بەرهەمێك جۆرێك خۆنواندنی تاکەکەسی بەرچاو دەکەوت، زۆر کەس بەرهەمەکەی هەر ئیمزا نەدەکرد یا ئیمزای دەکرد بەناوی نهێنیەوە ئیمزای دەکرد ئێمە تاڕادەیەکیش ئەوەمان شکاند، بەڵام هێشتا هەر ئەوەمابوو هەندێ کەس بەرهەمەکانی خۆیان هەر ئیمزا نەدەکرد، بەشێکیش وەك ئێمە ئەو وەختە لەڕوانگەی خۆمانەوە خەریکی تاقیکردنەوە بووین، زۆرمان کەم ئەزمون بووین، زۆرمان ئەوە سەرەتای دەستپێکردن بوو، تازە دەستمانپێدەکرد هێشتا دڵنیانەبووین لەوە کە ئەنجامی کارەکەمان دەبێتەوە چی؟ ئایا لەنێو کۆمەڵێك کەسدا، لەنێو ئەو بیست کەسەدا کە لەوێ دەماننووسی تاقیماندەکردەوە، لەسبەی ڕۆژدا کەمیان دەبێتەوە کەسێك بەرهەمەکانی بڵاو بکرێتەوە، بۆیە ئەوانە زۆریان بەناوی نهێنەوە ئیمزا دەکران.

*** لەدواین ژمارە کە تێیدا گۆشەیەك کراوەتەوە بەناوی (ڕای ئازاد) ئێوە درەنگ هەستان پێکردو کارتانتێداکرد، پێموایە چەند جارێکیش لەنێوان (ڕێبوار)و (ئەحمەد بازگر) و (تۆ)دا کێشە دروستبوو، بۆچی ئەو لاپەڕەی ئازادەتان درەنگ کردەوە، ئایا دەستەی نووسەران سانسۆرێکی دانابوو، لەسەر ئەو ئازادییەتان...؟**



– ئەوە ڕەنگدانەوەی وەزعێك بوو کە لەناو کانوندا هەبوو، ئێمە بەیانامەیەکمان پەسەند کردبوو بۆ کانون کە ڕەوت و ڕێبازی فکری ئێمەی بەیان دەکرد، زۆر لەو هاوڕێیانەی کەلەگەڵمان بوون، لەوانەی من لەبیرمە کە لەدووهەمین کۆبونەوەی گشتی کانوندا باسێکی زۆر هەتەگۆڕێ، لەبابەت ئەوە کە هەندێ لەهاوڕێیان گووتیان ئێمە کە ئەو بەیانامەیە دەخوێنینەوە، کاتێك دەمانەوێت شتێك بنوسین دەستمان دەلەرزێ کەئایا لەگەڵ ئەم بەیاننامەیە دێتەوە یان نایەتەوە، ئەم مەرجانەی کە بەیاننامەکە دای ناون بۆ بەرهەمێکی کرێکاری، کە دەڵێت بەرهەمی کرێکاری ئاوابێتو ئاوابێت، ئایا ئەو شتەی ئێمە دەینووسین دەتوانێت ئەو شتانە پڕبکاتەوە یان نا؟ بێجگە لەوە هەر کام لەئێمە لەچ روانگەیەکەوە ئەو بەیاننامەیە لێکدەدەینەوەو هەڵی دەسەنگێنین، چۆنی مانا دەکەینەوە لەسەر ئەوانەش وەك یەك بیرمان نەدەکردەوە، بۆیە هاتینە سەر ئەو بڕوایەی ڕەنگە پێویست بێت، ئێمە لاپەڕەیەکی ئازادیش بکەینەوە کە تێدا ئەو کەسانەی کە بۆچوونێکیان هەیە ڕەنگە لەگەڵ بەیاننامەی کانوونیش نەگونجێ، بەڵام ڕێگایان پێبدرێت لەوێ بیروڕای خۆیان بڵاوبکەنەوە، ئەوەبوو هاتنی ئەو لاپەڕە ئازادە، بۆ زووتر هەستی پێنەکرابوو پێویستیەکیەی لەبەر ئەوەی زۆرتر هەستمان بەوەنەکردبوو کە ئێمە لەدرێژەی کارەکەماندا تووشی ناکۆکی دەبین لەسەر هەندێك لەو مەقولەو مەفهوومانە، پێمانوابوو دەتوانین زۆر لەوە زیاتر خۆمان لەقاڵب بدەینو چوار چێوە بۆ خۆمان دیاری بکەین.

لەدوایی لەئەنجامی کارکردندا بۆمان دەرکەوت کە ئێمە ناتوانین ئەم کاتبو پێوانانە دیاری بکەین. هەموو شتێك بەو گەزو پێوانانە بپێوین کە

خۆمان دیاریمان کردووە، دەبێت جێگەیەك بهێڵیەوە بۆ جیاوازی تاکە کەسەکان، تاکە کەس ناتوانێت لەهەموو شتێکدا خۆی ڕێکبخات لەگەڵ ئەو کارە بەکۆمەڵو تێکڕاییەی کە ئێمە دەمانکرد.

*** کەسانی چالاكو دەستەی نووسەران کێ بوون لەناو گۆڤارەکەدا؟**

– لەناو گۆڤارەکەدا ئەوانەی لەسەرەتاوە بوونو من لەبیرم نییە ئەو وەختەی (کاکە) لێرە بوو، پێم وا بوو چوبووە دەرێ (کاکە) (سلێمانی قاسمیانی) بەڵام ئەوانی دیکە (فاتیح شێخ ئیسلامی) مصلح، ئەحمەد بازگر، خالیدی ڕەحیمی، ڕەحمانی شافیعی، وریای نازری، مەنسوری سدقی بوو، سەعیدی وەیسی، حەمە ئەمین موهاجر، م.خارا دواتر هات، مامۆستا مەحمودی سجادی) ئەو ساڵانی دواتر هاتە دەرەوە، تا ئەو کاتە لەشاربوو، بەڵام کاك مەحمودی سەجادی کە هات، (شەبەق) بوو، شەبەق ئەو کاتە کە کانوون دامەزرا، ئەو لەناوچەی مهاباد بوو، دواتر گەڕایەوە هات بۆ ئوردگای مەرکەزی، پێموابێ لیستی ناوی ئەوانە لەبەیاننامەکانی کانووندا هەیە.

*** گۆڤارەکە چۆن بەڕێوە ئەبرا، تۆ باسی ئەوەت کرد چەند ژمارەیەك من سەرنووسەری بووم، بەڵام ناوی لەسەر نەبووە، چەند ژمارەیەك ئەحمەد بازگر، چەند ژمارەیەك ڕێبوار، دوایش کاری چاپەمەنیو تایپو ئەوانە چۆن چۆنی بوو لەسەردەمی شاخدا...؟**

– کاری چاپەمەنیەکانی لەچاپخانە دەکرا، پێی دەگوترا ئینتشارات، تایپ دەکراو مۆنتاژ دەکراو دوایش دەبرایە ژێر چاپ،



ئەوەی ئێمە دەمانکرد ئەوە بوو، لەکۆبوونەوەی گشتی کانووندا کە هەموو ئەندامان بەشداریان تێدا دەکرد لەسەرەتاوە ئاوا بوو هەیئەتی ئیجراری یان دەستەی بەڕێوەبردنی کانوون هەڵدەبژێردرا، دەستەی بەڕێوەبەری کانوون وام لەبیرە حەوت کەس بوون ئەو دەستەی بەڕێوبەرە، لەنێوخۆیدا کارەکانی ئاوها دابەشدەکرد، کە دەیگوت مەسەلەن ئەم سێ کەسە ببنە دەستەی نووسەرانی پێشەنگ، کەسێك دەبوو بە بەرپرسی کاروباری ئیجرایی، کەسێك دەبوو بە بەرپرسی مۆسیقا، کەسێك بە هی تیپی شانۆ، کارەکانمان ئاوا دابەشدەکرد، ئەم دەستەی نووسەرانی پێشەنگ کە سێ کەس بووین، دادەنیشتین لەسەر ئەوە قسەماندەکرد کە ژمارەی داهاتوو چی بێت یان بەگشتی تیمی بابەتەکانی چی بێت...؟ ناوەڕۆکی چی بێت زۆر لەدەوری چ تەوەرەیەك بخولێتەوە، بۆ ئەوە ئەوەمان دیاریدەکرد بەشێوەیەکی گشتی دوایی لەگەڵ کەسەکان قسەماندەکرد لەگەڵ کەسەکان لەم چوار چێوەیە وا بابەتەکانیان بنێرن.

بەشی فارسی ئەوەندەی من لەبیرم بێ، لەهەموو ژمارەکانیدا یان لەزۆربەی زۆری ژمارەکانیدا ئەرکەکەی کەوتە سەرشانی کاك (فەریدونی نازری –کاك وریا) ئەو ئێستا من لەیادمدایە پێموایە هەموو ژمارەکانی فارسی حاصڵی ماندووبوونی ئەو بوون ئێمە بەشێوەیەکی گشتی کارمان دەکردو بەرهەمی کاری جەمعی بوون بەڵام ئەگەر وەکو تاکە کەسی بێتە بەرچاوم بۆ فارسی هەوڵی دابێت بەرهەمی کاری کاك فەرەیدونی نازری بوو، بەپێچەوانەی کوردی لەکوردیدا باس و کێشەو موناقەشە زۆر بوو لەسەر ساغکردنەوەی هەر بابەتێك، دواتر هەر بابەتێك دەهاتن ئێمە

لەسەری دادەنیشتین یەکە یەکە دەمانخوێندنەوەو قسەمان لەسەر دەکردن ئەم بابەتە هەبێت یان نەبێت هەندێ شت ڕەتدەکرایەوەو هەندێك شت دادەنران.

دواتر لەناو ئەو شتانەدا کە ڕەتدەکرانەوە گلەیمان دەهاتە سەرو بۆچی ئەم بابەتە ڕەتکراوەتەوە، یان مەسەلەن، ئاخر ئەم دوو دێڕە لابەرە بۆت چاپ دەکەینو لامانە دەبردوو دەبوو بەگلەییو دڵ یەشانو چووزانم ئەمانەشی تێدا بوو، کاری سەیرو عەجایبیشمان دەکرد یەعنی مەسەلەن، **ڕێگەمان بەخۆمان دەدا لەشیعری فلانە کەس دوو سێ دێڕی خەتێك بەژێردا بێنین بڵێیم ئەو دوو سێ دێڕەی لابەری بۆت چاپ دەکەین، فلانە وشە بکەی بەفلانە وشە بۆت چاپ دەکەین.**

*** سانسۆرتان دانابوو؟**

– ئا، سانسۆرێکی لەو جۆرە نەك بڵێم ئێمە شتی قەدەغەمان بووبێت راستیەکەی لەم بابەتەوە ناتوانم ئەوە بڵێم، هەوڵمان دەدا لەگەڵ ئەو کەسەی بابەتەکەی هەیە ڕێکەوتن بکەین، یا ئێمە مەرجەکانی خۆمان باس دەکرد دەمانگوت ئەوە مەرجی ئێمەیە بۆ ئەوەی بابەتەکەت چاپ ببێت، زۆر تر ئەو هەولی دەدا کە خۆی بگونجێنێت لەگەڵ مەرجەکان، خۆمان سانسۆر نەدەکرد ئەومان ناچار دەکرد خۆی سانسۆر بکات.

*** لەبارەی چاپەمەنی چۆن چاپتان دەکرد، دەورانێك لەناوچەی (مالومە، سەفرەو زەرون) لەشارباژێر بوو، دەورانێك لەسلێمانی بوو، دەورانێکی تر لەژێر دەستی بەعسدا بووە، چۆن چۆنی بووە؟**



– ئەو کات ماوەیەك چاپخانەکەمان لەئۆردگای مالومە بوو، لەچاپخانە چاپمان دەکرد ساڵی (١٩٨٥) لەوێ بووین، ئەو کاتەی کانوون پێکهات (١٩٨٤) پێکهات تا (١٩٨٥) و(١٩٨٦) ئەوانەش لەوێ بوو، نازانم چ ساڵێك بوو چاپخانە گوازرایەوە بۆ ناوچەی چنارە، چنارەو باساك لەشارباژێرو بەرزنجەو لەوێ بوو، من لەبیرمە چەند جارێك هاتوچۆی ئەوێم کرد بۆ هەڵچنینی پێشڕەو.

***پێشەنگیش؟**

– پێشەنگیش نازانم ژمارەی لەوێ چاپکرا یان نا، بەڵام ماوەیەکی کورت ئیننشارات لەوێ بوو، من لەبیرمە بۆ کاری پێشڕەو چوومە ئەوێ، ئەوە دەزانم، چاپخانەکەمان ماوەیەك لەوێ بوو، دوای ئەوە چاپخانە هات بۆ (زڕگوێزەڵە) لێرەش چەند ژمارەیەکی چاپکرا، ئێمە ئەو کات خۆمان لە(بۆتێ) بووینو دواتر لە (خەندەکێ) ، لەبیرمە ژمارە (٨)ی پێشەنگمان لەبۆتێ ئامادە کردو ژمارە (٩-١٠) وام لەبیرە لە (خەندەکێ) کرا، دواتر هاتینەوە بۆ ئۆردوگای (بەردان) کە لەدەوری رانیە، چەند ژمارەیەك لەوێ کران بەڵام چاپخانە لەو سێ شوێنە بوو لەئۆردگای مالومە، دوایی لەباساکو دوای لێرە لەزڕگوێزەڵە.

*** تۆ باسی ئەوەت کرد کۆمەڵێ کەس کە لەو گۆڤارەدا کاریان کردووەو ئێستا شەهید بوون، ئەوانە کێبوون؟**

– (مەحمودی سەجادی) لەبۆمب بارانەکەی هەڵەبجە لەوێ شەهید بوو، کاك (حەمەدەمینی موهاجر)، کاك (کەریمی فەتحی) لەناوچەی بانە

لەشەڕێکدا شەهید بوو، ئەو هاوڕێیەمان کە بەناوی (ب. ئومید) شیعرێکی فارسی چاپکراوە لەپێشەنگداو منیش کردومە بە کوردی (بێهروزی تارانی) ئەویش شەهید بوو، هەر لێرە لای خۆمان، لەو هاوڕێنانەی دیکە (بێژەن) ئەوەی(بزنە زێرینەو ئاواتی شاری خۆشبەختی) نووسیووە.

*** کاریکاتێر رۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە لەو گۆڤارەدا کە تا ئێستا بەو شکڵە لەگۆڤارەکانی ترلە کوردستاندا نەبینراوە دەلالەتی چی بوو..؟**

– ئەو سەردەمە لە کارێکاتۆردا کۆمەڵێك بەرهەمی رەخنەگرانە هەبوون لەدەسەڵاتی ئێرانو لەدیاردەی دیکەی ناو کۆمەڵ کە ئێمەش رەخنەمان لێی هەبوو، پێمان وابوەو بەشێوەیەکی باش ئەو رەخنەیە بەیان دەکات لەوانە بەرهەمەکانی (کامبیزی درهەم بەخش) ئەو هاوڕێیانەی ئێمە کە لێرەبوون (رەحمانی شافیعیو مەنسوری سدقی) ئەو دووانە ئەوەندەی من لەبیرم بێ بەباشی لەو زەمینەیەدا کاریان دەکردو چەند بەرهەمێکیان کێشاوەو چاپکراوە لەپێشەنگدا ئەوانەی مەنسوری سدقی پێموایە بەناوی (سالار)ەوە لەپێشەنگدا چاپکراوە، ئەوانەی دیکەشی هی رەحمانی شافعی بوون ئەو دوو کەسە زۆر کاریان دەکرد.

*** باسی ئەوەت کرد کە ژمارە (١٦)ی لەتاراوگە دەرچووە یەعنی لەئەورووپا، وایە؟**

– ژمارە (١٦)ی بابەتەکانی لێرە ئامادەکران، بەڵام لەدەرەوە ناوەندی کانوونی یارمەتی بۆ کوردستان، چاپی کرد، لەکۆڵنی ئەڵمانیا.



*** تاکە ژمارەش کە کاری فەرز یان رەنگاو رەنگی تێدا کرابێت، تایبەت بەیادی (دکتۆر جەعفەری شەفعی) پێموایە ژمارە (٧)ە، چۆن چۆنی بوو ئەوە ئەو ژمارەیە چۆن تایبەت کرا بەو رەنگەو ئەو کارەی چۆن چۆنی تێدا کرا؟**

– دکتۆر جەعفەر دەورێکی یەکجار زۆری هەبوو لەکانووندا، زۆر زۆر یارمەتی دەرمانبوو، لەو کەسانە بوو کە زۆر دڵخۆشی دەداینەوەو بەڵێنی پێ دەداین کە ئیمکانمان بۆ دەخولقێنێو گۆڤارمان بۆچاپ دەکاو دوای بەپێچەوانەی ئێمەوە کە زۆر خۆمان هەڵدەگوشی بۆ نووسین، هەمیشە لەچوار چێوەی ئەوە بۆ خۆمان بخولقێنین ئەو لەو کەسانە بوو کە زۆر هەوڵی دەدا کە ئاسۆی بەرچاومان بکاتەوە بڵێین ئەوەندە پێویست بە خۆهەڵگوشین ناکات کار بکەنو دڵخۆش دەداینەوە، لەبیرمە لەدانیشتنی دامەزراندنی کانوونی دا، دانیشتنی یەکەمی دوای ئەوە کە ساڵێك دواتر یان شەش مانگ دواتر بوو دکتۆر جەعفەر لەو کەسانە بوو کە زیاترین دەوری هەبوو لەکۆبوونەوەکانی کانووندا، لەهەموو کۆبوونەوەکانیدا بەشداری کرد، قسەی کرد تا ئاخیر، قسەکانیش تۆمار کرا بوونو کاسێتەکەی لەلای من بوو، رەنگە ئەوە هەر بۆ بیرەوەری باش بێت بیگێڕمەوە، لەبۆمبارانی دواین جاردا کە لەبۆتی بۆمباران کراین، وابزانم مانگی گەلاوێژی ساڵی(١٩٨٨– یان ١٩٨٧) بوو ، لەبۆتێ، ئەو رۆژە من لەبەر سێبەری دارێك دانیشتبووم کاسێتەکەی دکتۆر جەعفەرم لەسەر کاغەز دەنووسیەوە، دەنگەکەی دکتۆر جەعفەرم دادەبەزاندە سەر کاغەزو دەمنووسییەوە.

لەوەختی بومببارانەکەدا بەتەسجیلو بەکاسێتەوە چوومە کونە تەیارەکە، بەلام تەسجیلەکە لەوێ بەجێ مابوو، لەوەختی بۆمببارانەکەدا تێدا چوو ئەو کاسێتە، دکتۆر جەعفەر دەورێکی زۆری هەبوو بۆیە دوایی بڕیارماندا یادنامەیەك بۆ دکتۆر جەعفەر ئامادەبکەین، ئەوەبوو ئەو یادنامەیە ئامادەکرا، وێنەیەکی دکتۆر جەعفەرمان هەبوو کە دەمانویست بەرەنگی چاپی بکەین، گوتیان لەبەغداد ئیمکانیەتی ئەوە هەیە، بەلام هەندێ بابەتیشی تێدا بوو لەگۆڤارەکەدا پێمان وابوو ئەگەر بچینە بەغدا سانسۆرو رقابەو ئەوانە لەوانەیە نەهێڵێت چاپ بکرێت، بڕیارماندا گۆڤارەکە هەر لێرە چاپ بکەین لای خۆمان، لە زرگوێزەڵە چاپکرا، بەلام یەك وەرقە کەچوار رەسمی لەسەرە لەبەغداد چاپکرا، دوای هاتەوە تێهەڵکێشمان کرد لەناو لاپەڕەکانی پێشڕەودا هەر بۆیە وام لەبیرە ژمارەی لاپەڕەشیان بەسەرەوە نییە.

*** بەحوکمی ئەوە ئەو گۆڤارە لەم ناوچەیە دەرچووە، کارو چالاکیتان لەم ناوچەیەدا بوو، بەعس چ ڕێگری‌و چ پشتگیرییەکی لێ دەکردن؟**

ـ پشتگیرییەکی راستەوخۆی نەدەهێنایە پێش، ئەو تێدا بێتو ئەوەی تێدا نەبێت، چونکە ئەوان نەیان دەویست ئێمە چاپی بکەین، بەلام ئەوە تەنها خۆمان بووین بڕیارمان دەدا چی چاپ بکەین‌و چی چاپ نەکەین، بەلام هەندێك کۆسپ هەبوون لەسەر رێگای ئەوە کە ئێمە نەمان دەتوانی هەموو شتێك چاپ بکەین بۆ نموونە ئەو مەحدودیانە بەسەر هەموو فەعالیەتی کۆمەڵەدا هەبوو لەکوردستانی عیراق، بۆ کاری قانوونی هونەریش وابوو، کۆمەڵە نەیدەتوانی بابەتێك چاپ بکات کە راستەوخۆ لەدژی حکومەتی عیراق



بێت، ئێمەش نەمانتوانیوە راستەوخۆ ئەوە چاپ بکەین، نەمان دەتوانی بابەتی ئەو نوسەرانە چاپ بکەین کە لەشاخ بوون و خەڵکی کوردستانی عیراق بەدژایەتی حکومەتی بەعس ناسرابوون، ئیمزاکەیان نیشان دەدایین کە جۆرێك هاوکاری بوو لەنێوان ئێمەو ئەواندا، نەمان دەتوانی بەناوی خۆیان چاپی بکەین، بابەتێکی (شێرکۆ بێکەس) هەیە بەناوی (جوامێر)ەوە چاپکراوە، ئەگەر کورتی بکەمەوە هیچ ژمارەیەکی پێشەنگیان نەدەدی بڵێن چی چاپ دەکرێت و چی چاپ ناکرێت، بەلام ئەگەر گۆڤارەکە دەرچووە بازاڕەوەو ئەوان دەیان دیت، دەبوو بابەتێکی وای تێدا نەبێت کە دژی ئەوان بێت، یان بابەتی ئەو نوسەرانەی تێدا نەبێت کە دژی ئەوان بوو.

*** چەند ژمارەی لێ چاپ کراو تیراژەکەی چەند بوو؟**

– ژمارەی یەکەمی پێموابوو (٣٠٠) دانە بوو لەژمارەکانی دواتریدا، ژمارە(٨) تا (١٠) و ئەوانە من لەبیرمە(٥٠٠)بوو، دواتر پێموایە هەر (٥٠٠) بوو، لەدوای ژمارە یەکەوە پێموایە بوو بە (٥٠٠) فارسیمان لەتیراژێکی کەمتردا چاپ دەکرد(٣٠٠)، ژمارەی ئەوانی دیکە(٥٠٠)بوو.

*** نرخیشی لەسەر نەبوو؟**

ـ نا، ئەو کاتە گۆڤار نەدەفرۆشرا زۆر بەکەمی، هەر بڵاودەکرایەوە یانی هەر بڵاوماندەکردەوە.

***ئەی نەخشەسازییەکەی کێ دەیکرد؟**

ـ چەند ژمارەیەکی ڕەحمانی شافعی کردی، ئەوانی دیکە مەنسوری سدیقی.

*** ئەدرەسی کۆڵن ـ ئەڵمانی لەسەر بوو بۆچی؟**

ـ بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی لەدەرەوەی کوردستانەوە، ئێرانەوە ویستبایان، یارمەتێکمان بدەن یا بابەتێکمان بۆ بنێرن لە ڕێگای ئەو ئەدرەسەوە بینێرن، هەموو جارێك ڕێکخراوێکی دین لەوانەی کە ئێران یارمەتی دەدان، ئێستا ناوەکەیم لەبیر نییە، بەڵام کۆمەڵێکی زۆر بەرهەمو کتێبو ئەوانەیان بۆ ناردینو داوای پەیوەندیان کردبوو، نازانم گۆڤارەکەیان نەخوێندبووە تەنها ئەدرەس فاکسەکەیان خوێندبووە، بەڵام چەند شتێکی وامان بۆ هات، جارێك لەیەکێك لەکۆمارەکانی سۆڤیەتەوە کەدواتر جیابوونەوە نامەمان بۆ هاتبوو، لەتاجیکستانەوەبوو وابزانم.

*** ئەو ئیندێکسەی سەبارەت بەگۆڤاری پێشەنگ کراوە لەگۆڤاری ڕۆژنامەنووسدا، پێتوایە کارێکی مێژووییەو دەتوانێت سوودێك بەگۆڤارەکە بگەیەنێت، لەکاتێکدا ئەمە یەکەمین ئیندێکسە بۆ گۆڤارێکی چەپ دەکرێت؟**

– پێم زۆر زۆر کارێکی باشە، لەبەرئەوەی ئەو کاتە پێشەنگ لەهەلومەرجێکی دژواردا بڵاودەکرایەوەو نەمان دەزانی بەدەست کێ دەگاتو تاچەند خوێنەری هەیەو دەگاتە دەستی کەس یان نا، نەشمان دەزانی چ ڕەنگدانەوەیەکی هەیە بەهەرحاڵ، تۆمار کردنێك نیشان



دەدات ئەم گۆڤارە بایەخی پێدراوەو خوێنەری بووەو کەرەسەیەك دەخاتە بەر دەستی ئەو کەسانەی لەداهاتوودا بیانەوێت لێکۆڵینەوەیەك بکەن، بۆ من خۆم وەك کەسێك لێرەدا کارم کردووە، دەبینم ئاوا وەکو ئیندێکسێك چاپ کراوە، زۆر بەشێوەیەکی پوختر حاسڵی کارەکەی خۆمانم دەخاتە بەرچاو.



## حسێن شەبەق

## خۆشەویستیو جوانی، دەبێتە شیعر

ئا: سەمیرە عەلی حەسەن

## حسێن شەبەق لەزمانی خۆیەوە

کوڕێکی لادێی، لەدایکبووی گوندی زندەریی*، ژیانی منداڵی لەلادێ گوزەراندووە، لەلادێ ئاوێتەی ژیانی خەڵك بووە، چوون بۆ ناو مەزرا، بۆ سەرشاخ، بۆ کانی و باخو بێستان، لەو ژیانە قەرەباڵغەی کە بەیانیان و ئێواران لەگونددا دروستدەبێت، چێژێکی تایبەتییان پێی بەخشیووەو ئاشنایانکردووە بەسروشتی جوانی کوردستانو نزیکبوونی لەسروشت، کاریگەری زۆریان لەسەر بەجێهێشتووە، وەك خۆی لەدرێژەی گێڕانەوەی بەسەرهاتی منداڵیدا بۆی باسکردین، کە لە ناوەڕاستی گوندەکەیاندا چەمێکی درێژ تێپەریووە لەو سەرەوەی چەمەکە باخو لای خواریشەوە کانی و ئاو و شاخو کێو هەبووە، لەمنداڵیدا زۆر شەیدابووە بەو چەمە کە وندەبوو دایکی زۆر بۆی دەگەڕا، کاتێك دەیدۆزیەوە یا لە سەری چەمەکە یا لەخوارووی دۆزیویەتەوە، شەبەق بەماسیو گوڵو گژوگیاو پەپوولەوە سەرقاڵبووە، ئەو ژیانە ئەوی کردووە بە بەشێك لەسروشت، بەڵام بۆ خوێندن چووتە شاری مهابادو خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی لەو شارە تەواوکردووە، دواتر چووتە دانیش سەرای کیشاوەرزی (بەرامبەر بەئامادەیی کشتوکاڵە) لەنێوان مهابادو میاندواودا، ماوەی سێ ساڵ لەوێ خوێندویەتی، دواتر شۆڕشی ئێرانی بەسەردا هاتووە، خوێندنگاکەیان تێکچووەو ساڵێکی تر لە ڕەشتو

مازەندەران خوێندووەیەتی، ژیانی دوای شۆڕشی (٥٧)ی ئێران – رووخانی شا(١٩٧٩)– ژیانێکی زۆر تایبەت بووە هەموو شت بەپەلە گۆڕاوە، حسێن شەبەق وەك خۆی ئاماژەی بۆکرد ئەو گۆڕانکاریەش کاریگەری هەبووە لەسەر جۆری بیرکردنەوەی وەك هەر لاوێکی تر ئاڵوگۆڕێکی زۆر قوڵی بەسەر ژیانو جۆری بیرکردنەوەیدا هێناوە، شیعر لە شۆڕشی نزیککردۆتەوە، شیعرو وشەی کوردی پێشمەرگەیان پێناساندووە، لەڕێی ئەدەبەوە چووەتە ناو سیاسەتەوە.

**شەبەق دان بەوەدا دەنێت کە زۆر بەنیازی سیاسەتکردن نەبووە، لەوبارەیەوە بەسەرهاتی خۆی بەمجۆرە گێڕایەوەو وتی:**

(پێش ئەوەی ببمە پێشمەرگەو بێمەدەرێ ناوم لەزانکۆ هاتبووەوە، نمرەی باشم هەبوو، لەوکاتەدا لەدوو دڵیو ڕاڕایدابووم، کە ئایا بچم بۆ زانکۆ بۆ تاران یان بچمە ناو شۆڕشەوە، خەڵك رووی لەشۆڕش دەکرد، بیرم لەوە دەکردەوە کە ئایا من ئامادەیم هەیە بچمە ناو شۆڕشەوە؟ بۆ ئەوە چوومە لای مامۆستا هێمنی شاعیر لەگوندی شیلاناوێ، لەماڵێکی بچوکی هەژارانەدابوو، ساڵی(١٩٨١–١٩٨٢) مامۆستا هێمن خزممان بوو، بەمامۆستای ژیانی خۆشمی دەزانم، بۆ ئەوەی پرسی پێبکەم کە من چیبکەم، لەپێشدا شیعرێکم بۆ خوێندەوە باسی پێشمەرگە کە سەنگەر جێژوانی منە، شتێکی لەو بابەتە شیعرێکی سیاسی بەرەنگاری بوو، زۆرخاو بوو شیعر نەبوو، زیاتر لە شیعرەوە نزیکبوو، کاتێك کە سەری هەڵبڕی سەیرمکرد دەگریو فرمێسك بەچاویدا دەهاتەخوارێ، پێیوتم: "حسێن مایەی زۆرت تێدایە" پێشنیهادی کردو وتی:"مەچۆ بۆ زانکۆ،



لە زانکۆ هیچ فێرنابیت، ئێستا وەختی چوون بۆ زانکۆ نییە، ئەزانی کێ منی فێری کوردی کرد، من دێ بەدێی کوردستان گەڕام، دایە گەورەکانو باوەپیرەکان منیان فێری کوردی کرد، من ئەو زمانەم لەوانەوە وەرگرت، ئەوان زانکۆی من بوون. تۆ ئەگەر دەتەوێت بچیت بۆ زانکۆ بچۆ بۆ دێهات، بچۆ لای دایە گەورەکان، لای باوەپیرەکان، قسەی ئەوانە لە گوێی بگرە" ئەو قسەیە چووە گوێمەوەو ڕەوتی ژیانی منی گۆڕی، من ئاوا هاتم بەرەو پێشمەرگایەتی، ئەو قسانە منی ساغکردەوە، هەر ئەوکاتە شیعرێکی نووسیبوو لەبن بەڕەکەی دەرهێناو بۆی خوێندمەوە وتی: "تائێستا نیشانی کەسم نەداوە" تازەیە لەو کاتەدا دوو دێی شاری کوردستانی لای ئێمە قەتلو عام کرابوون (قارنێ و قەڵاتان) خەڵکەکەی کوژرا بوون، حەفتا هەشتا کەس چووبونە سەریانو کوشتبوونیان، شیعرەکەی ئەمەبوو:

**بەهاری کوردەواری سەوزو شینە**
**لەدەوری تەرمی خوێنین کۆڕی شینە**
**پێت خۆشە بەهاری کورد ببینی**
**وەرە گوندی قەڵاتانێ ببینە**

دیارە من هەر ئەو دەم نەهاتم بۆ پێشمەرگایەتی سەرەتای ساڵی (١٩٨٣) هاتم بۆ پێشمەرگایەتی، بەڵام ئەو قسەیەی مامۆستا هێمن منی ساغکردەوە، دیارە ئەو دەم ئاڵوگۆڕی سیاسی زۆرم بەسەرهات، وەها مەیدانو دەرگەیەك خولقابوو بۆ خەباتو بەرەنگاریی و کاری سیاسیو پێشمەرگانە، کەم کەس دەیتوانی خۆی لێ لادات، جەوەکە وا وڵاتی تەنیبوو کەهیچ کەس نەیدەتوانی

خۆی لێ لابدات، ساڵی(١٩٨٣) هاتمە ناو کۆمەڵە بەنیازبووم بێمە ناوشار لەشانە نهێنیەکاندا کاربکەم، چونکە دووساڵ لەشانە نهێنیەکانی ناو کۆمەڵەدابووم، بەڵام دوایی دڵم پێشمەرگایەتی گرتو نەچوومەوە، کە هاتم ئەحمەد بازگرم دیتەوە هاو کلاسو کۆنە هاوڕێی خۆم بوو، لەدانش سەرای نێوان مهابادو میاندواو وانەمان خوێندبوو، ئەو دەم (ئەحمەد بازگر) شیعری دەوت، منیش ئەو دەم تازە بەتازە شتم دەنووسی، بەڵام بە فارسی دەمنووسی.

## دکتۆر جەعفەری شەفیعی، شەبەق فێری کوردی دەکات

**لەبارەی سەرەتای کارکردنی و پەیوەندیکردنی بە کانوونی ئەدەبی کرێکاری "گۆڤاری پێشەنگ"، "حسێن شەبەق" وتی:**

یەکەمجار کە هاتم بابەتم دایە کانونی ئەدەبو هونەر (پێشەنگ) چیرۆکێکی کورت بوو، بیرمە فارسی بوو، چیرۆکەکە بەسەرهاتی رۆژێك کرێکاری خۆم بوو لە(رشت) کە لەگەڵ چەند هاورێیەکی خۆم کارمکردبوو، کردبوومە چیرۆکێکی کورت، لە بیرمە دکتۆر جەعفەری شەفیعی کە چیرۆکەکەی خوێندبووە، وتبووی ئەو کوڕەم پێشانبدەن، رۆژێك هات بۆلام وتی زۆر چیرۆکێکی خۆشە دیارە پەلەت تیاداکردووە، بەڵام خۆزگە تۆ بەکوردی دەتنووسی، ئەو قسەیە سەرلەنوێ هۆشیاریکردمەوە، ئیتر لەو دەمەوە من دەستم لەفارسی کێشاوە، ئەو دەمیش خەونەکانم بەفارسی بوون، نووسینو خوێندنی فارسیو ئەدەبیاتی فارسی هێندەکاری تێکردبووم، وەك کەسێك بیرم دەکردەوەو کە هەستم



دەرۆییو کە خەونم دەدی بەفارسی بوو، هەتا ئێستا من خۆم بەقەرزار بارەی ئەدەبو هونەری فارسی دەزانم، بەڕاستی زۆر شتیان لێ فێربووم، ئێستاش هەر پێمخۆشەو فارسی دەخوێنمەوە، بەڵام ئیتر لەو ساڵەوە کە دکتۆر جەعفەر هوشیاریکردمەوە بەفارسی زۆر کەمم نووسی. ئیتر خەونەکانم گۆڕا خۆم بوومەوە بەخۆم، ئەوجا دەتوانم زیاتر تەعبیری خەونەکانی خۆم بکەمەوە.

## شەبەق بۆ تێڕامان لەگوڵێك، ریزی پێشمەرگە تێکدەدات

**حسێن شەبەق خاوەنی دڵێکی ناسكو سروشتێکی رۆمانسییە، ئەگەر بارودۆخی کوردستانو مللیەتەکەی بەوشێوەیە نەبووایە لەوانەیە هەرگیز تێکەڵ بەکاری سیاسی نەبووایە، هەرسەبارەت بەو سروشتە ناسكو رۆمانسییەی خۆی، لەسەردەمی پێشمەرگایەتیو شۆڕشدا ئەم بەسەرهاتەشی گێڕایەوە:**

دەڵێ: کەوتمە جەرگەی شۆڕشەوە هەر ئەو سەردەمەی کە من هاتم بۆ لای کۆمەڵە شەڕی سەخت لەناوچەکاندا لەئارادا بوو، من هەر هۆشم لەسەر خەڵك بوو، هۆشم زۆر لەسەر پێشمەرگایەتی نەبوو، رۆژێك لەجەولەدابووین بەرەو شەڕێك دەچووین، دەبوایە زۆر بەپەلە بڕۆشیتینایەو خۆبگەیەنینە ئەوێ، لای چەمێك کە پەڕیمەوە بەردێکم بینی بەغەزەیەکی سەوز داپۆشرابوو، گوڵێکی لەسەربوو بەدەستی خۆم

نەبوو دانیشتم زۆر چاوم لەگوڵەکە کرد،کاتێکم زانی بەجێمام، هەتا کەسێکم بۆ گەڕاوەو زۆریشم لێ تورەبوو، وتی ریزی پێشمەرگایەتیەکە دەشێوێنی بۆ تێڕامان لەگوڵێك؟ مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە سروشت زۆر لەسەرمن کاریگەربووە.

## شەبەق حەز بەلای پیرێژنان دەکات

**هەروەك پێشتر هێمن ئامۆژگاریکردبوو حەزی بەتێکەڵاوبوون لەگەڵ داپیرە و باوە پیرەکان بوو، هەر بۆیە لەپێشمەرگایەتیشدا هاتوچۆی لای ئەوانی پێ خۆشبوو، بەسەرنجدان و خوێندنەوەی قوڵ لە هەندێ لەشیعرەکانی هەست دەکەیت کە سوودی لەسەرگوزشتەو حیکایەتەکانی گوێی ئاگردانو ئەفسانەی مێژوویی ناو کەلتوری کوردیو رۆژهەڵاتی وەرگرتووە، لەهۆنراوەی (بەبێ ئێوە)دا ئاماژەی بەئەفسانەی کۆنی ماروتو قەقنەس وەك گیانداریکی ئەفسانەییکردووە، لە کۆپلەیەکیاندا دەڵێت:**

**باهەر شارە دەرم کەن**
**من(ماروت)ی هەردانم**
**رازێکم وا لەدڵدا**
**ئازیزترە لەگیانم**



هەروەها لەکۆپلەی کۆتاییشیدا دەڵێت:

**چوون ئاشقم بەئێوەم**
**لەبیرتان هەردەمێنم**
**(قەقنەس)م گەربسووتێم**
**رەسەنتریش دەنوێنم**

**هەر سەبارەت بەو شیعرە بەخۆشیو سەرنجێکی قوڵەوە شەبەق وتی:**

ئەو تۆزە توانایەی کە لەخۆمدا شك دەبەم کە هەستەکانی خۆم بکەم بە وشە زیاتر چیرۆكو قسەی خۆشی نەستەقی دایە پیرەو باوەپیرەکانە، دیارە دنیای پێشمەرگایەتی ئێمە وەکو کۆمەڵە زۆر خۆشبوو، دادەنیشتین گۆرانیمان دەوت، قسەمان دەکرد، شیعرمان دەخوێندەوە، من زۆرجار لەناو پێشمەرگەدا شیعری خەڵکی ترم خوێندۆتەوە هەموو ئەوانە منی خاراند لەوەی کە دڵم پڕبێ، شانەی بیرم پڕبوو لەوشەی رەسەنی کوردی، وەختێك کە دڵت پڕبوو لەوشە، ئەودەمە دەتوانیت هەستی خۆشت بهۆنییەوە وەکو زەنگیانە پێوەبکەی رایەڵێکی بۆ ببینیەوە، شیعری (بەبێ ئێوە) زۆر تایبەتە مۆرکی تایبەتی دەورەیەکی سیاسی ژیانی ئیمەی پێوەیە، ئێمە وەك پێشمەرگەی کۆمەڵە وەختێك شۆڕشی پارتیزانی شکستی خوارد، ئێمە هاتین زۆرتر لەئۆردگاکان ماینەوە، یەکێك لە ئۆردوگاکان ئەو زرگوێزەی ئێستابوو، زیاتر لە(٣٠٠٠) هەزار پێشمەرگەی کۆمەڵە لەو ناوچەیە کۆبووە شەڕی ئێرانو عیراق تەواو بوو سنوورەکان بەسترابوو، ئێمە مۆڵەتمان نەبوو

بچینە ناوەوە ئەگەر بچووینایە ناوەوە زۆر بەزەحمەتو نهێنی دەبوایە بچووینایەوە، خەڵك لەتەنگەژەدابوو، پێشمەرگە چۆن وەك ماسی لەناو بکەیت لەخەڵك ببوو، لەوسەر دەمەدا بوو مەنسوری حیکمەت ئەو باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری هێنایە پێش، ئەو خەڵکە لەو حاڵەتە تاریکەدا بۆ رزگاری خۆیان دەگەڕان، دەستیان بەو پەتەوە گرت بۆ ئەوەی بێنە دەرێ لەو چاڵە. کۆمۆنیزمی کرێکاری لەوکاتەدا رێگای رزگاریەکی درۆینەبوو، بۆئەوەی ئەو خەڵکەی کە لێرە کۆببوەوەو خەریکبوو هیواکانی لەدەستدەدا، خۆی بگوزاێتەوە بۆ قۆناغێکی تر، پێشمەرگەی کۆمەڵە کۆچیکرد ئەو چەند هەزار پێشمەرگەیە وردە وردە بەرەو تورکیا بەڕێکەوت، لە کۆتایدا لەساڵی(١٩٩٠) دا (٤٧) کەس ماینەوە، من یەکێك لەو (٤٧) کەسەبووم کە دڵم نەهات ئێرە بەجێبهێڵمو پێشمەرگەکانی بەجێ بهێڵم، ئەوکات کە ئەوان رۆشتن بەبیروباوەڕێکی دیکە، شیعرەکە مۆرکی ئەو دەمەی پێوەیە، ماروت لەئەفسانە کۆنەکاندا هەیە، شیعری (بەبێ ئێوە) بۆ خۆشەویستەکانم بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە بەجێیانهێشتم، ئەو خۆشەویستیە لەدڵی مندا گەورەبوو، ئەوان بیروباوەڕێکی تریان هەڵبژارد، دوورکەوتنەوەو ئێمە ماینەوە، ئەوان ئێمەیان بەجێهێشت، بەڵام من هەرگیز نەمتوانی لەو بازنەی خۆشەویستیەدا بچمە دەرێ، بۆیە پێموتن:

**بەبێ ئێوە کز دەبم وەکو پووشی دارستان**
**دەبم بەشمشاڵی کۆن ناڵەم دەگاتە ئاسمان**

شیعر لەواقیعەوە سەرچاوە دەگرێت، هەر شعرێك لەواقیعەوە سەرچاوە نەگرێت ناچێتە دڵ، ئەو واقیعە هێندە کاری لەمنکردبوو ئەو



شیعرە کاردانەوەی من بوو بۆ ئەو واقیعە، واقیعێك بوو کە بەسەر مندا هات کە خۆشمی تیادا بەشداربووم، واقیعێك کە چارەنووسی منو هاوڕێکانمی دیاریدەکرد، چارەنوسێك کە لێك دابڕانێکی سەختی دا بە ئێمە، من لەو حاڵەتەدا نەمدەزانی چی دەڵێمو چی دەنووسم، پێش ئەوەی ئەم شیعرە بنووسم هارمۆنیو ریتمو مۆسیقای ئەو شیعرە خۆشەی بۆ هەڵەبجە نووسرابوو چووبووە دڵمەوە، شیعری(بە تەنیا جیم مەهێڵن) وەك هارمۆنیو ریتم کاریگەری ئەوی لەسەرە، زۆر گریام بەو شێوەی ئەو کاتەی کەبەجێیان هێشتم.

## پێشەنگ وەك ونبووەیەکی خۆشەویستی شەبەق

**سەبارەت بەگۆڤاری پیشەنگو کانوونی ئەدەبو هونەری کرێکاری لەشەبەقمان پرسی کە پێشەنگ چیببوو بۆتۆ، چۆن پێناسەی گۆڤاری پێشەنگ دەکەیت، ئایا پێشەنگ توانی ئەو خەڵوەتگە ئارامە بێت هەژانو هەڵچوونەکانو خەونەکانی تۆی تێدا سەوز ببێت، وتی:**

" پێش ئەوەی من بێمە ناو کۆمەڵەو کۆڕی ئەو ئەدیبە شۆڕشگێڕانە کە پێگەیەنەرانی کانوون بوون ئەوان کارەکەیان دەستپێکردبوو، هونەرمەندانو ئەدیبان لەزۆربەی شوێنەکانی کوردستانەوە هاتبوون لەشوێنێکدا کۆببوونەوە، هەستو فکرو ئارەزووەکانی خۆیان خستبووە سەریەك، وەختێك ئەوەم دی لەخۆشیاندا شاگەشکەبووم زۆرم پێخۆشبوو، وەکو ئەوەی کە

ونبووویەکی زۆر خۆشەویستی خۆم دیتبێتەوە، بوارەکەی خۆم دۆزیەوە بەتایبەت کە لەگەڵ ئەحمەد بازگریش پێشتر هاوڕێو ناسیاوبووین، ئەوەش زیاتر کاری تێکردم ئیتر لەگەڵ ئەوانەی کە لەپێشەنگدا پێشتر کاریاندەکرد ئاشنابووم، لەگەڵ ناسر حسامیو موسلیحی شێخ ئەلئیسلامی، (چاوە) یان فاتحی شێخ ئەلئیسلامی لەگەڵ زۆر دۆستو هاوڕێو خۆشەویستی تر وەکو کە ئەوانەی لەو بوارە کاریاندەکرد، هەر زۆر زوو ئاوێتەی ئەوەبووم کە کار بۆ پێشەنگ بکەم، بێجگە لەئەحمەد بازگر ئەوانی دیکە منیان نەدەناسی، بەڵام بەهۆی ئەو چیرۆکە فارسییەوە ئیتر من چوومە نێو کۆڕی ئەوانەوە، وردە وردە شتی دیکەم نووسی شیعری کورتم بۆناردن، یەکەمجار لەبیرمە شیعرم بۆ ناردن بڵاویان نەکردەوە، دوای ئەوەی هەر ئەو شیعرەی بڵاویان نەکردەوە بەپەلە گۆڤارێکی تر بڵاویانکردەوە، تادەهات زیاتر ئاوێتەی پێشەنگو کانوونو ئەو کۆڕە هونەرییەبووم، دیارە ئێمە هاموشۆمان هەبوو لەگەڵ ئەو هونەرمەندو ئەدیبانەی کە لە دەوروبەری یەکێتی بوون، شێرکۆ بێکەس ئەو دەم بەناوی جوامێرەوە شیعری بڵاودەکردەوە، هات بۆ ئۆردگاکانی ئێمە لە مالومەو گاپیلۆنو چۆخماخو ئەو شوێنانەی لێی بووین، دەهاتو شیعری بۆ دەخوێندینەوە، شیعری (بەیانی) نووسی بۆ ئێمەی خوێندەوە، ئەو شیعرەی بۆ دکتۆر جەعفەری نووسی بۆ ئێمەی خوێندەوە، ئەوانە هەموویان کاریگەری خۆیان لەسەر من بەجێهێشت، ئەو کات کەسێکی ئازادبوو، من پێشمەرگەبووم خۆم زۆر سەربەست دەدی هیچ چوارچێوەیەك نەبوو من ببەستێتەوە، ئازادبووم لەشاخ بووم لەگەڵ سروشت بووم، بەسروشت گەشتبووم کە گەورەترین



خۆشەویستی من بوو، پڕ بەدڵی خۆم دەمویست بنووسم، بەڵام ژیانی پێشمەرگانە زۆر جار بواری ئەوەی پێنەدەدایت.

## ئەو وێنەکێشەی بوو بەشاعیر

**لەدرێژی گفتوگۆکەماندا شەبەق بابەتێکی تری بیرکەوتەوە کە ئەویش کاری وێنەکێشان بووە لەمنداڵییدا، کاتێك لەشار بووە وێنەی کێشاوەو شیعری نەنووسیوە، بۆیە وتی:**

" باشتێکی دیکەت بۆ بگێڕمەوە کە لەسەرەتادا باسم نەکرد، کاتێك کە لە قوتابخانە بووم لە تەمەنی (١٤تا١٨) ساڵیدا زیاتر وێنەم کێشاوە، وەختێك دەستم لە شار بەربوو ئارەزووکانی خۆم هەڵگرتو هاتم بۆ شاخ مەودایەك بۆ وێنەکێشان نەمایەوە لەپێشمەرگایەتیدا، جێگایەك بۆ وێنەکێشان نەبوو ناچار ئەوەی لەدڵمدا بوو، دەبوایە بەشێوەیەکی دیکە خۆی دەربخات، ئەوەبوو وردە وردە وازم لە رەسم هێناو دەستمکرد بەشیعر نووسین شتێك لە جوودی مندا هەبوو، نەیدەویست بمێنێتەوە خولیایەکم هەبوو ئەو سەردەمە کە لە شاربووم کە لەئارامیدا بووم ئەو خولیایە بوو بە رەسم زیاتر، من کەچووم بۆ نەرویج لە وێ مامەوە زیاتر هۆگری رەسم بوومەوە، ئیستاتیکام خوێند، بەڵام پێشمەرگایەتی کە هیچ بوارێکی بۆ نەهێشتمەوەو ئەوکات خۆشم پێی دڵخۆشبووم، ئەو ئامۆژگاریەشم چووبووە گوێ کە من کوردی لەوێ فێردەبم لەو زانکۆیانە کە رەنگە هەرگیز ئۆتۆمبێلی بۆنەچووبێ لەنێو ئەو خەڵکەی کە

رەسەنترین دیالێکتی کوردیان هەیە، ئیتر ئەوە ژیانی منی نەخشاند، کە زیاتر رووبکەمە شیعرو زیاتر رووبکەمە پەخشان.

*** یادەوەریەکی خۆش یان ناخۆشی پێشەنگمان بۆ بگێرەوە؟**

– هەموو شتێکی پێشەنگ بۆ من خۆشبوو، وەکو چۆن کەسێك خەون بەوەوە دەبینێت کە کەی خۆشەویستەکەی دەبینێت منیش حەزمدەکرد زوو پێشەنگ دەربچێتو چاوم پێی بکەوێت، نەك لە بەرئەوەی شتی خۆمی تێدایە، هەستمدەکرد زۆر شتی خۆشی تێدایە، پێشەنگ زوو زوو دەرنەدەچوو بەداخیشەوە پێشەنگ هەتا دەهات ئەو هاوڕێو خۆشەویستانەی کە لەدەوری پێشەنگ بوون بڵاودەبوون، شۆڕش بڵاویدەکردین، شەهیدبوون، گیان بەختکردن، چوون بۆ دەرەوە، هەموو ئەوانە کاریگەری لەسەردانا، من وەك پێشتر وتم لە پێکهەێنەرانی کانوونو ئەدەبی کرێکاریو پێشەنگ نەبووم، بەڵام دوایی چوومە ریزی ئەو کەسانەی کە لە دەستەی نووسەران بوون، دەتوانم بڵێم لەپێشەنگی ژمارە(١٣) وە من سەرنووسەری پێشەنگ بووم هەتا ژمارە(١٦) نەك هەر سەرنووسەری بووم، بەڵکو دەتوانم بڵێم تەنها من مامەوە کە هەموو کارەکانی پێشەنگم دەکرد، خۆم تایپمدەکرد خۆم مونتاجمدەکرد، وێنەم بۆ دەکێشاوەو شتم بۆ کۆدەکردەوە، لەکۆتاییدا دەمهێنا چاپیبکەین، چونکە لەدەورەیەکدا بەرپرسی چاپەمەنی کۆمەڵەش بووم، هەر لەوێ چاپمان دەکرد، تەنانەت لەبەشی فۆتۆگرافیشدا کارەکە هەر بۆخۆم دەمکرد، ئەو چوار ژمارەیەیی من کارم بۆ کرد دوایی لەئاخر ژمارەیدا هەستمکرد سەرکردایەتی ئەو دەمی



کۆمەڵە حەزینەدەکرد شت ئازادانە بڵاوبێتەوە، چونکە لە کوردستانی عێراقو ناوچەکە کەوتبووە کۆتو بەندێکەوە، ئێمەش سەر بزێو بووین، لەگەڵ خەڵك ئاشنابووین، قسەمان زیاتر لەوە هەبوو کە پێشتر هەبوو، بەرینایی بەرچاومان، روانگەمان زیاتر لەدەورەی پێشمەرگایەتی هەبوو، هەوڵماندا تائاستێك پێشەنگ سیاسیو سەردەمانەبکەینەوە، هۆشیاریەکی زیاتر لەوەی کە بۆ کۆمەڵە قبوڵدەکرا بڵاوبکەینەوە، لەدەورەیەکدا کۆمەڵە لای خەڵکی سلێمانی زۆر خۆشەویست بوو خەڵك هاتوچۆی دەکردین، بابەتیان بۆ دەناردین، یەکێك لەو خۆشەویستانە لە ساڵی(١٩٨٥)دا بووە ئاشنام (سارای فەقێ خدر) بوو، ئێستاش هەر دۆستایەتیمان ماوە، هەموو ئەوانە پێشەنگیان خۆشدەویست، بابەتیان بۆ پێشەنگ دەناردو پێشەنگ دەوڵەمەندتر دەبوو، رێبەرایەتی کۆمەڵە هەستیکرد لەچوارچێوەی ئیختیارو بیرەکانی ئەو دەچێتە دەرێ، بۆیە ئیتر چیدی یارمەتی پێشەنگی نەدا، ئێمەش دەسەڵاتێکی ماددی ئەوتۆمان نەبوو.

## شەبەق لەپێشەنگدا شیعر، چیرۆك، وەرگێڕانو پەخشانی دەنووسی

*** لەپێشەنگدا شیعرو چیرۆك پەخشانو وەرگێڕانت دەکرد لەیەك کاتدا شاعیرو چیرۆکنووسو وەرگێڕو پەخشان نووسیش بوو سەرەتا بابێینە سەر شیعر بەڕێزتان پێناسەی بۆ شیعر چییە؟**

– من شیعر بە وشە دانانێم من وەکو هێمن بیردەکەمەوە، پێموا نییە شیعر کۆنو نوێی هەبێت، پێموایە شیعر چاکو خراپی هەیە، شیعر ڕەنگدانەوەی هەستو شعوری ئینسانە کە دەبێت بەوشە دەکەوێتە بەرچاوی خەڵك هەر ئەندازەیەك ئەو شعورو ئەو هەستە ڕەسەنتر بێت، خۆرسکتر بێت، پاکتر بێت، چاکتر توانیبێتی لەنێو وشەکاندا جێی خۆیبکاتەوە، بەهەمان ئەندازە دەچێتە نێو خەڵك، دەچێتە سەر دڵی خەڵك، دەبێت بەگۆرانی باشترین شیعر، ئەو شیعرانەی کە لەناو خەڵکدا هەمیشە زیندوون، چونکە چوونە نێو دڵی خەڵکەوە دەبن بەگۆرانی خەڵك لەبیری ناچێتەوە، باشترین شیعر ئەو شیعرانەن کە هەمیشە لەناو خەڵکدا زیندوون، بەهەزاران شیعر دەنووسرێتو ڕۆژانە لەگۆڤارەکاندا بڵاودەکرێتەوە خەڵك چاوی لێدەکاو دەڕوات، بەڵام دەبینی شیعرێك وەکو بۆمبێك دەتەقێتەوە، زۆرجار دەڵێن شیعری بەرەنگاری کەم تەمەنە لەکوردستان وانییە، ڕەنگە لەوڵاتانی دیکەوابێ، من یەکێك لەو کەسانەی بووم کە زۆرترین شیعری بەرەنگاریم وتووە بەدەست خۆم نەبووە.

**– پێتوا نییە ئەگەر سەردەمێك بێتە پێشەوە بەتەواوەتی کوردستان ڕزگاری ببێتو ئازادو سەربەخۆبێت، کە هیچ کێشەیەکی سیاسی نەما ئیدی شیعری سیاسیش ئەو تاموچێژەی نامێنێت؟**

– خۆزگە هەزار خۆزگە، هەزار خۆزگەم ئەوەیە کە ئەو بارە زیادەی ئیمڕۆ خراوەتە سەرشانی شیعرو شاعیران لەکۆڵیان بێتەوە، بگەین بەو



دەورە کە شیعر بەوپەڕی ناسکی خۆیەوە تەنیا بۆ جوانیو بۆ خۆشەویستی خۆی تەرخانبکات.

*** پێتوانییە شیعر وەزیفەیە؟ دەبێت وەزیفەیەکی پێببەخشرێت؟**

– من وابیرناکەمەوە من شیعر وەکو کەرەستە نابینم، ناشیبینم کە وەزیفەیەکی دیاریکراوەو دەبێت هەبێت، بەس هەم شاعیر کە خۆی لەبارودۆخی تایبەتدا دەژی، بەتایبەت ئێمە وەکو نەتەوەی کورد بارودۆخەکەمان زۆر تایبەتە، بەتایبەتی لەم قۆناغەی ئێستادا، بتەوێت تۆ کردەوەیەك وەزیفەیەك کاردانەوەیەکت دەکەوێتە سەرشان، چونکە تۆ ئینسانی ئەو سەردەمەیت، تۆ لەنەتەوەی بندەستی، تۆ بەچاوی خۆت دەبینی کە خەڵك دەچەوسێتەوە، کەخەڵك ژیانی سەختە، کە هەموو مەوداکانی ژیانیان لێ بەرتەسککردۆتەوە، ئایا کە کەسێك خۆی بەشاعیر دەزانێتو خۆی بەشعوری بەخەبەر هاتووی ئەو خەڵکە دەزانێت، نابێت هەڵوێستێکی هەبێت؟ ئەی شاعیربوون، ئەی بەهەستبوون، ئەی هۆشیاربوون، بەخەبەربوون مانای چییە؟ پێموایە باشترین شاعیرانی کورد لەو قۆناغەدا هەر ئەو کەسانەی کە زۆرتر شیعری بەرەنگاریان وتووە، لەگەڵ ژانو برکو ئازارو خەونەکانی خەڵکی خۆیان بوون، دیارە ئەوە بەواتای کەمتەرخەمیو کەم بایەخدان نییە بەخۆشەویستی، یان بەجوانی پاك یان ڕووت بەو مانایەی کە بڵێین هیچ شتێکی دیکەی لەدەرەوە نەبووە، لەوڵاتێکی ئەسکەندەنافی بێت ئەو شتانە نەماوە، خەڵك ئەگەر شیعر بڵێت تەنها بۆ جوانی دەیڵێتو بۆ دڵی خۆی دەیڵێت، تەنها بۆ خۆشەویستەکەی دەیڵێت، بۆ ئەو

خۆشەویستەی دەیڵێت کە ئەمڕۆ خۆشیدەوێت، شیعر هیچ وەزیفەیەکی لەسەرشان نییە، مێژووی هونەرو ئەدەبیاتی نەرویجم خوێندۆتەوە کاتێك ئەوان خەریکی خۆ رزگارکردن بوون، کە لەلایەن ئەڵمانیەکانەوە لەلایەن بەرەی فاشیستەوە داگیردەکرێن، شیعری بەرەنگاری لەدایکدەبێت، شعوری شاعیران بەخۆ دەکەوێت، دەبنە دەمڕاستی خەڵکەکەیان، دەبنە ئەو رۆحە بەرەنگاریەی کە لەوشەکانیاندا، لەشیعرەکانیاندا خۆی نیشاندەداتو خەڵك دەیکاتە گۆرانیو سروود، لەهەموو ولاتێکی دنیا وابوو.

*** پێتوایە شیعر نووسینەوەی هەڵچوون و چرکەساتەکانی شێتی مرۆڤەکان بێت؟**

– ئەگەر چاکم لەبیرمابێت شاملوش قسەیەکی زۆر خۆشی هەیە دەڵێت:"هەموو شتی دنیاکەتان بێجگە لەخۆشەویستی شێتانەیە ئێوە نەبێت" ئەو قسەیە زۆر پڕ مانایە تەنها شیعر نییە فەلسەفەشە، من زۆرتر لەکاتی ناڕەحتیدا شیعرم وتووە لەکاتێکدا دڵم زۆر پڕبووە، ئەو کاتانەی کە دڵم زۆر پڕبووە وەك چۆن کەسێك بێ ویستی خۆی مەست دەبێت لەسەر خۆی نامێنێت من وام بەسەر هاتووە بەدەست خۆم نەبووە، لەوکاتەدا کە من شیعرێکم نووسیووە، نەمزانیوە چیدەکەم، لاموایە ئەوە باشترین کەشوهەواو بوارێکە بۆ لەدایکبوونی شیعرێك دەخولقێ، چونکە دەبێت تازە هەموو وجودتی بدەیتێ.



*** چی لای شەبەق شیعرە؟**

**– خۆشەویستی، جوانی، شێتی، بەرەنگاری هەموو ئەو واقیعانەی** دەوروبەر کە کاردەکاتە سەر ئینسان، کاردانەوەی ئەوانەو رەنگدانەوەی ئەوانە لەشعوری شاعیردا دەبێتە شیعر.

## شلێر وەك شوێنێك لەیادەوری شاعیردا

*** ئایا شوێن ئەو مەنزلگەیەیە کە شاعیر وابەستەدەکات بەخۆیەوە؟ شیعر وتن بۆ(شلێر) وەك ناوچەیەك چ مانایەك دەگەیەنێتو چ یادەورەیەکی لای شەبەق جێهێشتووە؟**

- ناوچەی شلێر، دۆڵو دەرەو شاخێکی بەرینە لەنێوان پێنجوێن تادەگاتە سنووری بانە، سەر بەکوردستانی گەرمێنە کە ئێوەی تیادا دەژین، زیاتر لە(٧٠) ئاواییو گوند لەو دەشتو دۆڵانەبوون، بەڵام دەوڵەتی بەعس هەموو ئەو ئاوەدانیانەی رووخاند، خەڵکەکەی راگواست و کانیەکانی چیمەنتۆکردن، بەرلەوەی من بێمە شۆڕشی پێشمەرگانەی رۆژهەڵات ساڵێك پێش ئەوە من هاتم بۆ پێشمەرگایەتی یەکێتی، گەرچی تازە فامم دەکردەوە، بەڵام هەستێك هانیدام، تازەش پێشمەرگایەتی یەکێتی پەیدابووە لەگەڵ برادەرێکی خۆم هەستام لەمهابادەوە بەپێ هاتم بۆ بانە، دوایی لەبانەوە بەپێ رێکەوتین هاتین بۆ پێنجوێن، کە لەبانەوە بێیتە پێنجوێن، دەبێت بەشلێردا بێیت، ئەوکات لەگەڵ شلێر

ئاشنابوومو چووە دڵمەوەو خۆشمویست هەستمکرد کە وڵاتی ئێمە چەندە خۆشو بەرینە! حەوت هەشت ساڵ زیاتر دوای ئەوە چوومەوە شلێر، ئەوسا بەمانگ مامەوە، جاری وابوو بەتاقی تەنیا من لەشلێر بووم، بەو شاخو کێوانەدا دەگەڕامو ئەو شوێنانەم دەدیت کەپێشتر خەڵکی لێبووە، زۆر ئێواران کە بەتەنیا ئاگرم دەکردەوە، دادەنیشتم بیرم لەوە دەکردەوە، کە خۆ ئێرە ئاودانی بووە، خۆ ئێرە خەڵکی لێبووە، خۆ ئێرە وەکو گوندەکەی ئێمە پڕ لەدەنگی مەڕو ماڵاتو سەگو مریشكو جووجکەو منداڵی بچکۆلەو گەورەو ئەو قەرەباڵغیانەی لەگوندەکەی خۆمان بوو بەبیرم دەهاتەوە، ئەوانە زۆر کاریاندەکردە سەر هەستو دەروونی من، رۆژێك کە زۆر بەتەنیابووم، شلێر بێدەنگ بێدەنگ بوو، بەشێکیشی لەگۆشەی ئەو لاوە دەمدی کە خەریکبوون دارستانەکەیان دەسوتانو زۆرجار سەرباقی ئەوەی کە رژێمی بەعس رایاندەگواستن، لادێکانیشی دەسوتاند و کانیەکانیان چیمەنتۆکردبوو، ئەوجا تۆپیان دەهاویشت، ئەو تۆپانەی کە دەیتوانی دارستانەکە بسوتێنێ، ئەگەر هەموو شیعرەکەت لابێت بیردەکەیتەوە چەند چۆڵ بوونی ئەو دەشتە خۆشەو راگواستنی خەڵکەکەیو تەنیاییەك کە من لەوێ دیومەوە، ئازارێك کە چێژاومە، چەند رەنگی داوەتەوە لەو شیعرەدا، بەڵام کەم کەس ئەو شیعرەی دیوە، بەڵام من زۆر خۆشحاڵم کە تۆ ئەو شیعرەت دیووە.



## شەبەق لەگەڕانەوەی بۆ کوردستان

## سەگەپیرە بەرەڵاکان دەیهەژێنن

**× "پلێک گۆشتی رانی دزی**
**زۆر لەمێژووبوو هەتیوی باوک نەدیو**
**بۆ گۆشت دەنوزاوە**
**کەس فرمێسکی بۆنە دەسڕی"**

**ئەم کۆپلەیە لەپارچە شیعری (خەڵکی ماقوڵ)دا هەیە، دەتەوێت باس لەنەهامەتیەکانی چینی چەوساوەو هەژاران بکەیتو ئەو ناعەدالەتیە کۆمەڵایەتیەی کە لە کۆمەڵگادا هەیە؟ باکگراوندی پشت ئەو شیعرە چییە؟**

– ئەو شیعرەم لەسلێمانی نووسیووە، من لەدەروونی خۆمدا حاڵو هەوایەکی پێشمەرگانەم نەبوو، راستە چەکم هەڵگرتبوو، بەشاخەوە بووم و لەڕیزی پێشمەرگایەتیدا بووم، لەشەڕدا بەشداربووم، بەڵام ئەوەی منی بەخۆیەوە خەریکدەکرد ژیانی خەڵك بوو، هەڵسوکەوتی خەڵك بوو، من زۆرتر لەوە دەگەڕام من هەمیشە دەمڕوانی، نەمدەتوانی نەڕوانمو چاوم ببەستم، نەمدەتوانی بەسەر شتێکدا تێپەڕم، هەر ئەمساڵ کە لەهەولێرەوە بەرەو ئێرە هاتمەوە شتێك کە زۆر سەرنجی راکێشام کۆمەڵێکی زۆر سەگی پیری بەرەڵابوو کزەم لەجەرگی هات، راستە خەڵکی ئێستا هەژارە، لێرە زۆر بەچاکی دەتوانی جیاوازی چینایەتی ببینی، فەقیریو دەوڵەمەندی بەتەواوی دروستبووە، ئەوەی ئەو دەم

ئێمە شەڕمان بۆ دەکرد زۆر دیارنەبوو، ئێستا زۆر بەچاکی لەناو کۆمەڵگەی هەولێرو سلێمانی دەیبینی، کە ئەو سەگانەم دیت کە بەپیری‌و بێ دەسەڵاتی بەرەڵاکرابوون، کتێبەکەی سادقی هیدایەتم وەبیرهاتەوە بەناوی (سەگی وێڵگەرد) سەگی سەرگەردان مەبەستی لەسەگی سەرگەردان مەبەستی بنیادەم بوو، لەکۆمەڵگەی سەرمایەداریدا کرێکارێك کە پیردەبێت کە دەردەکرێن لەسەرکار، کە مەئوایەکی نییە، کە وردە وردە دەڕوات بەبیابانێکدا هەتا ئەوجار داڵ لەسەری دەسوڕێنەوەو دەزانن پیربووەو کەنەفت بووەو تاقەتی نامەوە، چاوڕێن چاوی لەسەر یەك دانێ‌و بیخۆن، سادقی هیدایەت کە من بەفەیلەسوفێکی دەزانم ئەو سەردەم کۆمەڵناسەیەکی زۆر قوڵو بەرینی هەبووە لەو کۆمەڵگەیەی کەخۆی تیادا ژیاوە، چارەنووسی سەگێکی سەرگەردان بۆ ئەو چارەنووسی کرێکارێکی بێ دەسەڵاتو بێ کارکراوە، من ئەم دووانەم وەك یەك وەبیرهاتەوە کە وەختێ هاتمەوە کوردستان ئەو شیعرەی بۆ دەیڵێت بیرم نەماوە، بەڵام ئەزانم فکرەکەی باسی چیدەکات.

## شەبەق شیعر بۆ منداڵانی ئەفریقا دەڵێت

*** شەبەق بۆ شیعر بۆ منداڵانی ئەفریقا دەڵێت ئایا هەستە مرۆڤانەکەی پاڵنەربووە یان وەك بەراوردێك لەنێوان منداڵانی کوردو ئەفریقادا ئەمەتوتووە؟**



– دیارە من نەچوومەتە ئەفریقا، بەڵام ژیانی خەڵکی ئەفریقا رەنگدانەوەی زۆری لەگۆڤارو رۆژنامەو تەلەفزیۆنەکاندا هەبووە، لەناو ئەدەبیاتی کۆمەڵەشدا ژیانی خەڵکی ئەفریقا رەنگدانەوەی هەبووە، من زۆر قەرزداری منداڵانم، هەمیشە لەدەروونو ناخی خۆمدا خۆم سەرکۆنەکردووە کە شیعرم بۆ منداڵ نەگوتووە، بەوجۆرەی کە دەبێت ئاوڕم لەمنداڵ نەداوەتەوە، چونکە هەتا ئەو دەم من منداڵم بووە ئێستا کە منداڵم هەیە زیاتر هەست بە دنیای منداڵی دەکەم، دنیای منداڵی زۆر تایبەتە، جابۆیە من هیوادارم بتوانم رۆژێك ئەو قەرزداریەی خۆم جوبران بکەمەوە، دنیای منداڵ پاکترینو خۆشترین دنیایە. لەسەردەمی پێشمەرگەییدا، پێشمەرگە چوونە سەرکانی‌و چوونە سەربانو راوەستاون چاویان لەخەڵك کردووە، من یان لای دایەپیرەکان بووم یان لای منداڵەکان.

## شەبەق کەیفی بەوەرزی بەهار دێت

*** وەرزی بەهار لەدەقەکانتدا زۆر باسکراوە بۆچی؟ زیاتر بەهار بەهیوایەك دەبینی رۆژێك دێت کورد بەهاری سەربەخۆیی ببینێت؟**

– هیوادارم بتوانم پێناسەیەکی دەروونی خۆم بکەم بۆچی ئاوا بەهار تایبەتە، من سەرشێت بووم، من زۆر یاخیبووم لەماڵی خۆمان لەناو هاوڕێکانم، لەپێشمەرگایەتیدا یاخیگەریەکی تایبەت بەخۆم هەبوو، من ئەو یاخیبوونە ئەو نوێبوونەوەیەی بەردەوام لەبەهاریشدا دەبینم، بەهار ژیانەوەیە، دووپاتبوونەوەیە، نوێبوونەوەیە بەبەردەوامی

سەوزبوونەوەو رواندنەوە سەرلەنوێ، بەهار زۆر گەشە، گوڵەکان لەبەهاردا دەپشکوێن، دەنگە خۆشەکان لەبەهاردا دەبیستی، بۆنە خۆشەکان لەبەهارەوە دێن، لەمێژووی کوردیشدا تۆ تەماشادەکەیت بەهار تایبەتمەندیەکی هەیە، راپەرینەکانمان زۆربەی لەبەهاردان، وای لێهاتووە کە هەموو ساڵێ بەهار دێت دەڵێی خوێنی خەڵکی کورد دەکولێت لەبەهاردا، خۆمن هەروانیم خۆ منیش یەکێکم لەو خەڵکە، خەڵك دێتەدەرێ دەیەوێت ئەوەی لەدەروونیدایە بیخاتەدەرێ، جابەکردەوە بێت یان بەقسەبێت، بەهار سەری ساڵی کوردییە، نەورۆز خەریکە دەبێتە جەژنی نەتەوەیی ئێمە، ئەو شیعرە خۆشەی پیرەمێردیش زۆرکاریتێکردووم.

# کاوە تاج بەخشبوو یان تاج فرۆش

*** باش بوو باسی نەورۆزتکرد، بابێینە سەر لایەنە مێژووییەکە بەدەر لەشیعر، بەرێزتان تاچەند بڕوات بەو ئەفسانەیە هەیە کە فیردەوسی لەشانامەکەیدا نووسیوویەتی‌و کاوە سەری زوحاکی پانکردۆتەوە؟ بەڕای تۆ کاوە خەباتکەری بە وەفای کورد بوو یان خیانەتکار؟**

– دیارە ئەو شتەی فێردۆسی لەشانامەدا نووسیویەتی ئەوەی لەمێژوودا هەبووەو ئەوەشی کە شاملو لەسەر ئەو مێژووە نووسیوویەتی، کاتی خۆی ناسری حسامی شتێکی لەسەر ئەوە بڵاوکردەوە، ئەوانەم خوێندۆتەوەو دیتووە، من نەمتوانی لەنووسینەکەی شاملودا ئاڵوگۆڕێك لەبیرو مێشکی



خۆمدا پێکبهێنم‌و باوەڕ بە ئەوە بکەم کاوە پیاوێکی خراپ بووەو زوحاك پیاوێکی باشبووە.

*** تۆ لەوبڕوایە دایت کاوە تاج بەخشبووبێت یان تاج فرۆش؟**

– من پێمخۆشە هەر ئاوها بمێنێتەوە ئەو خەونمان لێ تێکنەدات، کاوە رزگاریکەربووە، ئازادیخواز بووە کۆکەرەوەی هەموو ئەو کوڕە ئازایانەی بووە کە لە بەردەستی زوحاك رزگاریکردوون.

*** گومانمان لەوەنییە، بەس بۆ کاتێك تاجەکەی لەسەری زوحاك داگرت پێشکەشی کوردێکی نەکرد بەبڕوای من گەورەترین دەوڵەتی کوردی لەسەردەستی کاوەدا لەناوچووە !**

– رەنگە تۆ خوێندنەوەت لەمن وردترو زیاتر بێت لەو بارەیەوە، من زۆر وردنەبوومەتەوە، نەمویستووە ئەو خەونەی خۆم ئاڵۆز بکەم، کە کاوە ئینسانێکی رزگاریخوازو ئازادیخوازبووە لەو سەردەمەی خۆیدا، چیرۆکی کاوە لەدەوروبەری مهاباد، دەوروبەری شارەکەی من ئاسەواری (شار وێران) ئێستاش هەر ماوە، بەڵام لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆی لێنەکراوە، ئەوەی کاوە ئەو کارەیکردووە خۆ یەکەمجار نییە کە کورد گیانی خۆی پێشکەش بەخەڵکی دیکە دەکات، سەلاحەدینیش هەروایکردووە، وەختی خۆی کە ماددەکان یەکەم دەوڵەتی کوردیان پێکهێناوە، لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستەوە تادەگاتە، ئەو وڵاتەی کە پێیدەڵێن ئێران هەر زۆر زوو فارسەکانیان هێناوەتە ناو بارەگاکانی خۆیان.

*** ئەگەر ئەو ئەفسانەیە هاوتەریبی بکەیت بەواقع زوحاک ئاخر پاشای مادبووە واتە ئستیاجس بووە؟**

– دیارە من مێژووم زۆر خوێندۆتەوە، بەڵام رەنگە نەتوانم خۆم رازیبکەم بەوە کە وەڵامی ئەو پرسیارەبدەمەوە.

*** من ئەو پرسیارەم لەزۆر کەسی تر کردووە، کەس دڵی نایەت ئەو خەونە یان یۆتۆپیا تێکبدات، هەموو بەخەونێکی خۆش دەزانێت؟**

– شاملو قسەیەکی خۆشی هەیە دەڵێت: "کاتێک کە خەڵك وشەیەکی بەهەڵە بەکارهێنا، یەکەمجار تا وشەکە بڵاونەبووەوە، دەتوانی پێشی پێبگری ئەو وشەیە راستبکەیتەوە، بەڵام کاتێك زیاتر لەیەك ملیۆن ئینسان وشەیەکیان بەهەڵە بەکارهێنا تازە ئەو وشەیە جێی خۆی دەگرێت" ئەمە بۆ ئەو مێژووەش هەر راستە، تازە تۆ ناتوانی ئەوە لەخەڵك بسێنیەوە، چونکە خۆ راهێنانی تێدایە، فێربوونی تێدایە، خۆسازکردنەوەی بۆ داهاتووی تێدایە، لەچیرۆکی حەزرەتی ئیبراهیمدا، دەڵێن ئیبراهیمیان گرتو لەسەر ئەو باوەڕەی کەبتەکانی شکاندبوو، ئاگریان بۆکردەوە خستیانە ناو ئاگر، بەس ئەفسانەکان پێماندەڵێن ئیبراهیم نەسوتا، ئیبراهیم چوو بۆ ئاسمانەکان، خەڵك پێخۆش نەبوو ئیبرایم بسووتێ، چونکە خۆشیان دەویست، بۆیە ئەو ئەفسانەیەیان بۆ دروستکرد کە ئیبراهیم ناسوتێ، یان عیسا کە لەخاچدرا لەسەر باوەڕەکانی خۆی، بەس خەڵك ئەو ئەفسانەیەی دروستکرد کەعیسا ژیاوەو سەر لەنوێ ژیانی بەبەردا هاتەوە، ئەو



ئەفسانەیە لەخەڵك بستێنەوە خەڵك دەروخێت هیواکانی هەرس دێنێت، ئەوە تاوانێکی گەورەیە کە بمانەوێت دەست بۆ ئەوە بەرین.

*** بەس تاکەی ئێمە خەونەکانمان لەسەر یۆتۆپیا بنیادبنێین؟**

– یۆتۆپیا یارمەتیمان دەدات، یۆتۆپیا مەحاڵمان بۆ دەکات بەواقع ، یۆتۆپیا دەتوانێت کاری کارستان بکات، کارێ کە بەهیچ کەس ناکرێت دەتوانێت بەکەسێکی زۆر سادە بیکات، هەر یۆتۆپیا دەبێتە واقع، پێشتر مرۆڤ خەونی بەفڕینەوە بینیوە، جادوای ئەوە توانیویەتی بەئاسماندا بفڕێ، خەونی دیووە کە بن دەریاکان چی تێدایە نازانم چیرۆکەکانی (ژۆڵڤرن)ت خوێندۆتەوە؟ نووسەرێکی فەرەنساوییە، ژۆڵڤیرن قەد لەژیانیدا نەگەڕاوە، بەڵام سەفەری بۆ سەر مانگی هەیە، سەفەر بۆ ناو دەریای هەیە، سەفەرێکی بەدەوری زەویدا هەیە، خەونەکانی خۆی دەڕوات بەدەوری زەویداو خەڵکت پێ دەناسێنێت، لەگەڵ خەونەکانی خۆی دەچێتە بن دەریاو دەریان پێدەناسێنێت، ئامێری جۆراوجۆر دەناسێنێت، لەکاتێکدا شۆڕش پیشەسازی دەستپێدەکات لەئەوروپا لەسەدەی(١٧)، ئەو دەمە کۆمەڵگەی بەشەری دەتوانێت ئەو خەونانەی ژۆڵڤیرین بەدیبهێنێتو ئەو شتانە دروستبکات، یەك کاری خراپ کە ئەدەبیاتی سۆسیالیست کردی کە خەونی پاککردەوە، زۆرتر هەوڵیدا کە واقیع نیشانبدات، رەخنە لەواقع بگرێت کە پێدەڵێن سۆسیالستی رەخنەگرانە، یۆتۆپی لەسیاسەتدا لەگەڵ یۆتۆپی لەدەروونی ئینساندا جیاوازی زۆرە، (لەنگستی هیوز) شاعیرێکی

رەشپێستی ئەمریکایە پێماندەڵێت: "خەونەکانت لەدەست مەدە، ئەگەر بێتو خەونەکانت لەدەست بدەیت، هیچ شتێکت نابێت بۆی بژی".

*** کەواتە ئێمەش بەو شێوەیە لە کاوە بڕوانین؟**

– من پێموایە ئەو شانازی و سەرکەوتنەی لێی نەسێنینەوە ئەو ئازایەتیەی کە بەجوانی لێهاتۆتەوە خەڵکیش ئەو خولیایەی کە چۆتە دڵی دەبینی لاوێکی شۆڕشگێڕ گوێ لەو چیرۆکە دەگرێت، پێیخۆشە خۆی تیادا دەبینێتەوە، هەستی شۆڕشگێڕیو بەرەنگاری تیا زیاتر دەبێت، هەستی ئازادیخوازی تیادا زیاتر دەبێت، مادام ئەو چیرۆکەو ئەو ئەفسانەیە فێری ئازادیخوازیمان دەکات، غەدرە ئەگەر لەمێشکی خەڵکدا بیشۆینەوە.

## شەبەق: شیعر زیاتر لەهەر شۆڕشو شۆڕشگێڕێك خزمەتی بەکورد کردووە

*** هەرچەندە لەبوارەکەی خۆمان دوورکەوتینەوە کە شیعرو ئەدەب بوو، بابێینەوە لای شیعر، بابزانین تاچەند خزمەتی بەنەتەوەی کورد کردووە؟**

– زیاتر لەدەساڵە بەوە گەیشتووم کە وشە، شیعرو گۆرانی زیاتر لەهەر شۆڕشگێڕێكو هەر شۆڕشێك خزمەتیان بەنەتەوەیی کورد



کردووە، شیعر رابردووی ئێمەی پاراستووە، بواریان رەخساندووە بۆ لێکۆڵینەوە لەو رابردووەی کە بوومانە، ئەگەر (توحفەی مزەفەریە) چاولێبکەیت کە هێمن کۆیکردۆتەوە، ئۆسکارمان نووسیوویەتی گەڕیدەیەك بووە کە هاتۆتە شاری مهابادو کابرایەکی بەناوی(حەمەی بەیتان) دیوەو، ئەو بەیتانەی بۆ وتووە ئەو لەسەر گرامەفۆن تۆماریکردووە، وەختی خۆی قاسملۆ لە مۆزەخانەی بەرلین ئەو گرامافۆنە دەدۆزێتەوەو نوسخەیەکی دەدات بە هێمن کە سەرلەنوێ دایدەرێژێتەوەو دەینووسێتەوە، ئۆسکارمان وەك مێژووناسێك دوای دنیای خۆی کەوتووە کە لێکۆڵینەوە دەکات، بۆنموونە چیرۆکی زەمبیل فرۆشی لێکدەداتەوە بیر لەو کەرەسانە دەکاتەوە کە ئەو دەم کورد بەکاریهێناوە بیر لەو چەکانە دەکاتەوەکە شەڕی پێکردووە، بیر لەو کەلتورەو هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتیە دەکاتەوە کە ئەو دەم بووە، لەوە دەکولێتەوە کە ژنسالاری لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بوونی هەبووە، زمانەکەمان بەشی زۆری شیعرو بەیتو باوەو لەوەدا زۆر دەوڵەمەندین تەنها لەفەرهەنگی کوردا قسەی نەستەق زۆرە، شیعر زیاتر لەهەر تۆبخانەیەك، زیاتر لەهەر شۆڕشگێڕێك، زیاتر لەهەر شۆڕشێك خزمەتی بەکورد کردووە تائەمڕۆ.

## شەبەق چیرۆکو پەخشانیش دەنووسێت

*** وەك گۆران دەڵێت: "ئەو خەیاڵەی پێی مەستم**
**بۆم ناخرێتە چوارچێوەی هەڵبەستم"**

**شەبەقیش رەنگە لەو روانگەیەی کە هەندێ خەیاڵ مەستی کردبێت، بەڵام نەیتوانیبێت لەچوارچێوەی شیعرێکدا دایبڕێژێت ئایا ئەو خەیاڵاتانەی هەندێجار هەتبووە نەتتوانیوە بیخەیتە قاڵبی شیعرەوە، بۆیە لەقاڵبی پەخشان یان چیرۆکدا دەرتبڕیوە؟**

– رەنگە هەر من وانەبم، پێموایە زۆر لەشاعیران یان هونەرمەندا هەروان، جاری وایە لەگەڵ واقعێك رووبەڕوو دەبن، پێموایە ئەو واقیعە گەورەترە لەوەی بچێتە چوارچێوەی شیعرەوە، پەخشان مەودایەکی گەورەترە لەشیعر، بیرمە کە یەکەمجار کەسێکم خۆشویست نەمتوانی شیعری بۆ بنووسم، نەمتوانی نامەشی بۆ بنووسمو دوو قسەشی لەگەڵ بکەم بەس پەخشانێکم بۆ نووسی.

*** لەچیدا بڵاوتکردەوە؟**

– لە هیچ شوێنێك، ئێستا دوورە!

***لەکوێیە!؟**

– ئەو پەخشانە لای خوشکێکمە لەمهاباد بڵاوم نەکردۆتەوە.

*** دەقێکی ئەدەبیت هەیە بەناو سێ وێنە، پێکهاتووە لەبەهار، زیندان، گوڵدان، لەیەك کاتدا چیرۆك ئامێزەو پەخشان ئامێزیشە، کامیانە؟**



– پەخشانە، بەڵام بۆنی چیرۆکی لێدێت، وێنەی بەهارە کە خوێندکارێکی کچ لەناو پۆلدا دارشتنێك دەخوێنێتەوە لەبارەی بەهارەوە، دەڵێت: بەهار دەبێت چاوەکانی شین بێت وەکو شیرکۆی برام، بزەی هەمیشە لەسەر لێوەبێت وەکو سەوزی فرۆشەکەی ئەو بەر شەقام، دەبێت پرچەکانی زەردبن وەکو پرچەکانی پورە کوبرام، بەڵام بەهار وەکو شیرکۆی برام پڕیشکی خۆمپارەی بەرنەکەوتووە، وەکو سەوزی فرۆشەکەی ئەو بەرشەقام، رەنجی فەقیریو هەژاری کۆمی نەکردووە، وەکو پورە کوبرام دەستی وەبەر پارچەی چنین نەکەوتووە. لێرەدا دوو شتی دژ بەیەك دەبینی رەشو سپی، ناحەزو جوان کە ئەو دژیاتیە کە من بیری لێدەکەمەوە، من ئەو ئازارانەم دیوە بەچاوی خۆم، دوور لەیەکتر، بەڵام لێرەدا کۆمەکردۆتەوە بۆتە پەخشانە شیعر کە وەختی خۆی نەمتوانیوە بیکەمە شیعر دیارە ئەوانە بۆ من گەورەتربوون لەشیعر، سەرەنجام خۆیان لەوێدا بینوەتەوە، لە(گوڵدان)دا ویستومە وێنەی جوانی دنیای منداڵ بنەخشێنم کە منداڵ چ دنیایەکی جوانی هەیە، دنیایەکی پاکو مەعسومی هەیە، ئەو دنیایە بەبێدەنگی بەجوانیەکەی خۆیەوە بانگمان دەکات کە ئێمەش وەکو ئەوان بین، خۆزگە ئێمە لەمنداڵان شت فێربووینایە.

*** چیرۆکە پەخشانی گوڵدانت لەچ سەردەمێكو چ کاتێکدا نووسی، چی پاڵی پێوەنایت ئەو جوانیەمان بەمجۆرە بۆ بەیان بکەیت؟**

– دیارە گوڵدانم درەنگ نووسیووە، بەڵام رووداوەکەیم زووتر بینیووە، ساڵی(١٩٨١) ئەوەم دیوە لەشارەکەی خۆمان، مهاباد ماوەی یەك مانگ بەر

تۆپخانە کەوت، ئێمە لەناوشاردا بووین وەك خەڵك، بەڵام دەوڵەت بەتۆپ لەشارەکەی دەدا، بەتۆپی تانگ لە کوچەو لەکۆڵانەکان لەخەڵکیان دەدا، بەچاوی خۆم دیومە کە دوو منداڵ قاوانە فیشەکی گەورەیان هێناوەتەوە، پێیان هەڵنەگیراوە داوای یارمەتیان لەخەڵکی دیکەش کردووە، لێیان پرسیون چی لێدەکەن وتویانە دەیکەینە گوڵدان، دیکتاتۆرێك ئەوە وەك کەرەستەی شەڕ بەکاردەهێنێت بۆ کوشتن‌و وێرانکردن، بەڵام منداڵ بەدنیای خۆیەوە تێمان دەگەیەنێت کە دەکرێت ئەوە ئینجانەیەك بێت بۆ گوڵێکی جوان، بۆیە دەڵێم خۆزگە ئێمە لەمنداڵەوە شت فێربووینایە.

*** ئەی باکگراوندی پشت کورتە چیرۆکی مامەی نەفتین چییە؟**

– مامەی نەفتین خەڵکی گەڕەك‌و کوچەی ئێمە بوو، بەمنداڵی زۆرجار دیتومە هەستم بۆی بزاوە وەکو منداڵێك دیومە لەناو بەفرو سەغڵەت‌و نارەحەتیدا کە چۆن ئەو چەلەنگە نەوتانە هەڵدەگرێت‌و بەچەند رەنج‌و زەحمەتێك کاردەکات، دیومە کە منداڵ لێی ترساوە، ئەوەندە رەنجی کاری تاقەت پڕوکێن بەڕوویەوە دیاربوو، کە دەموچاوی ئاڵۆسکاوە، لەحاڵەتێکدا دڵێکی گەورەو پاك‌و جوان‌و بەرینی هەبووە.

*** وەك تەکنیك‌و ناوەڕۆك کاریگەری چ چیرۆکنووسێکی ئەو سەردەمەت لەسەربووە؟**

– زۆرتر دەتوانم بڵێم مەکسیم گۆرگی، دەتوانم بڵێم هەموو شتەکانیم خوێندۆتەوە، زۆر شەیدای مەکسم گورگی بووم، ئێستاش هەوڵدەدەم چیرۆکی کورتی مەکسیم گۆرگی پەیدابکەم‌و بیکەم بەکوردی، خوێندنەوەی ئەو



چیرۆکانە ئەو مەودایەی بۆ خوڵقاندم کە بیر لەواقیع بکەمەوە، واقیع لەهەموو شتێك گەورەترە، ئەگەر ئینسان بتوانێت وەکو خۆی بینەخشێنێتەوە، دیارە مەبەستم بەهەستی خۆی، چونکە ناتوانیت واقیع وەکو خۆی دروستبکەیتەوە هەمیشە هەستی خۆتی تێکەڵ دەکەیت، چەند لەواقیع نزیك بینەوە ئەوەندە لەشاکار نزیکدەبینەوە.

*** بەپێی ئەو چەند ساڵەی لەوڵاتی نەرویج دەژیت تاچەند ئاگاداری ئەدەبیاتی نەرویجیت، ئایا هیچ کاریگەریەکی لەسەرت بەجێهێشتووە؟**

– نەرویج دوو کەڵەنووسەریان هەیە کە لەمێژوودا زۆر بەناوبانگن، یەکێکیان لەبەرئەوەی زمانی نەرویجی دەوڵەمەندکردووە بەناوی(کلنت هامنسۆن) لەژیانی خۆیدا دەبێتە فاشست، دەبێتە دۆستی هیتلەر بەو حاڵەشەوە خەڵك بەئەمەك بووە دەرهەقی، شتی خۆشی نووسیووە هێندە زمانەکەیانی دەوڵەمەندکردووە ئەوان ناتوانن حاشای لێبکەن، لەباوەشی خۆیاندا وەکو نووسەرێکی گەورە پاراستویانە.

یەکێکی تر لەو نووسەرانە دەتوانم بڵێم نەك هەربۆ نەرویج، بەڵکو بۆ دنیا گرنگە، هنریك ئەپسنە، بەشکسپیری ئەسکەندنافیاو نەرویج ناسراوە، ئەپسن پێش شەڕی یەکەمی جیهانی ژیاوە، شەڕی جیهانی نەدیووە، دنیای نوێ‌و سەدەی بیستەمی بەچاوی خۆی نەدیووە، مۆدێرنەو فێمێنیزمی نەدیوە، دنیای پێشکەوتوو خەباتی ژنانی نەدیوە، پێش ئەوەی خەڵك هۆشیاربنەوە هەستی بەژن کردووە، چیرۆکێکی هەیە ئەو چیرۆکەی وا ئەپسنی بەناوبانگکرد، لەو چیرۆکەدا وەك نووسەرێك قسەناکات وەك فەیلەسوفێك قسەدەکات، لەو رۆژەوە یاخیبوونی ژن لەو چیرۆکەدا لەلایەن ئەپسنەوە دەستپێدەکات،

سەبارەت بەكاریگەریش من كۆمەڵێك چیرۆكی نـەرویجیم دانـاوە، وەریانگێڕمـە سەر زمانی كوردی.

*** بەو پێیەی رشتەی ئیستاتیكات لەكەلتوردا خوێندووە، تاچەند كەلتوری كوردی خاوەنی ئێستاتیكایە؟**

– كلتوری كوردی زۆری تێدایە، ئێمە رۆژهەڵاتمان هەیـە هـیچ حەقیقـەتێك لەرۆژگەورەترنییە، ئێمە لێرە رەنگەكان بەجوانی دەبینین لەئەسكەندنافیا ئەو رەنگانە وانابینی، خەڵك فێری رەنگی چڵكن بووە، یەكێك لەو رەخنانەی كە من لە هونەرمەنـدانی ئـەوێ هـەم بـوو وەكـو ئەنـدام لـەكانوونی وێنەكێشـانی ئـەو شارانەدا هەم بوو، هەموویان رەنگی خۆڵەمێشیو رەنگی شینی تۆخو رەنگێكی بنەوشەی تێكەڵ بەرەش بەكاردەهێنن، ئەوانە رەنگی قورسن رەنگـی خـەمن، رەنگی تەماوین، دەیانوت ئەو رەنگانە زۆر جوانە، چونكە ئێمە هەر ئەو رەنگانە دەبینین، دواتر بۆم دەركـەوت ئـەوان وەك ئێمـە رۆژیـان وەكـو حەقیقـەتێكی گەورە نەدیووە، كارتێكردنی ئەو ئاوهەوایە كە تیایدا گەورەبوون، رەنگدانەوەی كارەكانیانە، وەختێك من وێنەیەكم دەكێشا لەناو سەد تابلۆی تردا دیاربوو.

## ئەو شاعیرەی بووە بەوێنەكێش

**شەبەق كاتێك لەوڵاتی ئاوارەییو غەریبی جۆرێك لـەئارامیو نیشـتەجێی بەخۆیەوە دیت دەستیدایەوە وێنەكێشان وەكو خۆی دەڵێت:**



" ئێتر كە هەستم بەئاسایش كردو زانیم ئیتر ئەوە ماڵێكو جێگاو رێگایـەك هەیە، زیاتر لەوەی ئاوڕیدەوە لەشیعر، ئاوڕمدایـەوە لەوێنەكێشـان، لەنـەرویج لەچوار پێنج پێشانگادا بەشداریمكردووە، پێشـانگایەكم لەشـارەكەی خۆمـان لەكتێبخانەی گشتی كردەوە كە لەماوەی مانگێكدا زیاتر لـە(٦٠) هـەزار كـەس سـەردانیكرد، دەفتـەرێكم دانـابوو بـەزمانی فارسـیو كـوردی و عـەرەبی و نەرویجی، ئەو دەفتەرم هـەڵگرتووە، وەك یادگاریـەكی جـوان، سـێ پێشـانگام بەتـەنیا كردۆتـەوە، لەسـێ پێشـانگای هاوبەشـدا لەگـەڵ خـەڵكی تـر بەشداریمكردووە، تابلۆیەكم كێشا لەزانكۆی خۆمـان لـەناو پـەنجا خوێنـدكاردا دیارە ئەوان مامۆستای قوتابخانەش بوون، هەمووشیان نەرویجی بوون، بێجگە لـەمنو كـوڕێكی چـینیو كچـێكی ڤێتنـامی لـەناو ئەوانـدا مـن یەكـەم بـووم لەسـاڵی(٢٠٠٦)دا، دیـارە ئـەوان زۆر لـەمن بـەتواناتر بـوون، چـونكە كـەلتورو مێژووی وڵاتەكەی خۆیان دەناسی، من كارێكم كردبوو یەكێك لەمامۆستاكانمان زۆر سوپاسیكردم وتی:"تۆ پۆلەكەی ئێمەت بردە، ئاستێكی دیكە" من كارێكم كردبوو بەبێ ئاگایی خۆم نزیكبوو لەكاری وێنەكێشی ناوداری نەرویجی ئیدوارد مونگ، لەنزیك ئەو شارەی كە من لێیدەژیم ماڵەكەی بۆتـە مۆزەخانـە، ئیـدوارد مونگ لەگەڵ دوو كەڵەنووسەری ئەوروپای بۆ خۆیان رێبازێكیان دانـا، ئـەو دوو كەسـە یـەكێكیان (ونسـتۆن وانگـۆگ) یـەكێكیان(گوگن)ە ئـەو سـێ كەسـە لەڕاستییدا كۆتاییان هێنا بە هەموو رەوتە كلاسیكیە كۆنەكان، رەوتێكی تازەی گرنگیان لەوێنە كێشان لەدنیادا دانا، لـەدەرەوە پێیـدەڵێن ئـیكس برۆشـۆنیزم واتـا دەرخسـتنی دەروونـی خـۆت، بـەڵام ئیـدواردو هاوڕێكـانی وێنەكێشـانیان هێنایە دەروونی خۆیان، بـۆ نموونـە هـاتووە خۆشەویسـتی، تـەلاق، جـودایی، گریان، حەسودی، نەخۆشی كێشاوە، بەبێ ئەوەی شەرم بكات هـاتووە نـاخی

خۆی دەرخستووە، منیش پێش ئەوەی لەو ڕێبازە بگەم ئەو کارەم ئەنجامدا، من لەخۆم نەدەگەیشتم، بەڵام مامۆستاکان لەمن دەگەیشتن.

*** لەکۆتاییدا چ تێبینیەکت یا پێشنیارێکت لەسەر ئەدەبیاتی ئێستا هەیە؟**

– بەداخەوە وەك تۆش بۆت دەرکەوت زۆر دووركەوتومەتەوە لەو کەشە ئەدەبیەی لەکوردستانی خۆماندا هەیە، بەڵام من گەشەیەکی یەکجار بەرین دەبینم چ لەنووسینو چ لەئەدەبیات، شتێك چونکە ئێستا ئێمە لەناوەندیداین بەچاکی نایبینین.

# چەند نموونە لەشیعرەکانی

# حسێن شەبەق

## نوگرۆ سەلمان

لەناو غوبارو رملی بیاباندا
ئەوەتا هەراشێکی سەروپۆتراک حەشار
ئەوەتا دووەم خاڵی رەشی مێژووی عەرەب
ئەوەتا دووهەم هەرا، دووهەم غاری غوبار

لێرە لەسێ کوچکەی کەعبەو بەغداو بەعسا
ئاسمان ئارەقی شەرمی لەتەوێڵی دەسڕێ
لێرە بوونەوەر دەڕۆن، دەفڕن، دەخۆشن
لێرە خاک دەنک دەنک لەخۆی بزر دەبێ

لێرە لەخەڵوەتی خاکی قرخاوی غوبارا
ژینتان لەتەلیسمی ئایەتی ئەنفال دایە
لەسنووری ئومەتی هەڵبژاردنی خودا
کوردستانێک بەزیندوویی لەچاڵ دایە

ئێرە وڵاتی سامو سکووتو ترسانە
ئێرە سێگوشەی مەککەو بەغداو بەعسێکانە
ئێرە پڕخۆفترین حەقیقەتی بێڕەحمی عەرەبو
رازی گۆڕی بەکۆمەڵی نوگرۆ سەلمانە؟

شەبەق– نەرویج
٢٠٠٨/٦/٥

# یاری جاران کوان؟

وەفاداران، وەفاداران، وەفاداران، کوان؟
یاری جاران، یاری جاران، یاری جاران، کوان؟

عاشقانی نێو تەلانو سەخرە ساران، کوان؟
دڵ پەرەستی، گوڵ پەرەستی، سەوزەزاران، کوان؟

ئەو دڵانەی کەهێلانەی عیشقی شیرین بوون
ئەو گوڵانەی کەپەیمانەی جتەرگی خوێنین بوون

وەی لەڕاو و، وەی لەداو و ، وەی لەچاوی من
شەونخوونیو بیرەوەری ئاڵۆزاوی من

وەفاداران، یاری جاران، یادگاری زوو
لەدووریتان، دڵی شەیدام، ئاوری تێبەربوو

بۆتێ
١٣٦٩(١٩٩٠)



# بۆ هەواران دێمەوە

شەوی ئەنگوستە چاو دەبڕم
بەربەیانی دێمەوە
خۆ لەعیشقی شەم دەدەم
بۆ ژوانی دێمەوە

ترپەی دڵی ئەم شۆڕشەم
شەو لەسوێ یان دێمەوە
گڕ لەشەوگار بەردەدەم
بەگڕ باران دێمەوە

لەسەر لووتکەی بەرزی هیوام
ڕۆژو شەو دەشنێمەوە
بۆ ئەوینێک سەر دەدەم
وەک هەزاران دێمەوە

وەک هەزاران ئارەزووم
دەچمە گیانی تازەوە
دەبمە تۆی شینی بەهار

بۆ هەواران دێمەوە
چاو بەچاوام چا دەکەم
رووح بەگیانا دادەکەم
وەک شەماڵی خەم رەوێن
بۆ بێساران دێمەوە

رێ! بەمن رێ یە
شاخ ! بەو دەمی من دەژی
باوەشی دەشت بۆ منە
بۆچە مشاران دێمەوە

×××

ساوەرن بیگرنەوە
هەرچی رێگەو رێچەیە
ساوەرن بیسڕنەوە
هەر کوێ شوێن پێی من هەیە

من دڵی شاری سنەم
شاخی هەورامانی چڕ
شانو باهۆی پاوەمە
مێشکی کوردستانی پڕ

×××



ساوەرن بی بڕنەوە
چیەی ناومەیدانی کار
ئیعدامی کەن یەک بەیەک
دەنگو باسو خەڵکی شار

گڕو ئاورینگی راسانم
لەکوورەو کانو کارگا
چی لەدەریا دەکەن؟!
هەمیسان هاکا تۆفان کا!

×××

رێ مەدەن دەنگ بێتە دەر
رێ مەدەن باس بێتەوە
رێ مەدەن سامی شەو بشکێ
ئاوری گیان هەستێتەوە

رێ مەدەن پێ خوستانی شار
کۆڕو کۆمەڵ سازبکەن
بێ بەهاواری یەکگری
راستەقینە باس بکەن

چی لەتواناتان هەیە؛
رێکی خەن ئامادەو تەیار

تەک تەکی ئەو خەڵکە بگرن
بێ بەزیندان دێو شار

×××

ئەو گڕەی والەسەرما بوو
دێتو گڕ دەگرێتەوە
شارو گوندی کوردەواری
پڕپەپڕ دەگرێتەوە

هەر قەترە خوێنێکم
ئاڵای باڵایەکی بەرزە
هەر دڵەوا لەڕێ دایەو
هەر رابەرە وا دێتەوە

رازی گەورەی سەردەمم
تا بکوترێ ئەم سەرەم
زەبری قیناوی ترە
جەنگاوەری کۆمەڵەم

زرگوێز
١٣٧٢ (١٩٩٣)